# دەستپێشخەرییەکەی سەرۆک بارزانی و پەلەکردن لە ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کوردستان



د. جعفرئیبراهیم ئێمینکی *

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

گومانی تێدا نییە کە تێکڕای خەڵکی کوردستان بە پەرۆش و ئومێدێکی گەورەوە چاوەڕوانن دەستپێشخەرییەکەی سەرۆك مسعود بارزانی ببێتە هۆکاری ئەوەی جارێکی دیکە نێوماڵی کوردستان ڕێکبخرێتەوە و حزبە سیاسییەکان بە دیدێکی بەرپرسیارانەتر مامەڵە لەگەڵ واقیعی ئێستای کوردستاندا بکەن، لەبەر ئەوەی ئەو دەرفەتەی بۆ کورد هاتۆتەپێشەوە ناکرێت لە دەست بدرێت و، ئەگەر خوانەخواستە ئەم دەرفەتە لەدەست بدرێت، لەوانەیە دەیان ساڵی دیکە دەرفەتی هاوشێوەی ئێستا نەیەتەوەپێش.

دەستپێشخەریی ئەمجارەی سەرۆك لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان و لەسەر بنەمای خەمخۆری بۆ ئایندەی ئەم نیشتمانە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە گرنگ و پێویستە بە چاوێکی کوردستانی و کوردپەروەرانە سەیری بکرێت و هەر لەو ئاستەش پێشوازی لێبکرێت، لەمەش زیاتر دەبێت هەموو حزبە سیاسییەکان ئەو واقیعە ببینن کە ئەمڕۆ کوردستان لە بەردەم مەترسی و هەڕەشەیەکی گەورەدایە، هەر بۆیە ئەگەر زەمینەیەك بڕەخسێندرێت بۆ ئەوەی دەستپێشخەریی ئەمجارەی سەرۆك سەرکەوتوو بێت، ئەوا هەموو لایەنە سیاسییەکان براوە دەبن، هەروەها جیا لەوەی لایەنە سیاسییەکان بەسەر لەمپەرێکی گەورەدا سەردەکەون، لە هەمانکاتدا ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کوردستانیش خۆشحاڵییەکی گەورە بە هەموو خەڵکی کوردستان دەبەخشێت، ئەمەش دەبێتە هۆکار و هاندەرێکی بەهێز بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بە یەکریزی و یەکهەڵوێستی لەم زریان و ئاڵۆزییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی داپۆشیوە، بە کەمترین زیان تێپەڕێنێت و بە قازانج بۆ دۆزە ڕەواکەمان بشکێتەوە. هەروەها زاڵبوون بە سەر ئەو لەمپەری چەقبەستووییەی ئەمجارە حزبەکان تێیکەوتوون، دەبێتە پەند و وانەیەك بۆ هەموو لایەك بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەو ئەزموونە تاڵە دووبارە نەکرێتەوە و کەسی دیکە پەنا بۆ گەمەی زۆرینە و کەمینەی پەرلەمانی نەبات و هەموو بگەینە ئەو قەناعەتەی لەم قۆناخەدا قەدەری ئێمە لە دیموکراتیەتی پێکەوەگونجان و پێکەوەسازانە.

ئاشکرایە لە وڵاتانی وەك ئێمە کە لە دەستپێکی پرۆسەی دیموکراسیدان و فرەحزبی بوونی هەیە و هێشتا بنەماکانی دیموکراتی بە تەواوەتی نەچەسپیوە، دیموکراتی بریتییە لە پێکەوەسازان و یەکتری قبوڵکردن و لە دەرەوەی ئەم ڕێسایە دیموکراتیەت بوونی نابێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەگەر ئەمە ڕێگەی ڕاستی پرۆسە سیاسییەکە بێت، ئەوا ناکرێت چیدیکە کات بەفیڕۆ بدەین و دەبێت هەموو لایەکمان پێکەوە دەرفەتەکان بقۆزینەوە و هیچ کام لەو دەرفەتانە لەدەست نەدەین، بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە هەرێمی کوردستان کە ئێستا دەوڵەتی ئەمری واقیعە بەرەو دەوڵەتی سەروەری ببەین.

لەم قۆناخە هەستیارەدا و بۆ ئەوەی هەموومان پێکەوە لە کاتێکی گونجاودا بە فریای هاوار و دەنگی کچی شەهیدێکی پێشمەرگە رابگەین، دەبێت پرسە نیشتمانییەکان بە گیانی هاونیشتمانیبوون مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، پێشتریش جارێکی دیکە ئاماژەم بەوە کردووە، ئەگەر بە ئەقڵییەتی ئۆقیانووسی وێنە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسانە بکەین، ئەوا هیچ لایەك لە لایەنە سیاسییەکان براوە نابێت، بۆیە واقیعی ئێستا لەسەرمان فەرزی دەکات بە

**دەستپێشـخەریی ئەمجـارەی سـەرۆک لەسـەر بنەمـای بەرژەوەندییـە باڵاکانـی گەلـی کوردسـتان و لەسـەر بنەمـای خەمخـۆری بـۆ ئاینـدەی ئـەم نیشـتمانە سـەرچاوەی گرتـووە، بۆیـە گرنـگ و پێویسـتە بـە چاوێکـی کوردسـتانی و کوردپەروەرانـە سـەیری بکرێـت و هـەر لـەو ئاسـتەش پێشـوازی لێبکرێـت، لەمـەش زیاتـر دەبێـت هەمـوو حزبـە سیاسـییەکان ئـەو واقیعـە ببینـن کـە ئەمـڕۆ کوردسـتان لـە بـەردەم مەترسـی و هەڕەشـەیەکی گەورەدایـە، هـەر بۆیـە ئەگـەر زەمینەیـەک بڕەخسـێندرێت بـۆ ئـەوەی دەستپێشـخەریی ئەمجـارەی سـەرۆک سـەرکەوتوو بێـت، ئـەوا هەمـوو لایەنـە سیاسـییەکان بـراوە دەبـن، هەروەهـا جیـا لـەوەی لایەنـە سیاسـییەکان بەسـەر لەمپەرێکـی گـەورەدا سـەردەکەون، لـە هەمانکاتـدا ڕێکخسـتنەوەی نێومالـّی کوردسـتانیش خۆشـحاڵییەکی گـەورە بـە هەمـوو خەڵکـی کوردسـتان دەبەخشـێت.**

ئەقڵیەتـی ئۆقیانووسـی شـین مامەڵـە لەگـەڵ یەکتـری بکەیـن، لـەم کاتـەدا هەمـوو لایەنـەکان بـراوە دەبیـن.

بـۆ ئەمـڕۆ ئەمەیـە چارەسـەری سـیحری بـۆ کردنـەوەی گرێکوێـرەکان و کرانـەوە لـەو چەقبەسـتوویيە سیاسـییەی بوونـی هەیـە، هـەر ئـەم میتۆدەشـە کـە هەمیشـە دیموکراتخـوازان لـە سەرانسـەری جیهانـدا بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان پەیـڕەوی دەکـەن، هەمـوو کاتیـش وەك دەرکەوتـووە، دیموکراتیخـوازان لـە ریـزی پێشـەوەن و هەمیشـەش بـراوەن.

ئـەوەی لـە ئێسـتادا مەزنـدەی بـۆ دەکرێـت ئەوەیـە خەریکـە فیلمـی داعـش بـەرەو کۆتایـی دەچێـت، بۆیـە دەبێـت پێـش ئـەوەی فیلمێکـی ترسـناکتر لـە داعـش لـەم ناوچەیـەدا دەسـت پێبکاتـەوە، ئێمـە لـە خەمـی ئـەوەدا بیـن ناوماڵـی هەرێمـی کوردسـتان باشـتر ڕێکبخەینـەوە، دەبێـت باشـتر لـە جـاران یەکتـری بخوێنینـەوە و باشـتر یەکتـری ببینیـن و دیالۆگـی بەرهەمـدار لـە نێوانمانـدا هەبێـت، لەمـەش گرنگتـر ئەوەیـە باشـتر لـە جـاران دەرفەتـەکان ببینیـن و هەوڵەکانمـان بـۆ ئـەوە بێـت بـە باشـترین شـێواز ئـەو دەرفەتانـە بـۆ بەرژەوەنـدی میللەتەکەمـان بقۆزینـەوە.

دەبێـت زۆر بـە باشـی واقیعـی ئێسـتای ناوچەکـە بخوێنینـەوە و هەڵوەسـتەی جـددی لەسـەر بکەیـن. ئەوەتـا ئایدیۆلۆژیـای ئایینـی توندڕۆ باڵـی بـە سـەر ناوچەکـەدا گرتـووە، ئەمـەش مانـای ئەوەیـە دەرفەتێکـی زۆر کەمـی لـە بـەردەم لایەنـە سیکولاریسـت و نەتەوەخـواز و دیموکراتخوازەکانـدا هێشـتۆتەوە، هەروەهـا وەك هەمموومـان دەیبینیـن ئەمـڕۆ بارودۆخـی ناوچەکـە بۆتـە سـەردەمی شـەڕ و ململانێـی ئایینـی و مەزهەبـی و ڕۆژ لـە دوای ڕۆژیـش ئـەم شـەڕ و ململانێیانـە پەرەدەسـێنێت و خوێناویتـر دەبێـت. ئەمـڕۆ بۆتـە سـەردەمێك ئـەو کارەکتەرانـەی ڕۆڵـی تێـدا دەگێـڕن بریتیـن لـە ئەردۆگان و سیسـتانی و موقتـەدا سـەدر و قـەرەزاوی و غەنوشـی و حـارس ئەلـزاری.

لـە بەرامبـەر ئەمـەدا دەبێـت کوردسـتانیش سـیمبولی نەتەوەیی و نیشـتمانی خـۆی هەبێـت، بـۆ ئـەوەی چیتر کوردسـتان نەکەوێتـە ژێـر هەژموونـی هیـچ سـیمبولێکی دیکـە جگـە لـە سـیمبولی نیشـتمانی و کوردسـتانی.

لـەم ڕوانگەیـەوە دەبێـت بەوجـۆرە سـەیری سـەرۆك بارزانـی بکرێـت کـە دەرفەتێکـە بـۆ ئاینـدەی کوردسـتان، لـەم ڕاسـتەوە ئەگـەر بـەو چـاوە یەکتـری بخوێنینـەوە، ئـەوە نـە کێشـە و گرفتـی سیاسـی لـە کوردسـتان بوونـی دەمێنێـت، نـە پەرلەمانیـش ڕۆژێـك لـە ڕۆژان پەکـی دەکەوێـت و نـە کورسـیی سـەرۆکایەتی هەرێمیـش دەبێتـە گرفـت.

گرنگـە لێـرەدا ئامـاژە بـەوە بکەیـن کـە ئـەوەی کوردسـتانییان سـاڵەهای سـاڵە خەونـی پێـوە دەبینـن، ئـەو بەهـا دیموکراتییـە هاوبەشانەیە لەگـەڵ نەتەوەکانـی دیکـە لـە جیهانـدا، ئەویـش ئەمـڕۆ لـە ڕادەبـەدەر لاواز بـووە. بۆیـە ئـەوەی ئەمـڕۆ لـە بەردەسـتی تێکـڕای کوردسـتان دەمێنێتـەوە، ئەوەیـە پەلـە بکـەن لـە ئـەوەی جارێکـی دی ناوماڵـی خۆیـان ڕێکبخەنـەوە، ئەگەرنـا ئـەوە دەبێـت بزانیـن شـەمەندەفەری ئەمجـارەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت زۆر تیـژڕەوە و ئەگـەر زۆر بـاش خۆمـان ئامادەنەکەیـن، بەجێمـان دەهێڵێـت، بۆیـە ناچـارم لـە دوماهیـدا بڵێـم خـوا ئەوانـە بگرێـت کـە دەبنـە هـۆکاری ئـەوەی ئـەم دەرفەتـە زێڕینـە لـە دەسـتی کـورد بچێـت!

---

*جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان



# کاتێک حەشدی شیعە جێگەی سوپای عێراق دەگرێتەوە

# عێراق دەبێتە شیعەستان و بە یەکجاری کۆتایی دێت



**خاڵێک کە بەردەوام وەک جێگەی هەڕەشە و مەترسی دەمێنێتەوە، وەرچەرخانی حەشدی شیعەیە بۆ ئەوەی جێگەی سوپای عێراق بگرێتەوە، هەروەک چۆن ئێستا وەک هەنگاوی یەکەم کراونەتە بەشێک لە سیستمی بەرگری عێراق، ئەگەر ئەم حەشدی شیعەیە ببێتە جێگرەوی سوپای عێراق. دیارە ئەم حەشدە هەر لە سەرەتاوە وەک میلیشیایەک بۆ بەرگری لە شیعە دروست کراوە، ئەوجا شیعە لە ئێران بێت، یان سووریا، یان لوبنان، یان یەمەن، بۆیە هەڵگری هیچ ئینتیمایەکی نیشتمانی نییە بێجگە لە ئینتیمایەکی مەزهەبی**

**حوکمڕانی شیعەی بەغدا هەوڵدەدات بۆ ئەوەی بە تەواوی کۆنترۆڵی بەشە عەرەبییەکەی عێراق بکات، مانۆڕێکی سیاسی لەگەڵ کوردستان پیادە بکات، لەم حاڵەتەدا ئەگەر نێوماڵی کوردستان یەکڕیز و یەکهەڵوێست بێت، ئەوا دەکرێت مامەڵە لەگەڵ ئەم مانۆڕە سیاسییەی عێراق بکرێت بۆ ئەوەی بە دیالۆگ و وتووێژ پرسی جیاکردنەوەی کوردستان لە عێراق لەگەڵ بەغدا یەکلایی بکرێتەوە، ئەم یەکهەڵوێستییەی نێوماڵی کوردستان و حزبە سیاسییەکان دەرگایەکی خێر بۆ چارەسەرکردنی شەڕی نێوان شیعە و سوننەش دەکاتەوە**

ئەوانەی وەك خۆبەخش چوونەتە ریزەکانی حەشدی شەعبی، هەموویان سەر بە مەزهەبی شیعەن و بۆ بەرگریکردن لە شیعە خۆیان ناونووس کردووە، دیاریشە حەشدی شەعبی وەك هێزێکی غەیرە دەوڵەتی کە لەسەر فەتوای ئایەتوڵا سیستانی مەرجەعی گەورەی شیعەکان لە نەجەف دروست بوو، لەبەر ئەوە بوو سوننە لە داخی حوکمڕانیی شیعە لە بەغدا پێشوازی لە داعش کرد، داعشیش ئەو کاتەی خۆی لە قاعیدە جیاکردەوە، خۆی وەك دوژمنی سەرەکی شیعە لە عێراق و سووریا راگەیاند، بۆیە شیعەش وەك کاردانەوەیەك بۆ داعش، حەشدی شەعبی لەسەر هەمان رێچکەی داعش بۆ دژایەتی سوننە دامەزراندووە. داعش چۆن شانازی بە کارە دڕندەکانی وەك سەربڕین و سووتاندنی مرۆڤ و بەکۆیلەکردنی مرۆڤ دەکات و لە رێگەی کەناڵەکانی خۆیەوە بە ڤیدیۆ بڵاویان دەکاتەوە، بەهەمان شێوە هێزەکانی حەشدی شەعبیش شانازی بەو کارە توندڕۆیی و دڕندانەوە دەکەن کە دوای کۆنترۆڵکردنەوەی شارە سوننە نشینەکانی عەرەب ئەنجامی دەدەن، لەمەش زیاتر ئەوانیش بە هاوشێوەی داعش ئەو کارە دڕندانە بە رێگەی تۆرەکانی کۆمەڵایەتی بە شێوەی ڤیدیۆ بڵاوی دەکەنەوە.

لای داعش ئوممەی ئیسلامی بریتییە لە سوننەی سەلەفی جیهادی قیتالی، بۆیە ئەوەی نەکەوێتە چوارچێوەی ئوممەی ئیسلامی بە تێگەیشتنی داعش ئەوا وەك کافر و مورتەد سەیر دەکرێت و خوێنی حەڵاڵ دەکرێت، ئەم بۆچوونە نەك هەر شاراوە نییە، بەڵکو لە رێگەی گۆڤاری (دابق)ەوە کە وەك زمانحاڵی داعش بە ئینگلیزی بڵاودەکرێتەوە، زۆر بە شانازییەوە بەرگری لێدەکرێت، تەنانەت هەتا ئەگەر زانایەکی سوننە داوای میانڕۆیی بکات، ئەوان وەك لادەر و تێنەگەیشتوو لە ئیسلام مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، لەمەش زیاتر تێگەیشتنی داعش بۆ گێڕانەوەی خەلافەت و دەوڵەتی ئیسلامی، هەمان بۆچوونی ئیخوان موسلیمنی میسر و ئەندامانی رێکخراوی قاعیدەیە، بەڵام جیاوازی نێوان داعش و ئیخوان و قاعیدە لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، کاتێك ئیخوان موسلمین دامەزرا، دەوڵەتانی عەرەبی کۆلۆنیالی دەوڵەتانی رۆژئاوا بوون، کاتێکیش ئۆسامە بن لادن رێکخراوی قاعیدەی راگەیاند، سەرانی دەوڵەتانی عەرەبی هاوپەیمانی رۆژئاوا بوون، بۆیە ئەم ئامانجەیان گرێدایەوە بە داژیەتیکردنی رۆژئاواوە، بەڵام کاتێك داعش خۆی راگەیاند، حوکمڕانی لە عێراق و سووریا بە دەستی شیعەوە بوو، هەروەها هەردوو دەوڵەتەکەش لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پشتگیری دەکران، کە دروشمی ئەم دەوڵەتە هەر لەساڵی ١٩٧٩وە هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی شیعە بووە بۆ دەرەوە و لەم پێناوەشدا ئێران بە هەزاران ملیۆن دۆلاری خەرج کردووە و پشتگیری لە هەموو ئەو میلیشیا و گروپانە کردووە کە لە پێناوی بەرگریکردن لە شیعە لە ناوچەکەدا بوونیان هەبووە.

لەم روانگەیەوە ئەگەر سەیری مێژووی پێش ٢٠١٤ی داعش بکەین، دیارە تا ئەو بەروارە داعش ناوی رێکخراوی قاعیدەی لقی عێراق بووە، ئەمەش بەو مانایەی ستراتیژیەتی قاعیدەی عێراق هەمان ستراتیژیەتی قاعیدەی ئەفغانستان بووە بۆ گێڕانەوەی خەلافەت و دەوڵەتی ئیسلامی، بەڵام کاتێك لە ٢٠١٢ حوکمڕانی بە تەواوەتی کەوتە دەستی شیعە لە عێراق و لە سووریاش بەشار ئەسەد زیاتر توندوتیژی و کاری دڕندانەی دژی سوننەی وڵاتەکەی پیادەکرد، ئەوا سەرانی قاعیدە لە عێراق و سووریا گەیشتنە ئەو قەناعەتەی ئەوەی بەشار ئەسەد و حوکمڕانی شیعەی عێراق بە سوننەی دەکات، زۆر زۆر خراپترە لە ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمان، بۆیە ئەوانیش خۆیان لە قاعیدە جیاکردەوە و رایانگەیاند کە ئامانجی ئەوان دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامییە لە عێراق و شام کە کورتکراوەکەی دەبێتە (داعش).

قاعیدە بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵ چالاکیی تیرۆریستی لە سەرانسەری جیهان ئەنجامدا و پاشان بووە هۆکاری ئەوەی لە ٢٠٠١ ئیمارەتەکەی مەلا عومەری تالیبان لە ئەفغانستان بڕووخێت، بەڵام داعش تەنیا لەماوەی شەش مانگدا توانی دەوڵەتێکی بەرفروان لەسەر خاکی عێراق و سووریا دابمەزرێنێت، ماوەی زیاتر لە ٢٦ مانگیشە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش هێرشی دەکاتە سەر، بەڵام هێشتا دەوڵەتەکەی داعش نەڕووخاوە.

مانەوەی دەوڵەتەکەی داعش، بەو مانایە نییە کە ئەم دەوڵەتە هەر دەمێنێت و ناڕووخێت، بەڵکو هۆکاری سەرەکیی مانەوەی داعش و دەوڵەتەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە عەرەبی سوننە لە سووریا و عێراق بەدیل و ئەلتەرناتیڤی دیکە شك نابەن، واتە ئەو کاتەی لە دەستی داعش لە سووریا و

عێراق رزگاریان دەبێت، دەکەونەوە ژێر دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکەی بەشار ئەسەد و لە عێراقیشدا وەك لە ئەنبار و فەلوجە و تکریت بینیمان لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبی شیعەوە، وەك هاووڵاتی یان پێکهاتەیەکی عێراق سەیر ناکرێن و هەموو عەرەبی سوننە وەك داعش مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، بۆیە لەم بارودۆخەدا عەرەبی سوننە کەوتوونەتە نێوان دوو شەیتانەوە و بە ناچاری شەیتانی داعش هەڵدەبژێرن. ئەمەش وایکردووە تەنانەت ئەگەر داعشیش لەناو بیرێت، فیکری داعش و لە داعشیش خراپتر سەر هەڵدەداتەوە.

**● مەترسییەکانی بەشداریکردنی حەشدی شیعە لە ئازادکردنەوەی شاری موسڵدا**

ئەوەی پێی دەگوترێت حەشدی شەعبی لە بنەڕەتدا جۆشدانی گەل نییە بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، بەڵکو جۆشدانی شیعەیە بۆ لەناوبردنی سوننە، کەواتە چۆن داعش کوشتنی شیعە حەلاڵ دەکات بە تێگەیشتنی خۆی، بە هەمان شێوە حەشدی شیعەش کوشتنی سوننەی حەلاڵ کردووە. جیاوازیی نێوان جیهادی شیعە کە حەشدی شەعبی نوێنەرایەتی دەکات، لەگەڵ جیهادی سوننە کە داعش نوێنەرایەتی دەکات، تەنیا ئەوەندەیە لە جیهانی ئیسلامیدا سوننە زۆرینەیە و راشکاوانەتر بیروبۆچوونە توندڕۆکانی خۆیان دەخەنەڕوو، لە بەرامبەردا لە جیهانی ئیسلامیدا شیعە کەمینەیە، بۆیە شیعە لەم شەڕەدا هەوڵی ئەوەی داوە سوننە لە داعشدا بچووك بکاتەوە و بەرامبەر بە هەندێك پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی دیکە لە ناوچەکە جۆرێك لە نەرمی پیشان بدات بۆ ئەوەی خۆی مەزڵووم و سوننە وەك زاڵم پیشان بدات، بەڵام لەو کاتەی بۆیان دەچێتەسەر و لە میانەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژی داعش کە شارێکی سوننە کۆنترۆڵ دەکەنەوە، ئەوا بە هەمان شێوە هەرچی بۆیان بکرێت، دژی دانیشتووانە سوننە عەرەبەکەی دەکەن و بەناوی تێوەگلان لە تیرۆر، رق و کینەی ١٤٠٠ ساڵ لەمەوپێشی شیعە و سوننەیان پێدەڕێژێت.

ئەم ئاراستەیە بەرەو هاوکێشەیەکی تێکەڵاومان دەبات کە ئەمیش پەلکێشمان دەکات بۆ شەڕێکی تێکەڵاو. راشکاوانەتر نە شەڕی داعش دژی لایەنی بەرامبەر شەڕیکە تەنیا دژی هێزێکی سەربازی، نە شێوازی شەڕی حەشدی شیعەش تەنیا شەڕێکە دژی چەکدارەکانی داعش، بەڵکو لە هەردوو حاڵەتدا شەڕی هەردوولایان شەڕێکی تێکەڵاوە هەم دژی چەکدارەکان، هەمیش دژی ئەو هاووڵاتییە مەدەنییانەی لە شارەکاندا دەمێننەوە، ئەمەش بەو مانایەی چۆن کە داعش هێرش دەکاتە سەر شوێنێك، هاووڵاتیانی سڤیلی ئەو ناوچانە بێجگە لە بەرگریکردن کە هەتا پێیان بکرێت بەرگری دەکەن و خۆیان نادەن بەدەستەوە، پاشانیش کە نەیانتوانی بەرگری بکەن، هەڵدێن و ئاوارە دەبن، بەهەمان شێوەش لە هەر بەرەیەکی شەڕدا حەشدی شیعە بەشداری بکات، ئەوا هاووڵاتیانی ناوچە سوننەنشینەکان ناتوانن وەك هێزێکی نیشتمانی پێشوازی لە هێزێکی مەزهەبگەرای شیعە بکەن، بۆیە بە ناچاری یان ئەوەیە شانبەشانی داعش بەرگری دەکەن، یان ئەوەیە هەڵدێن و ئاوارە دەبن، هەروەك چۆن ئێستا نزیکەی ١,٥تا ٢ ملیۆن عەرەبی سوننە هەڵاتوون و روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە.

لەم روانگەیەوە قسە و باسی گرنگ لەسەر ئاستی تەواوی میدیاکانی جیهان و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، ئەوەیە کە هێزی حەشدی شیعە بەشداری پرۆسەی ئازادکردنەوەی شاری موسڵ نەبێت، لەبەر ئەوەی لە تێڕوانینی هەمووانەوە لەوانەیە کارەساتێکی گەورەی مرۆیی رووبدات و بە سەدان هەزار کەس ئاوارە بن.

**● حەشدی شیعە بۆ چ ئامانجێك پێداگیری لە بەشداریکردنی شەڕی موسڵ دەکات؟**

یەك دوو رۆژە زۆر بە جددی و بە ئاشکرا فەرماندە دیارەکانی حەشدی شیعە لێدوان بەو ئاراستەیە دەدەن کە بەشداری شەڕی ئازادکردنەوەی موسڵ دەکەن و هیچ هێزێکیش نییە بتوانێت رێگریان لێ بکات، سەرباری ئەمەش حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق بۆ ئەوەی شەرعییەت بە بەشداری حەشدی شیعە بدات، ناوی حەشدی گۆڕیوە بە هێزی قەڵاچۆکردنی تیرۆر (قوات مكافحة الارهاب)، ئەمەش بەو مانایەی ئەم هێزە بەشێکە لە هێزی بەرگری نیشتمانی عێراق و دەبێت هەموو لایەك وەك هێزێکی نیشتمانی مامەڵەی لەگەڵ بکات.

ئەگەر لێرەوە تەنیا هەڵوەستە لەسەر ئەو ناوانە بکەین کە بۆ جۆشدانی شیعە دژی سوننە بە ناوی (الحشد الشعبی) دامەزراوە، دەبینین وشەی (الشعب) مانای گەل ناگەیەنێت، بەڵکو مانای تائیفەیەکی دیاریکراو دەگەیەنێت کە شیعەیە، هەر

**لە هەموو بارێکدا ئەگەر هەتا کۆتاییهاتنی داعش، بڕیاری سەربەخۆیی کوردستانیش رانەگەیەنین، ئەوا پارێزگاریکردن لە دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان و ئەو ناوچە کوردستانیانەی کە هێزی پێشمەرگە بە خوێنی خۆی ئازادی کردووە، ئەوا پرسێك دەبێت کە ناکەوێتە چوارچێوەی ئەوەی قسەی لەسەر بکرێت**

**هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە قەناعەتێکی تەواو بەوەی جارێکی دیکە ناکرێت و نابێت چارەنووسی کوردانی ئێزدی و شەبەک و هەروەها برایانی کریستیان چ لە پارێزگای نەینەوا و چ لە ناو شاری موسڵ بکەونەوە بەر هەڕەشەی سەرکوتکردن و پاکتاوکردنی رەگەزی و ئایینی، بۆ ئەمەش هەرێمی کوردستان سەلماندوویەتی کە خاوەنی هێزی پێشمەرگەیە وەك سوپای کوردستان و دەتوانێت چارەنووسی ئەو پێکهاتە جیاوازانە بپارێزێت**

**داعش چۆن شانازی بە کارە دڕندەکانی وەک سەربڕین و سووتاندنی مرۆڤ و بەکۆیلەکردنی مرۆڤ دەکات و لە ڕێگەی کەناڵەکانی خۆیەوە بە ڤیدیۆ بڵاویان دەکاتەوە، بەهەمان شێوە هێزەکانی حەشدی شەعبیش شانازی بەو کارە توندڕۆیی و دڕندانەوە دەکەن کە دوای کۆنترۆڵکردنەوەی شارە سوننە نشینەکانی عەرەب ئەنجامی دەدەن، لەمەش زیاتر ئەوانیش بە هاوشێوەی داعش ئەو کارە دڕندانە بە ڕێگەی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی بە شێوەی ڤیدیۆ بڵاوی دەکەنەوە**

**ئەوانەی وەک خۆبەخش چوونەتە ریزەکانی حەشدی شەعبی، هەموویان سەر بە مەزهەبی شیعەن و بۆ بەرگریکردن لە شیعە خۆیان ناونووس کردووە، دیاریشە حەشدی شەعبی وەک هێزێکی غەیرە دەوڵەتی کە لە سەر فەتوای ئایەتوڵا سیستانی مەرجەعی گەورەی شیعەکان لە نەجەف دروست بوو، لەبەر ئەوە بوو سوننە لە داخی حوکمڕانیی شیعە لە بەغدا پێشوازی لە داعش کرد، داعشیش ئەو کاتەی خۆی لە قاعیدە جیاکردەوە، خۆی وەک دوژمنی سەرەکی شیعە لە عێراق و سووریا ڕاگەیاند**

بۆیە فەتواکەی سیستانی بۆ حەشدی شیعە بە ناوی حەشدی شەعبی-یەوە، مانای ئەوەیە شەعب لە فەتواکەی سیستانیدا تەنیا شیعە دەگرێتەوە و پێکهاتەکانی دیکە ئەوجا عەرەبی سوننە بن، یان کورد، یان تورکمان و کریستیان، ئەوا دەبێت رازی بن لە ژێر سایەی حوکمڕانیی شیعەدا بمێننەوە، بەهەمان شێوە کاتێکیش حەیدەر عەبادی زاتی ئەوە دەکات ناوی حەشدی شیعە بگۆڕێت بۆ هێزی قەڵاچۆکردنی تیرۆر و وەك هێزێکی سەرەکی و نیشتمانیی هێزی بەرگری عێراق جێگەی بۆ دەکاتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە عێراق تەنیا نیشتمانی شیعەیە و ئەم هێزەش لە هەر شوێنێکی عێراق هەڕەشە هەبێت، ئەوا حەشدی شەعبی وەك سوپای نیشتمانی شیعە، ئەوجا ئەو نیشتمانە هەر وڵاتێك بێت، ئەوا مافی خۆیەتی بەشداری تێدا بکات و هیچ هێزێکیش نییە ڕێگری لێ بکات، هەروەك چۆن میلیشیاکانی حەشدی شیعەی عێراق خۆبەخشانە لەگەڵ هێزەکانی حزبوڵای لوبنانی بەشدارییان لە شەڕەکانی سووریا کردووە بۆ مانەوەی ڕژێمە عەلەویەکەی ئەسەد، بۆ ئەمەش نە هێزەکانی حزبوڵای لوبنانی و نە میلیشیاکانی حەشدی شیعەی عێراق ئەوەیان نەشاردۆتەوە کە ئەوان شەڕ لە پێناوی مانەوەی ئەسەد دەکەن و راشکاوانە رایانگەیاندووە شەڕی ئەوان بۆ (بەرگریکردنە لە شیعە و شوێنە پیرۆزەکانی، نەك شەڕکردن بێت بۆ بەرگریکردن لە بەشار ئەسەد)، ئەم دروشمە کە دروشمی ئاشکرای حزبوڵای لوبنانی و حزبوڵای عێراق و تەواوی میلیشیاکانی حەشدی شیعەیە، ئەو راستییەمان پێدەڵێت کە هەتا ئەو کاتەی بەشار ئەسەد بەرگری لەشیعە بکات، ئەوا هەموو شیعەی جیهان ئامادەدەبن بەرگری لێ بکەن و لە پێناوی مانەوەی خۆیان بەخت بکەن.

ئەوەی لێرەدا مەترسی لە سەر چارەنووسی ناوچەکە لە بابولمەندەب-ەوە تا بەندەری عەقەبە دروست دەکات، پێناسەکردنەوەی مانای گەل و نیشتمانە لە تێڕوانین و تێگەیشتنی جیهادی شیعە و سوننەدا، هەروەك چۆن سوننەی عێراق کاتێك لە دەسەڵاتدا بوون تا ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراقدا، ئەم وڵاتەیان بەوجۆرە پێناسە دەکرد کە بەشێکی جیانەکراوەیە لە نیشتمانی عەرەبی (واتە نیشتمانی عەرەبی سوننە) بە هەمان شێوە ئێستا کە شیعە حوکمڕانە لە بەغدا هەوڵەکانی بەو ئاراستەیەن کە



عێراق بە شێکی جیانەکراوەیە لە جیهانی شیعە و لە هەر شوێنێك شیعە مەترسی کەوتەسەر، ئەوە ئەرکی عێراقە بەرگری لێبکات، ئەگەر شیعەی عێراقیش مەترسی کەوتەسەر، دەرگای عێراق والآیە بۆ ئەوەی حزبوڵای لوبنانی و هێزەکانی ئێران وەك وڵاتی خۆیان بێنە عێراق و بە هانای شیعەوە بێن، ئەمەش ئێستا واقیعێکە کە هەموو لایەك بە چاوی خۆمان دەیبینین. بۆیە مەترسییەکە لای داعشەوە بێت کە دەیەوێت خەلافەتی ئیسلامی بە حیساب بگێڕێتەوە، بۆ ئەوەی پێناسەی نەك عێراق، بەڵکو هەموو ئەو دەوڵەتانەی عەرەبی سوننەیان تێدا دەژین وەك دەوڵەتی سوننەی عەرەب پێناسە بکاتەوە و هەموو پێکهاتەکانی دیکە بە جیاوازی نەتەوە و ئایینیانەوە بکاتە ژێردەستە و کۆیلەی عەرەبی سوننە، ئێستا حەشدی شیعەش



بە هەمان ئاراستە هەنگاو هەڵدەگرێت و لە بری حکومەت و سوپای عێراق خۆی بڕیار دەدات و داوا لە هەموو عێراقییەکانیش دەکات بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکانەوە ملکەچی فەرمانەکانی ئەو هێزە میلیشیایە بن، ئەمەش نەك مەترسییە بۆ سەر ئایندەی گەلێك، یان نەتەوەیەك، یان مەزهەبێکی جیاواز، بەڵکو هەڕەشەیە بۆ خاکێك کە هەوڵدەدرێت بە زۆر بکرێت بە شیعەستان.

**● پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ**

**پرۆسەی کۆتاییهاتنی عێراق دەبێت بە یەکجاری**

ئێستا کە باس لە پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ دەکرێت، ئاشکرایە باس لە ناو شاری موسڵ و ئەو یەك دوو شارۆچکەیەی وەك گەیارە و شەرگات دەکرێت کە عەرەبی سوننەی تێدا نیشتەجێن، هەروەها تەلەعەفەریش لە باکوورەوە کە زۆرینەی تورکمانی شیعەمەزهەبی تێدا نیشتەجێ بوون و ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی داعشدان، نەك پارێزگای نەینەوا کە سنوورەکەی لە شنگالەوە تا دەگاتە بێجی، بەڵکو موسڵ ناوشاری موسڵ و ئەو یەك دوو شارۆچکەیە، ئەو شوێنانەشی لە دەشتی نەینەوا و پارێزگای نەینەوا کورد و پێکهاتەکانی دیکەی تێدا نیشتەجێ بوون و داعش داگیریکردن و پاشان لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگە ئازادکرانەوە، ئەوا چارەنووسی ئەو ناوچانە یەکلایی بوونەتەوە و ئەگەر ڕێوشوێنێکیش بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی گەڕانەوەی ئەو ناوچانە فۆرمێکی یاسایی وەربگرێت، ئەوا لە ئێستاوە ئاکامی چارەنووسی ئەو ناوچانە دیارە و کورد و پێکهاتەکانی دیکەی ئەو ناوچەیە کە هەڵاتن لە ژێردەستی، خۆیان

وەك ریفراندۆم بڕیاریان داوە کوێ هەڵدەبژێرن، بە خواستی خۆشیان ژیانیان لە هەرێمی کوردستان هەڵبژاردووە، کەواتە موسڵ وەك ئەوەی ئێستا لەژێر دەستی داعشە جیاوازە لە پارێزگای نەینەوا کە بەشی زۆری بە دەستی پێشمەرگە ئازادکراوەتەوە.

دیارە ئێستا لەسەر پرسی ئازادکردنەوەی موسڵ و شێوازی بەڕێوەبردنی موسڵ لە دوای داعش، تێکەڵاوییەکی ئەنقەست لەلایەن هەردوو لایەنی شیعە و سوننەوە هەیە و کوردستانیش تێڕوانینی خۆی هەیە بەمجۆرە:

١. عەرەبی سوننە کە لە ناو شاری موسڵ و چەند شارۆچکەیەکی باشووری موسڵ زۆرینە پێکدەهێنن و هەتا ساڵی ٢٠٠٣ کە حکومەتی بەعس لە دەسەڵاتدا بووە، هەوڵیانداوە بەشی زۆری موسڵ بکەن بە عەرەب، ئێستا دەزانن بارودۆخەکە گۆڕاوە و جارێکی دیکە پارێزگای نەینەوا نابێتەوە بە پارێزگای نەینەوای پێش حوزەیرانی ٢٠١٤، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەن، دوای ئازادکردنەوەی موسڵ، پارێزگای نەینەوا بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆی فیدراڵ و بە شێوازێکی دیکە بەڕێوەببرێت. راشکاوانەتر پارێزگای نەینەوا هەرێمێك بێت لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا، دیاریشە دەوڵەتێکی فیدراڵی دەڵێن کە نە عەرەبی سوننە و نە عەرەبی شیعە بڕوایان پێی نییە. دیارە سەبارەت بەم پێشنیارە پێناچێت حکومەتی شیعەی ناوەند مل بداتە بەر پێشنیارێکی لەوجۆرە، ئەمەش لەو روانگەیەوە ئەگەر نەینەوا بووە هەرێم دیارە ئەنبار و تکریتیش داوای هەرێمی سەربەخۆ دەکەن، دوای ئەمانە دەبێت بەغداش وەك گەورەترین شاری سوننە و شیعە و کورد دەبێت بکرێتە هەرێم و ئەویش دابەش بکرێت، بەمەش شیعە کە سەدان ساڵە خەون بە حوکمڕانیی بەغداوە دەبینێت، ئەو خەونەی لەبار دەچێت، بۆیە شیعەی حوکمڕان لە ناوەند بە پێشنیاری بە هەرێمکردنی نەینەوا رازی نابن.

٢. لە تێڕوانینی شیعەی حوکمڕانیی ئێستای عێراقیشەوە، نەك هەر سەبارەت بە ئایندەی پارێزگای نەینەوا، بەڵکو ئایندەی عێراق بەوجۆرە سەیر دەکەن کە بەشێکی دانەبڕاو بێت لەو ستراتیژیەتەی شیعە کە بازنەی شیعە لە بابولمەندەبەوە بۆ بەندەری عەقەبە تەواو دەکات، نەك تەنیا هیلالی شیعی کە تەنگەی هورمز بە بەندەری عەقەبەوە گرێدەداتەوە، لەم روانگەیەوە شیعە بە مافی خۆی دەزانێت کە عێراق وەك نیشتمانی شیعە سەیر بکات، هەروەك چۆن ئێستا شیعەی فارس لە ئێران نەك هەر ئێران بە بەشێك لە نیشتمانی شیعە دەزانێت، بەڵکو دەوڵەتی ئێرانی خستۆتە خزمەتی بەرفراوانکردنی مەدی شیعە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، لەم روانگەیەوە حوکمڕانی لە عێراقدا ئەگەر بۆیان بچێتەسەر بەرەو ویلایەتی فەقی دەڕوات، ئەمەش بەو مانایەی نەك تەنیا دروستکردنی دەوڵەتێکی سەنتراڵی بەهێزی دیکتاتۆری، بەڵکو دەوڵەتێکی تیوکراتی بەهێزی لە سەر بنەمای مەزهەبی شیعە، لەمەشدا ئەگەر شیعەی فارس کە کەمینەیە لە ئێراندا ئەمەی بۆ چووبێتەسەر، ئەوا شیعەی عێراق کە زۆرینەیە ئەگەر بۆی بچێتە سەر زۆر ئاسانتر ئەم روانگەی شیعە بۆ حوکمڕانی لە سەرتاسەری عێراقدا جێبەجێ دەکات، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش حەشدی شیعە پێداگیری دەکات بەشداری لە شەڕی موسڵ بکات بۆ ئەوەی داوای شەڕەکە وەك غەنیمەی شەڕ مامەڵە لەگەڵ ئایندەی موسڵ و نەینەوا بکات.


٣. لە بەرامبەر ئەم دوو تێڕوانینە مەزهەبگەراییە شۆڤێنییە، تێڕوانینێکی دیکەی ئازادیخوازانە و مرۆڤدۆستانە هەیە کە ئەویش تێڕوانینی هەرێمی کوردستانە بۆ ئایندەی بەڕێوەبردنی ناو شاری موسڵ و تەواوی پارێزگای نەینەوا، تێڕوانینەکەش بەمجۆرەیە:

١. هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە قەناعەتێکی تەواو بەوەی جارێکی دیکە ناکرێت و نابێت چارەنووسی کوردانی ئێزیدی و شەبەك و هەروەها برایانی کریستیان چ لە پارێزگای نەینەوا و چ لە ناو شاری موسڵ بکەونەوە بەر هەڕەشەی سەرکوتکردن و پاکتاوکردنی رەگەزی و ئایینی، بۆ ئەمەش هەرێمی کوردستان سەلماندوویەتی کە خاوەنی هێزی پێشمەرگەیە وەك سوپای کوردستان و دەتوانێت چارەنووسی ئەو پێکهاتە جیاوازانە بپارێزێت.

٢. سەبارەت بە پارێزگای نەینەوا، هەرێمی کوردستان رێگەچارە بەوجۆرە دەبینێت، هەم بۆ ئەوەی کارەساتی دیکە روونەداتەوە، لە هەمانکاتیشدا چارەنووسی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی بە یاسا چارەسەربکرێت، دروستکردنی چەند پارێزگایەك لە پارێزگای نەینەوای کۆن بە گرنگ دەزانێت، بۆ ئەوەی ئەم پارێزگایانە خۆیان بڕیار بدەن ئایا دەبن بە هەرێمێك لە چوارچێوەی هەرێمی نەینەوا، یان

**حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق بۆ ئەوەی شەرعییەت بە بەشداری حەشدی شیعە بدات، ناوی حەشدی گۆڕیوە بە هێزی قەڵاچۆکردنی تیرۆر (قوات مكافحه الارهاب)، ئەمەش بەو مانایەی ئەم هێزە بەشێکە لە هێزی بەرگری نیشتمانی عێراق و دەبێت هەموو لایەک وەک هێزێکی نیشتمانی مامەڵەی لەگەڵ بکات**

**کاتێک داعش خۆی راگەیاند، حوکمڕانی لە عێراق و سووریا بە دەستی شیعەوە بوو، هەروەها هەردوو دەوڵەتەکەش لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پشتگیری دەکران، کە دروشمی ئەم دەوڵەتە هەر لە ساڵی ١٩٧٩وە هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی شیعە بووە بۆ دەرەوە و لەم پێناوەشدا ئێران بە هەزاران ملیۆن دۆلاری خەرج کردووە و پشتگیری لە هەموو ئەو ملیشیا و گروپانە کردووە کە لە پێناوی بەرگریکردن لە شیعە لە ناوچەکەدا بوونیان هەبووە**



Republic of Iraq
Prime Minister's Office

جمهورية العراق
مكتب رئيس الوزراء
العدد: م. ر. و. /٥٩/ ٢٦٥٠
التاريخ ٢٤ / ٢ / ٢٠١٦

امر ديواني / ٩١

استناداً الى احكام المادة (٧٨) من الدستور،

وبناءً على مقتضيات المصلحة العامة، ولغرض اعادة تشكيل وتنظيم هيئة الحشد الشعبي والقوات التابعة لها.

قررنا ما يأتي:-

١. يكون الحشد تشكيلاً عسكرياً مستقلاً وجزءاً من القوات المسلحة العراقية ويرتبط بالقائد العام للقوات المسلحة.

٢. يعمل هذا التشكيل بنموذج يضاهي (جهاز مكافحة الارهاب) الحالي من حيث التنظيم والارتباط.

٣. يتألف التشكيل من قيادة وهيئة أركان وصنوف وألوية مقاتلة .

٤. يخضع هذا التشكيل ومنتسبيه للقوانين العسكرية النافذة من جميع النواحي .

٥. يتم تكييف منتسبي ومسؤولي وآمري هذا التشكيل وفق السياقات العسكرية من ترتيب ورواتب ومخصصات وعموم الحقوق والواجبات .

٦. يتم فك ارتباط منتسبي هيئة الحشد الشعبي الذين ينضمون الى هذا التشكيل عن كافة الاطر السياسية والحزبية والاجتماعية ولايسمح بالعمل السياسي في صفوفه .

٧. يتم تنظيم التشكيل العسكري من هيئة الحشد الشعبي بأركانه وألويته ومنتسبيه ممن يلتزمون بما ورد آنفاً من توصيف لهذا التشكيل وخلال مدة ثلاثة اشهر .

٨. تتولى الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكامه .

د . حيدر العبادي
رئيس مجلس الوزراء
القائد العام للقوات المسلحة
٢٢ / شباط/ ٢٠١٦

صورة منه الى/
- وزارة الدفاع . أمانة السر العام .
- وزارة الداخلية . مكتب الوزير .
- مستشارية الامن الوطني .
- جهاز المخابرات الوطني العراقي .
- جهاز مكافحة الارهاب .
- جهاز الامن الوطني .
- هيئة الحشد الشعبي .
- قيادة العمليات المشتركة .

خۆیان دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە شێوازی بەڕێوەبردنی ناوشاری موسڵیش، دیارە ئەگەر شاری ئێستای موسڵ بە سنووری ئێستایەوە بووە پارێزگا، ئەوە مەسەلەیەکە و ئەگەر ناوچە کورد و کریستیانەکانی ناو موسڵ خرانە سەر پارێزگا تازەکان، ئەوەشیان مەسەلەیەکی دیکەیە، بەڵام ئەگەر شاری ئێستای موسڵیش بکرێتە پارێزگایەکی سەربەخۆ، ئەوا دەبێت ئیدارەی ئەو پارێزگا تازەیە بە شێوەیەك بەڕێوەببرێت کە هەموو پێکهاتەکان بەشدار بن و چارەنووس و ژیانی هەر پێکهاتەیەك پارێزراو بێت، سەبارە بەم بۆچوونەی هەرێمی کوردستان بۆ ئایندەی پارێزگای نەینەوا و بەڕێوەبردنی شاری موسڵ دوای داعش، جۆرێك لە ناڕازیبوون و تەحەددای عێراقی و دەوروبەر رووبەرووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە، بەڵام هاوسۆزییەکی گەورەی نێودەوڵەتی لە پشتە، بەتایبەتیش دەوڵەتی فاتیکان کە شانازی بەوە دەکات لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کوردستان تەنیا وڵاتە کریستیانەکانی لە مەترسی پاکتاوی رەگەزی و ئایینی پاراستووە و پێشمەرگەش توانای بەردەوامیدانی بەو پاراستن و پارێزگارییەی تەواوی پێکهاتەکانی پارێزگای نەینەوا هەیە.

لە نێوان ئەم سێ تێڕوانینە جیاوازە بۆ ئایندەی عێراق بە گشتی و ئایندەی موسڵ و نەینەوا بەتایبەتی، هەموو ئاماژەکان بەرەو ئەوە دەچن، بە ئازادکردنەوەی موسڵ بارودۆخە بە تەواوەتی لێك جیا ببێتەوە و ململانێیەکی توند لە نێوان هەر سێ بۆچوونە جیاوازەکە دێتەئاراوە و کە بە شێوەیەك لە مەحاڵ دەچێت مەزندەی ئەوە بکرێت لە نێوان ئەو سێ بۆچوونە جیاوازەدا جۆرێك لە رێککەوتنی ئاشتییانە بێتەئاراوە.

## ● قۆناخی پۆست داعش و پاراستنی کوردستان لەلایەن پێشمەرگەوە

لەگەڵ ئەوەی هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کوردستان و ژینۆسایدکردنی برا ئێزیدییەکانمان زامێکی هێندە قووڵە و بە ئاسانی سارێژ نابێتەوە، بەڵام ئەم شەڕەی داعش پرۆڤەیەك بوو کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەلماندی توانای پاراستنی کوردستانی هەیە، هەروەها هێزی پێشمەرگەی

**عەرەبی سوننە کە لە ناو شاری موسڵ و چەند شارۆچکەیەکی باشووری موسڵ زۆرینە پێکدەهێنن و هەتا ساڵی ٢٠٠٣ کە حکومەتی بەعس لە دەسەڵاتدا بووە، هەوڵیانداوە بەشی زۆری موسڵ بکەن بە عەرەب، ئێستا دەزانن بارودۆخەکە گۆڕاوە و جارێکی دیکە پارێزگای نەینەوا نابێتەوە بە پارێزگای نەینەوای پێش حوزەیرانی ٢٠١٤، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەن، دوای ئازادکردنەوەی موسڵ، پارێزگای نەینەوا بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆی فیدراڵ و بە شێوازێکی دیکە بەڕێوەببرێت**

**حەشدی شیعە لە بری حکومەت و سوپای عێراق خۆی بڕیار دەدات و داوا لە هەموو عێراقییەکانیش دەکات بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکانەوە ملکەچی فەرمانەکانی ئەو هێزە میلیشیایە بن، ئەمەش نەک مەترسییە بۆ سەر ئایندەی گەلێک، یان نەتەوەیەک، یان مەزهەبێکی جیاواز، بەڵکو هەڕەشەیە بۆ خاکێک کە هەوڵدەدرێت بە زۆر بکرێت بە شیعەستان**



کوردستان سەلماندی تەنیا هێزە کە لەسەر بنەمای ئینتیمای نیشتمانی شەڕدەکات و بەرگری لە خاك و هاووڵاتیانی دەکات بە جیاوازی نەتەوە و ئایینەوە، کە لە ئێستادا سوپا لەسەر مۆدێلی پێشمەرگە نەك هەر لە ناوچەکە، بەڵکو لە تەواوی جیهان بوونی نییە، سوپایەك توانای هەبێت تیرۆریستان تێکبشکێنێت و خاکەکەی لە تیرۆریستان پاك بکاتەوە، بۆیە لەم لایەنەوە جۆرێك لە دڵنیایی بۆ ئایندە سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان دوای کۆتاییهاتنی داعش دروست بووە، بەڵام مەترسیی ئەوەی کە ناچار دەبین بۆ پاراستنی کوردستان قوربانی بدەین، ئەمەیان هێشتا ئەگەرێکی نزیکە، لەبەر ئەوەی هەوڵدان بۆ ئەوەی بە زمانی ئاشتی و لێکتێگەیشتن کێشەکان لە گەڵ حکومەتە شیعەکەی بەغدا چارەسەر بکرێت، ئەگەر مەحاڵیش نەبێت، ئەوا شێوە مەحاڵێکە.

لە هەموو بارێکدا ئەگەر هەتا کۆتاییهاتنی داعش، بڕیاری سەربەخۆیی کوردستانیش رانەگەیێنین، ئەوا پارێزگاریکردن لە دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان و ئەو ناوچە کوردستانیانەی کە هێزی پێشمەرگە بە خوێنی خۆی ئازادی کردووە، ئەوا پرسێك دەبێت کە ناکەوێتە چوارچێوەی ئەوەی قسەی لەسەر بکرێت، ئەمەش مانای ئەوە دەبێت ئەگەر هەوڵێکی نێودەوڵەتیش هەبێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دەست پێبکاتەوە و بەشێوازی ئاشتییانە و دیالۆگ ئایندەی عێراق و ئەو ناوچانە دیاری بکرێت، ئەوا دەبێت هێزی پێشمەرگە سنووری ئێستای چۆن کۆنترۆڵ کردووە، بە هەمان شێوە لە ژێر دەستی خۆیدا بێت و پرۆژە یاسایەکی هەبێت، یان بۆ نموونە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، ئەوا دەبێت قۆناخەکانی جێبەجێکردنی ئەو ماددە دەستوورییە لە ژێر سایەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە لە رووی کردارییەوە ئەو ناوچە کوردستانییانە گەڕاونەتەوە سەر کوردستان، بەڵام ئەگەر بەرامبەر بیەوێت بە دیالۆگ بێت، ئەوا کوردستان رێگری لەوە ناکات.

لایەنێکی دیکەی پێشبینیکراوی قۆناخی پۆست داعش بۆ عێراق و کوردستان ئەوەیە کە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دوای نەمانی داعش عێراق دەبێتە دوو بەش، واتە عێراقی عەرەبی ( سوننە و شیعە) لەگەڵ دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان، لە قۆناخی یەکەمدا حوکمڕانی شیعەی بەغدا هەوڵدەدات بۆ ئەوەی بە تەواوی کۆنترۆڵی بەشە عەرەبییەکەی عێراق بکات، مانۆڕێکی سیاسی لەگەڵ کوردستان پیادە بکات، لەم حاڵەتەدا ئەگەر نێوماڵی کوردستان یەکڕیز و یەکهەڵوێست بێت، ئەوا دەکرێت مامەڵە لەگەڵ ئەم مانۆڕە سیاسییەی عێراق بکرێت بۆ ئەوەی بە دیالۆگ و وتووێژ پرسی جیاکردنەوەی کوردستان لە عێراق لەگەڵ بەغدا یەکلایی بکرێتەوە، ئەم یەکهەڵوێستییەی نێوماڵی کوردستان و حزبە سیاسییەکان دەرگایەکی خێر بۆ چارەسەرکردنی شەڕی نێوان شیعە و سوننەش دەکاتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کوردستان چۆن تا ئێستا نەبۆتە بەشێك لە کێشەی شیعە و سوننە و بەردەوام بەشێك بووە لە چارەسەرکردنی کێشەی نێوان شیعە و سوننە، ئەمجارەیان دەتوانێت رۆڵی زیاتر بگێڕێت، بەتایبەتی کە کوردستان لە پێگەیەکدا دەبێت بەغدا ناتوانێت مانۆڕی سەربازی دژی کوردستان ئەنجام بدات.



خاڵێک کە بەردەوام وەك جێگەی هەڕەشە و مەترسی دەمێنێتەوە، وەرچەرخانی حەشدی شیعەیە بۆ ئەوەی جێگەی سوپای عێراق بگرێتەوە، هەروەك چۆن ئێستا وەك هەنگاوی یەکەم کراونەتە بەشێك لە سیستمی بەرگری عێراق، ئەگەر ئەم حەشدی شیعەیە ببێتە جێگرەوی سوپای عێراق. دیارە ئەم حەشدە هەر لە سەرەتاوە وەك میلیشیایەك بۆ بەرگری لە شیعە دروست کراوە، ئەوجا شیعە لە ئێران بێت، یان سووریا، یان لوبنان، یان یەمەن، بۆیە هەڵگری هیچ ئینتیمایەکی نیشتمانی نییە بێجگە لە ئینتیمایەکی مەزهەبی، ئەمەش مانای ئەوەیە مەرجەعی ئەم هێزە دامەزراوەی شەرعیی دەوڵەت نابێت، بەڵکو مەرجەعییەتی ئایینی شیعە دەبێت، ئەوجا ئەو مەرجەعییەتە لە نەجەف، یان لە قوم، یان لە باشووری لوبنان بێت، بۆیە ئەم هێزە کە دەبێتە جێگرەوەی سوپا خۆی لە خۆیدا هێزێکی غەیرە دەوڵەتی دەبێت، ئەمەش مەترسی نەك هەر بۆ سەر کوردستان، بەڵکو بە شێوەی حزبوڵڵای لوبنانی و هاوشێوەکانی هەڕەشە بۆ سەر زۆر لایەنی دیکەش دروست دەکات، لەبەر ئەوەی ئەم مەترسییە بەردەوامە، دەبێت حیسابی جددی لەسەر بکرێت، بەڵام هێزی پێشمەرگە کە توانیبێتی هێزی داعش تێکبشکێنێت کە بەشی هەرە زۆری فەرماندەکانیان، ئەفسەرەکانی پێشووی سوپای عێراق بووبن، ئەوا میلیشیایەکی کەم ئەزموون و فشۆڵ ناتوانن خۆیان لەگەڵ هێزی پێشمەرگە تاقی بکەنەوە و پێشمەرگە ئاسانتر دەتوانێت سنوورەکانی کوردستان بپارێزێت و بە یەکجارەکیش عێراق کۆتایی دێت و یەکلایی دەبێتەوە.

**ئەوەی پێی دەگوترێت حەشدی شەعبی لە بنەڕەتدا جۆشدانی گەل نییە بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، بەڵکو جۆشدانی شیعەیە بۆ لەناوبردنی سوننە، کەواتە چۆن داعش کوشتنی شیعە حەڵاڵ دەکات بە تێگەیشتنی خۆی، بە هەمان شێوە حەشدی شیعەش کوشتنی سوننەی حەڵاڵ کردووە**



## د.شەفیق قەزاز

**سیاسەتمەدار و دیپلۆماتکاری ناسراوی کوردستان بۆ گوڵان:**

# ڕێبازی بارزانی لای من واتە خزمەتکاری خەڵک



**تێپەڕاندنی ئەم چەقبەستووییە لە نێوان حزبەکاندا پێویستی بە سازشکردنە نەک سازان و دەبێت بیرکردنەوە و هەڵوێستمان ئاستێکی بەرزتری هەبێت**

**مسعود بارزانی پێویستی بە پلە و پۆستی فەرمی نییە بۆ ئەوەی پێشڕەوی دۆزی سەربەخۆیی بکات، ئەو دەبێت وەک سەرکردەی خەڵک و دەوڵەتمەدار رێبەرایەتی ئەم ئەرکە بکات**

**ئەگەر هەموو شۆڕشەکانی کوردستان هەر لە شێخ عوبێدوڵای نەهری تا دەگاتە شێخ مەحمودی حەفید و قازی محەمەد، جۆرێك لە پێوەندی دەرەکییان هەبوبێت لەگەڵ بەریتانیا، یان رووسیای سەردەمی قەیسەری و ئەمەش وەك بناخەیەك بۆ دیپلۆماتیەتی کوردی، یان کوردستانی دابنرێت، ئەوا لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول دەرگایەکی دیکەی پێوەندی لەگەڵ شۆڕشی کوردستان کراوەتەوە کە ئەویش پێوەندی بووە لەگەڵ ئەمریکا، ئەم پێوەندییەش ئەگەر لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو پێوەندییەکی زۆر سادە بووبێت، بەڵام ساڵ لە دوای ساڵ گەشەی کردووە و پێوەندییە دەرەکییەکان فراوانتر بوون و زۆربەی وڵاتانی جیهانی گرتۆتەوە، تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئەمڕۆ کە دەبینین کوردستان وەك هاوبەشێك، یان هاوپەیمانێك لەگەڵ ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش سەیر دەکرێت. ئەگەر ئەم پێوەندییە دەرەکییانە فاکتەرێکی گرنگ بن بۆ بەرەوپێشەوە بردنی دۆزی کوردستان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، ئایا سەقامگیری و یەکڕیزی نێوماڵی کورد تاچەند دەبێتە فاکتەرێکی هاندەر بۆ سەرکەوتنی ئەم دیپلۆماسییە؟ بۆ قسەکردن لە سەر پاشخانی پێوەندییە دەرەکییەکانی کوردستان و گرنگیی سەقامگیری و یەکڕیزی نێوماڵی کوردستان، سەردانی د.شەفیق قەزاز سیاسەتمەدار و دیپلۆماتکاری ناسراوی کوردستانمان لە سلێمانی کرد و لە میانەی دیمانەیەکی تایبەتدا سەرەتای دیپلۆماتییەتی کوردستانی بە ئێستاوە گرێدایەوە و یەکڕیزی نێوماڵی کوردستانیشی وەك فاکتەرێکی سەرەکی بۆ سەرکەوتنی دۆزی کوردستان لە قەڵەم دا و بەمجۆرە رایەکانی خۆی خستەڕوو.**

**بارزانیی نەمر لە دوو لایەنی سەرەکیدا زۆر سەرکەوتوو بوو، یەکەمیان توانی رای ناوخۆی کوردستان یەکبخات، لەبەر ئەوەی لەسەرەتاوە حزبی شیوعی عێراق پێیانوابوو بۆتە شیوعی، بەڵام سەلماندنی سەرکردەیەکی کوردپەروەرە، لایەنەکەی دیکە ئەوە بوو رای نێودەوڵەتی بەرامبەر شۆڕشی کوردستان گۆڕی، لەمەشدا زۆر سەرکەوتوو بوو**

*** لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول جۆرێك لە دیپلۆماتییەتی کوردی سەریهەڵدا، تۆش لە سەرەتاوە یەکێك بوویت لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەو دیپلۆماتییەتە، ئایا سەرەتای ئەم دیپلۆماتییەتە چۆن دەستی پێکرد؟**

- ئەگەر بە وردی مێژووی دیپلۆماتیەتی کورد بخوێنینەوە، دەبینین شۆڕشەکانی پێش شۆڕشی ئەیلوویش جۆرێك لە پێوەندی دەرەکییان هەبووە، هەندێك لەو پێوەندییانە لەگەڵ بەریتانیا و هەندێکی دیکەیان لەگەڵ رووسیای سەردەمی قەیسەری بووە، ئەمەش هەر لە شۆڕشی شێخ عوبێدوڵای نەهری تادەگاتە شێخ مەحمود و قازی محەمەدیش بوونی هەبووە، بەڵام لە شۆڕشی ئەیلوولدا پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا دروست بوو. دیارە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو من قوتابی بووم لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن، ئەوکات هەموو کوردەکانی ئەمریکا ژمارەیان هەر ٣٠ کەسێك دەبوو، بۆیە ئەوکات لە ئەمریکا کەس نەیدەزانی کێشەیەك هەیە پێی دەڵێن کێشەی کورد، هەر بۆ نموونە دوای ئەوەی شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێکرد، ئێمە شەش کەس بووین خۆمان رێکخست بە جلی کوردی و ئاڵای کوردستانەوە لە واشنتۆنەوە بچین بۆ نیویۆرك بۆ ئەوەی لە بەردەم رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆپیشاندان بکەین، لەوێ یەکێك هاتە لامان و پێی گوتین: ئێوە کێن و چیتان دەوێت؟ ئێمەش پێمان وت: ئێمە کوردین و نەتەوەیەکی دابەشکراوین بە سەر هەر چوار دەوڵەتی ئێران و عێراق و تورکیا و سووریا و مافەکانمان پێشێل کراوە و دەمانەوێت مەزڵوومیی خۆمان بە ئێوە بگەیەنین، بەڵام سەیرمان کرد ئەوان نەیادەزانی ئەسڵەن نەتەوەیەك هەیە ناوی کوردە، چەند هەوڵماندا، دواتر گوتی: مەبەستتان بارزانی-یە؟ دیارە ئەو کاتە مەلامستەفا بارزانی کە چووبووە سۆڤیەت، رۆژنامەکانی ئەمریکا لە سەریان نووسیبوو، پێیان دەگوت (مەلای سوور- واتە شیوعی)، بۆیە لە سەرەتاوە کەس دەرگای لێ نەدەکردینەوە، تەنانەت ئەگەر بمانویستیایە لەگەڵ فەرمانبەرێکی زۆر بچووکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش قسە بکەین، دەبوو لە قاوەخانەیەك لەگەڵی دابنیشین، تەنانەت ئەو فەرمانبەرە بچووکانەش ئامادە نەبوون لەناو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەگەڵمان دابنیشن، بەڵام دواتر وردە وردە ئەو پێوەندییانە فراوان بوون تا گەیشتە ئێستا.

*** بەڵام لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی رابردوو لەلایەن بارزانیی نەمرەوە وەك نوێنەری بارزانی و نوێنەری شۆڕشی ئەیلوول دیاری کرایت، ئەو دەستنیشانکردنەتان چۆن بوو؟**

- هەتا ساڵی ١٩٦٥ شۆڕشی کوردستان کە بارزانیی نەمر بڕیاریدا ببمە نوێنەری شەخسی خۆی و شۆڕشی ئەیلوول لە ئەمریکا، هەموو شۆڕش یەك

نوێنەرمان هەبوو ئەویش خوالێخۆشبوو د.عیسمەت وانلی بوو. من بڕیارەکەیان بە زارەکی پێ ڕاگەیاندم، کە ساڵی ١٩٦٧ گەڕامەوە و چوومە لای بارزانی، ئەوکات جەنابی بارزانیی نەمر بە دەست و خەتی خۆی بڕیارەکەی بۆ دەرکردم و دەسەڵاتەکانی بۆ دیاری کردم . هەر لەو دیدارەدا جەنابی بارزانی پێی گوتم: تۆ قازی ولیام دۆگلاس دەناسی لە ئەمریکا؟ دیارە قازی ولیام دۆگلاس ئەندامی دادگای باڵای فیدراڵی ئەمریکا بوو، ئەوکات کە من قوتابی بووم وەك کۆمەڵەی خوێندکاران یەك دوو جار سەردانم کردبوو، ئەم قازییە دۆستی کورد بوو، کتێبێکی لەسەر کوردستان نووسیبوو بە ناونیشانی (خاکێکی نامۆ و گەلێکی دۆستخواز). دیارە پێشتر مەلا مستەفا بارزانی بینیوە، بۆیە پێم گوت: بەڵێ دەیناسم، ئەوجا پێی وتم: ئەوە کەسایەتییەکی گرنگە و دەبێت بایەخی پێبدرێت، بۆیە کە گەڕایتەوە ئەم خەنجەرەی منی بە دیاری بۆ بەرە، ئێوە کە لە ئەمریکا کاردەکەن، زۆر پێویستتان بەمجۆرە کەسایەتییانە دەبێت. هەر لەم سەفەرەمدا کە گەڕابوومەوە بۆ کوردستان، شەوێکی دیکە لە خزمەتی بارزانیدا بووم، داوای کرد سندوقێکی بۆ بێنن کە هێنایان سندوقەکە پڕ بوو لە بەردی درەوشاوەی کریستاڵی، پێی گوتم: کە گەڕایتەوە ئەم بەردانە لەگەڵ خۆت بەرە لەوێ پیشانی کۆمپانیاکانی ئەمریکای بدە، ئەگەر بەکەڵك هاتن، با بێن بۆ بەرژەوەندی شۆڕش و بەرژەوەندی ئەوانیش کاری تێدا بکەن، لەبەر ئەوەی شۆڕشەکەمان زۆر هەژارە و ئەمەش گەنجینە و سامانی کوردستانە. من کە گەڕامەوە ئەو بەردانەم لەگەڵ خۆم برد کە نزیکەی ١٠ کیلۆ دەبوون، لەوی کە بردم پیشانی هەندێك کۆمپانیام دا، وتیان هەندێك لەم بەردانە ئاڵتوونی تێدایە، هەندێکیان کریستاڵن و ئەگەر بچینە قووڵایی زیاتر بە گوشار و گەرمی ئەڵماسی لێ دروست دەکرێت، بەڵام پێیان گوتین ئەو شوێنەی ئێوە ئێستا شۆڕشی لێیە و سەقامگیر نییە، هەروەها حکومەتی ئەمریکیش لەبەر ئەوەی پێوەندی لەگەڵ حکومەتی عێراق هەیە، بۆیە لێناگەڕێن کۆمپانیاکانمان بێنە ئەو ناوچەیە. کە خەبەرم بۆ جەنابی بارزانی ناردەوە و بووم نووسیبوو: قوربان بۆچوونەکانی جەنابت هەمووی ڕاستن، بەڵام ئەوە بارودۆخەکەیە. لەمەدا مەبەستم لەوەیە کە بارزانیی نەمر لەو کاتەدا بیری لەو پرسانە کردۆتەوە. هەروەها لایەنێکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم، من ماوەی ٣ مانگ لە کاتی نەخۆشییەکەیدا لە خزمەتی بارزانی-دا بووم، شەو و ڕۆژ پێکەوە بووین و پاسەوانی ژوورەکەی بووم لە نەخۆشخانە، لەو ماوەیەشدا هەموو خەمی ئەوە بوو هەر کەسێك بتوانێت لە ناوەندی دەسەڵاتەکانی ئەمریکا نزیك ببێتەوە بۆ ئەوەی هەنگاوێك ئەم کێشەیە بەرەوپێشەوە بەرێت، لایشی گرنگ نەبوو، ئەو کەسە هەر کەسێك بێت.

*** وەك لە قسەکانت تێبینی دەکەین، هەست بەوە دەکەین جەنابی بارزانیی نەمر زۆر مەبەستی بووە دەرگایەك لەگەڵ ئەمریکا بکاتەوە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە بارزانیی نەمر چەندین ساڵ لە سۆڤیەتی پێشان بوو، ئایا بۆ زیاتر مەبەستی بوو دەرگا لەگەڵ ئەمریکا بکاتەوە؟**

- بارزانیی نەمر گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی ئەگەر هەنگاوێك هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی پرسی کورد پێش بکەوێت، پێویستە پشتگیرییەکی نێودەوڵەتیمان هەبێت، یەکێك لەو هۆکارانەشی کە زۆر مەبەستی بوو درزێك، یان دەرگایەکی پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا بکاتەوە، ئەوە بوو کە بارزانی زۆر نیگەران و نائومێد بوو لە شێوەی مامەڵەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان بەرامبەر کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ئەمەش پاش ئەوەی سۆڤیەت لەسەر پرسی نەوت لەگەڵ قەوام سەڵتەنە ڕێککەوت، رووسیاش ڕێگەی بە شای ئێران دا بۆ ئەوەی بە سوپاوە هێرش بکاتە سەرکۆماری کوردستان و بیرووخێنێت، من ناتوانم تەواو شێوازی بیرکردنەوی مەلا مستەفا لێك بدەمەوە، بەڵام دەڵێم بارزانیی نەمر زۆر بڕوای بە ئەمریکا بوو، ئەگەر ئەو بڕوا گەورەیەی بە ئەمریکا نەبوایە، قەت مومکین نەبوو لە ڕێگەی ئێرانەوە ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ ئەمریکا قبووڵ بکردایە.

*** لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول زۆر ڕۆژنامەنووسی گەورەی ئەمریکی هاتنە کوردستان و لەسەر کورد و شۆڕشەکەیان نووسی، ئایا بۆ ئەو کاتە ئەمە تاچەند گرنگ بوو؟**

- بۆ شۆڕشی کوردستان هاتنی ئەو ڕۆژنامەنووسانە لە ڕادەبەدەر گرنك بوو. بەتایبەتی ئەوەندەی من بزانم، یەکەم ڕۆژنامەنووسی گەورە کە هاتە کوردستان دانا ئادەم سمیس بوو کە لە ساڵی ١٩٦٣ لە ڕۆژنامەی بەناوبانگی ئەمریکی نیویۆرك تایمزەوە هاتبوو، ئەوانی دیکە دوای ئەو هاتوون، هاتنی ئەم ڕۆژنامەنووسەش لە ڕۆژنامەیەکی ئاوا بەناوبانگ و گەورەوە، لەوانەیە هەوڵدرابێت ئەو کەسە دۆزرابێتەوە و لەسەر داوای کورد هاتبێت بۆ کوردستان، لەوانەشە ڕۆژنامەکە ناردبێتی تاوەکو بزانێت

**بارزانیی نەمر دەیگوت من خزمەتکاری میللەتی خۆمم، ئەمەشی بۆ خەڵک سەلماند، بەداخەوە سەرکردەکانی ئێستا زۆر بێمنەتن لە خەڵک**

**ئێستا ئێمە بە سەرقافڵەیی کاک مسعود باسی دەوڵەتی کوردستان دەکەین، بۆیە دەبێت تێبگەین کە پێویستە ئاستێک لە کامڵبوونی دیپلۆماتی و سیاسی و ئیداریمان هەبێت، لەبەر ئەوەی ئێمە سبەینێ دەبێت قەناعەت بە ئەمریکا بهێنین کە وەکو کورد شایستەی ئەوەین، بەبێ ئەوەی پرس بە خەڵک بکەین دەوڵەتی کوردستان بچەسپێنین**

**خەڵکی هەرێمی کوردستان چاوەڕوانی دەستوورێکی شیاون، بۆ ئەوەی باشووری کوردستان وەک نەریتێکی ڕەچاوکراوی زۆربەی دەوڵەتانی جیهان خاوەنی یاسایەکی باڵا بێت کە ئەدایەکی باشتری سیستمی حوکمڕانی بە سەروەریی یاسا پیادەبکات**

ئەو گروپەی ئەو شۆڕشەیان دەستپێکردووە، ئاراستەیان چۆنە و بەرنامەیان چییە. ئەوکاتە شۆڕشی کوردستان زۆر هەژار بوو لە رووی راگەیاندنەوە، نەماندەتوانی رووبەڕووی ئەو پڕوپاگەندانە ببینەوە کە دەزگاکانی راگەیاندنی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان لە دژی شۆڕشی ئەیلوول بڵاویان دەکردەوە، پاشان کتێبێکی بە ناونیشانی (گەشتێك بۆ ناو پیاوە ئازاکان) بڵاوکردەوە، ئەوەش بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو. ئەوەی لەبیرم مابێت، دوای ئەوە ئینجا جیم هۆگلاند و داڤید ئادامسن و داڤید هێرتس هاتن، ئەمانە ئەو رۆژنامەنووسانەن کە زۆر زوو هاتنە کوردستان و رووماڵی شۆڕشی ئەیلوولیان کرد. کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ ئەم مێژووەی خۆمان و دەڵێین دیپلۆماتیەتی کوردی هەنگاوی گەورەی هەڵگرتووە، لەبەر ئەوەیە ئەگەر بەراوردی دیپلۆماتیەتی ئێستای کورد بکەین لەگەڵ شەستەکانی سەدەی رابردوو، جیاوازی نێوانیان ئەرز و ئاسمانە، وەك پێشتر باسمکرد، ئەوکات فەرمانبەرێکی بچووکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئامادە نەبوو ئێمە ببینیت، بەڵام ئێستا بەڕێزان مسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی و خەڵکی دیکە دەبینین لەلایەن سەرۆکی ئەمریکا و وەزیری بەرگری و کاربەدەستانی گەورەی ئیدارەی ئەمریکییەوە پێشوازی دەکرێن، ئەمەش هەنگاوێکی زۆر گەورەیە. هەر وەك یادەوەرییەك هەر لەو ساڵانەی ناوەڕاستی شەستەکاندا د.مەحمود عوسمان هات بۆ واشنتۆن و پێکەوە چووین بۆلای رێکخراوی خاچی سووری ئەمریکی، ئێمە واماندانابوو بچین باسی شۆڕشی کوردستان بۆ ئەو رێکخراوە بکەین، بۆ ئەوەی لە رووی مرۆییەوە هاریکاری شۆڕش بکەن، کە چووین ئێمە زیاتر لە نیوکاتژمێر قسەمان بۆکردن، پاشان سەرۆکی رێکخراوەکە بە پێکەنینەوە پێی گوتین: بەڕێزان خۆشە مرۆڤ خەو ببینێت، ئەو قسانەی ئێوە دەیڵێن راستن، بەڵام ئێمە هەتا حکومەتی ئەمریکی چرای سەوزمان بۆ هەڵنەکات، ناتوانین هاوکاریتان بکەین، ئەمە ئەو رێکخراوە مرۆییە بوو کە ئێمە پێمانوابوو ئەوان رێکخراوێکی مرۆیین و ئامادەن سەربەخۆ بچن بۆ هەر شوێنێك و یارمەتی مرۆیی بە هەموو لایەك بدەن. ئەمەش تەنیا روخسارێکی پێشکەوتنی دیپلۆماتیەتی کوردییە بە بەراورد بەو دەستپێکە، بەڵام رووخسارێکی دیکەی ئەوەیە کە نەمانتوانیوە وەك پێویست بچینە رای گشتی ئەو دەوڵەتانەی کە پێوەندیمان لەگەڵیاندا هەبووە، بۆیە کاتێك وەزیری هاوکاریی مرۆڤایەتی بووم لە کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لەساڵی ١٩٩٧ هەوڵماندا نوێنەرایەتی حکومەت لەو وڵاتانە بکەینەوە، هەتا ئەو ماوەیەی لەوێ بووم توانرا ١٥ نوێنەرایەتی بکەینەوە.

*** بەڵام پێشتریش لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا نوێنەرایەتی شۆڕش لە چەندین وڵات هەبووە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی دوای نسکۆی شۆڕش نەتوانرا درێژەیان پێبدرێت؟**

- لێرەوە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو کەموکورتییانەی لە مێژووی چالاکیی دیپلۆماتیەتی کوردی هەمانبووە، بە راستی دەبوو دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول بەشێکی زۆر لەو پێوەندییانە لەدەست نەدەین. من خۆم لە ساڵانی ١٩٧٤ و ١٩٧٥ و ١٩٧٦ بەرپرسی ئۆفیسی پێوەندییەکانی شۆڕش بووم لە تاران، راستە شۆڕش لە ١٩٧٥ نسکۆی بەسەردا هات، بەڵام ئێمە ماینەوە تا ١٩٧٦ و توانیمان چەند هەزار کەسێك رەوانەی دەرەوە بکەین، بۆیە لەگەڵ ئەوەی شۆڕشی ئەیلوول لە چوارچێوەی پیلانێکی نێودەوڵەتی نسکۆی بەسەردا هات، بەڵام کێشەی نەتەوەی ئێمە تەواو نەببوو، لەمەش زیاتر ئێمە هەر دوای ماوەیەکی زۆر کورت دەستمان بە شۆڕش کردەوە، بۆیە دەبوو لەسەر ئەو روخسارە پرشنگدارەی شۆڕشی ئەیلوول لە دروستکردنی پێوەندی دەرەکی کە زۆر پێوەی خەریك بووین، هەر بە زیندوویی بمێنێتەوە، راستە کارەساتەکە گەورە بوو، تووشی شۆکی کردین، بەڵام دەبوو هەر لەسەر ئەو بنەمایە دووبارە کادری خۆمان بۆ برەودان بەو پێوەندییە دەرەکییانە پەروەردە بکەین، بەڵام بەداخەوە زۆری لەدەست دران.

*** راستە شۆڕشی ئەیلوول لە چوارچێوەی پیلانێکی نیودەوڵەتی نسکۆی بەسەردا هات، بەڵام ئایا لە ماوەی شۆڕشی ئەیلوولدا بارزانیی نەمر چ وەرچەرخانێکی لە دۆزی کوردستاندا دروست کرد؟**

- جەنابی بارزانیی نەمر لە دوو لایەنی سەرەکیدا زۆر سەرکەتوو بوو، یەکەمیان توانی رای ناوخۆی کوردستان یەکبخات، لەبەر ئەوەی لەسەرەتاوە حزبی شیوعی عێراق پێیانوابوو بۆتە شیوعی، بەڵام سەلماندنی سەرکردەیەکی کوردپەروەرە، هەروەها وەك خۆی دەیگوت من خزمەتکاری میللەتی خۆمم، بە راستی ئەمەی بۆ خەڵك سەلماند، کە من وادەزانم تا رادەیەك ئەم سیفەتەی بارزانیی نەمر لەکەسی تردا بوونی نییە. بەداخەوە سەرکردەکانی ئێستا زۆر بێمنەتن لە خەڵك، بۆیە کە باسی رێبازی بارزانی دەکرێت دەبێت لە خۆمان بپرسین رێبازی بارزانی

**کاك مسعود تا ئێستا سەرقافڵەی سەربەخۆیی و ریفراندۆم و بە دەوڵەت بوون بووە، با ئەم دۆسییە هەر ئەو لێی بەرپرس بێت، بەڵام دەبێت هەموو هەرێم بە حزبەکانیەوە، بە پەرلەمان و دامودەزگاکانیەوە پشتگیری تەواوی کاك مسعود بارزانی بکەن بۆ ئەوەی ئەم کارە پیرۆزە ئەنجام بدات**

**ئێستا جۆرێك لە دووئیدارەیی لە هەرێمدا بوونی هەیە، بۆیە بۆ نەهێشتنی دووئیدارەی دەبێت لیژنەی نووسینەوەی دەستوور پەلە بکات لە نووسینەوەی دەستوور و دەبێت حزبەکان سازش بۆ یەکتری بکەن -بە پارتی -شەوە، بەتایبەتی لە پرسی شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک، دەبێت پارتی پێداگیری لەسەر رای خۆی نەکات**

چییە؟ لایەنەکەی دیکە ئەوە بوو رای نێودەوڵەتی بەرامبەر شۆڕشی کوردستان گۆڕی، لەمەشدا زۆر سەرکەوتوو بوو.

*** باشە با ئەو پرسیارە لە خۆت بکەین، لای تۆ ڕێبازی بارزانی چییە؟**

- لای من ڕێبازی بارزانی خزمەتکاری خەڵکە، بارزانیی نەمر هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو لە خەڵك نزیك ببێتەوە، من لەگەڵ زۆر لەو کەسانەی لەگەڵیدا چوون بۆ سۆڤیەت ئاشنایەتیم هەبووە، بارزانیی نەمر خۆی وەکو یەکێك لە هاوەڵەکانی دادەنا. زانیاری زۆر وردی لەسەر خەڵك هەبوو. دەیزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ خەڵك دەکات. با شتێکتان بۆ بگێڕمەوە کە لەسەر خۆم بووە، من ئاگادار نەبووم کە دەستنیشان کرابووم بچمە ئۆفیسی تاران بۆ نوێنەرایەتی شۆڕش، دوای ئەوەی چووم دەست بەکاربووم، پاش ماوەیەك گەڕامەوە و شەوێك چوومە خزمەتی بارزانی، ماوەی یەك کاتژمێر قسەی بۆکردم سەبارەت بەوەی کە من چۆن نەمتوانیوە وەك پێویست هەندێك کار هەبووە بیکەم و لە ڕێگەی ئەو ئیشەوەی پێم سپێردراوە خزمەتی خەڵك بکەم، من ئەمەم لە هیچ سەرکردەیەکی دیکەدا نەبینیوە، نە ئەوکات و نە ئێستاش، بۆیە لای من مانای ڕێبازی بارزانی ئەوەیە کە بتوانیت لە ڕێگەی ئەو ئیشەوەی پێت دەسپێردرێت، خزمەتی خەڵك بکەیت، بەداخەوە من ئێستا ئەمە نابینم.

*** مەبەستت چییە کە دەڵێیت من ئێستا ئەوە نابینم کە بەرپرسان لە ڕێگەی ئیشەکانیانەوە خزمەتی خەڵك بکەن؟**

- بە ڕاستی ئەمڕۆ کەلێنێکی گەورە لە نێوان بەرپرسان و خەڵکدا هەیە. خەڵك چاوەڕوانییەکی زۆر گەورەی لەو بەرپرسانە هەیە، بۆیە گرنگە ئێمە پرسیار لە دەسەڵاتی خۆمان بکەین، ئایا تۆ ئەم کارە بۆ کێ دەکەیت؟ بێگومان وەڵامەکەی ئەوەیە بۆ خەڵکی دەکات و دەبێت سەرەنجام ئاکامەکەشی بگاتەوە بە خەڵك. باشە ئەگەر کەلێنێکی گەورە لە نێوان خەڵك و دەسەڵات هەبێت، چۆن دەزانن ئەو خەڵکە چی دەوێت؟ هەر بۆ نموونە ئێستا باس لە ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەکرێت، خۆ ئاشکرایە خواستی بە دەوڵەت بوون خواستی هەموو تاکێکی کوردستانە و هەموومان بەشێوەیە ئەم خواستەمان لە ناخەوە بۆ دروست بووە، لەمەش زیاتر ئامانجی هەموو نەتەوەیەکە کە دەوڵەتی خۆی هەبێت، باشە ئەگەر نەیەتیە ناو خەڵك و خەڵك بۆ ئەم پرسە ئامادە نەکەیت، چۆن دەیکەیت، بۆیە لێرەوە دیسان دەگەڕێینەوە بۆ دیپلۆماتیەتی کوردی کە دەبێت چەند خاڵی گرنگ هەیە هەڵوەستەی جددی لەسەر بکەین.

*** ئایا ئەو خاڵانە چین کە پێویستە هەڵوەستەی جددی لەسەر بکەین؟**

- ئێمە کاتێك باسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەکەین، دەبێت دان بەوەدا بنێین ئێمە تا ئێستاش بەشێکین لە عێراق، ئەمە قەدەری میللەتی ئێمە بووە کە بە سەر چوار دەوڵەتدا دابەش کراوین. لێرەوە دەبێت ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا ئێمە وەك کورد لەناو ئەم دەوڵەتە چ پێگە و پایەیەکمان هەیە؟ دیارە لە ئێستا پێگە و پایەمان لە بەغدا زۆر بەرز نییە، پاشان ئایا تۆ سیاسەت و دیپلۆماتی لەگەڵ عەبادی و مالیکی دەکەیت، یان دەوڵەتی عێراق، لەبەر ئەوەی ئێمە زیاتر لە ٩٠ ساڵە بە عێراقەوە لکێنراوین، بۆیە دەبێت بزانین ئەوە دەوڵەتی عێراقە بڕیار لە چارەنووسی ئێمە دەدات، ئەگەر سبەی بووینەوە بە بەشێك لە عێراق و ویستت کێشەکان چارەسەر بکەین، یان ویستت دانوستاندنی لەگەڵ بکەی بۆ ئەوەی ریفراندۆم ئەنجام بدەیت. لەمەش زیاتر دەبێت دان بەوەدا بنێین، ئێستا عێراق و هەرێم، دوو دەڤەری قەیراناوین، بۆیە پرسیار ئەوەیە ئایا چۆن سەیری ئەم بارودۆخە دەکرێت؟ بە رای من هەر کۆبوونەوەیەك، یان هەوڵدانێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا لە ئێستادا، لای من وەك ئەو کۆبوونەوە پێنج قۆڵییانەی کوردستان وان، کە زیاتر لە نۆ کۆبوونەوە کران، کێشەکانیش هەر چارەسەر نەکران، ئێستاش جارێکی دیکە داوادەکرێت ئەو کۆبوونەوانە دووبارە دەست پێبکەنەوە، کە پێموایە دیسان هیچ بەرهەمێکی نابێت.

*** کەواتە بە رای تۆ لەگەڵ عێراقدا چی بکەین؟**

- لە ئێستا واقیعەکە بەوجۆرەیە، ئێمە وەك هەرێم نە دەمانەوێت نە دەشتوانین کێشەکانمان لەگەڵ عێراق چارەسەر بکەین، مەبەستم هەموو کێشەکانە، بۆیە بە بۆچوونی من پێویستە جارێ ئەم دۆسییە بۆ ماوەیەکی کاتی بخەوێنین، بەڵام وازی لێ نەهێنین، ئەمەش لەبەر ئەوەی هەتا بارودۆخی هەرێمی کوردستان یەکلایی دەبێتەوە، ئەوجا یان ئەوەیە دەوڵەتی سەربەخۆ رادەگەیەنین، یان وەك جۆزیف بایدن دەڵێت، عێراق ببێتە سێ دەوڵەتی کۆنفیدڕاڵی، لە هەمانکاتدا دەبێت بێینە سەر پرسە ناوخۆییەکان و خەریکی ئەوە بین و خۆمان ڕێکبخەینەوە.

*** بەڵام لە ماوەی ڕابردوو، مالیکی هاتبووە**

**ئەم خولەی ئێستای پەرلەمان ساڵێك و دوومانگی ماوە، هەتا ئەم خولە تەواو دەبێت، پێویستە باس لە پرسی سەرۆکایەتی هەرێم نەکرێت و وەک ئەو ئەمری واقیعەی هەیە مامەڵە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکرێت**

**لە هەموو حاڵەتێکدا دەبێت پەرلەمان کارابکرێتەوە، لەمەدا بە بۆچوونی من بزووتنەوەی گۆڕان زۆر جەخت لەسەر مانەوەی سەرۆکایەتی ئێستای پەرلەمان ناکات**

**ئەم چەقبەستووییەی ناو پرۆسەی سیاسیی ناوخۆ لە سەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە، با ئێمە واقیعی بین، ئێستا بەڕێز مسعود بارزانی ئەو کەسایەتییەیە کە ئەگەر حەز بکەی، یان حەز نەکەی، قوتبێکە لە سیاسەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەر نەڵێین لە هەموو سیاسەتی کوردستاندا**

**مالیکی نەک ٩١ کورسی لە پەرلەمان هەبێت، بەڵکو ئەگەر ٣٠٠ کورسیشی لە پەرلەمان هەبێت، کەسێکی ئەوەندە بێزراوە و حوکمڕانییەکی ئەوەندە خراپی لە عێراقدا پیادە کردووە، هەق نییە سڵاویشی لێبکرێت، نەک پێشوازی لێبکرێت**

**هەر کۆبوونەوەیەک، یان هەوڵدانێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا لە ئێستادا، لای من وەک ئەو کۆبوونەوە پێنج قۆڵییانەی کوردستان وان، کە زیاتر لە نۆ کۆبوونەوە کران، کێشەکانیش هەر چارەسەر نەکران، ئێستاش جارێکی دیکە داوادەکرێت ئەو کۆبوونەوانە دووبارە دەست پێبکەنەوە، کە پێموایە دیسان هیچ بەرهەمێکی نابێت**

**ئەمڕۆ کەلێنێکی گەورە لە نێوان بەرپرسان و خەڵکدا هەیە و خەڵکیش چاوەڕوانییەکی زۆر گەورەی لە بەرپرسان هەیە، ئەگەر کەلێنێکی گەورە لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا هەبێت، چۆن دەزانن ئەو خەڵکە چی دەوێت؟**

**سلێمانی بۆ ئەوەی لەگەڵ گۆڕان و یەکێتی کێشەکان چارەسەر بکەن، ئایا دەتوانرێت لەگەڵ مالیکی کێشەکان چارەسەر بکرێن؟**

- نەخێر، کێشەکان لەگەڵ مالیکی چارەسەر ناکرێت، وەك رای شەخسی خۆم، مالیکی نەك ٩١ کورسی لە پەرلەمان هەبێت، بەڵکو ئەگەر ٣٠٠ کورسیشی لە پەرلەمان هەبێت، کەسێکی ئەوەندە بێزراوە و حوکمڕانییەکی ئەوەندە خراپی لە عێراقدا پیادە کردووە، هەق نییە سڵاویشی لێبکرێت، نەك پێشوازی لێبکرێت.

*** بەڵام لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیی ناوخۆی کوردستان چەقبەستوویەکی سیاسی دروست بووە، ئایا چۆن ئەو چەقبەستوویە دەکرێتەوە؟**

- پێش ئەوەی راستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، دەمەوێت هەندێك شت بخەمەڕوو بۆ ئەوەی باشتر هەڵوەستە لەسەر ئەم پرسە بکەین. ئەم چەقبەستوویەی ناو پرۆسەی سیاسیی ناوخۆ لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە، با ئێمە واقیعی بین، ئێستا بەڕێز مسعود بارزانی ئەو کەسایەتییەیە کە ئەگەر حەز بکەی، یان حەز نەکەی، قوتبێکە لە سیاسەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەر نەڵێین لە هەموو سیاسەتی کوردستاندا، بۆیە دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەم کەسایەتییە بکەین، لەبەرامبەردا ئەم کەسایەتییە وەك قوتبێك و وەك کوڕی مەلا مستەفا بارزانی چەند قەناعەتێکی دیکە هەیە، لەوانە:

١. بەڕێز مسعود بارزانی دەخوازێت کە پرۆسەی سەربەخۆیی بە چاودێری ئەو جێبەجێ بکرێت.

٢. قەناعەتێکی دیکە هەیە بە هۆی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی هەرێمەوە ئێستا کاتی ئەوە نییە پۆستی بەڕێز مسعود بارزانی بۆ کەسێکی دیکە بگۆڕدرێت.

٣. لە هەمانکاتدا قەناعەتێکی دیکەش هەیە کە بەداخەوە هەست بەوە دەکرێت لەلایەن لایەنەکانی دیکەوە جۆرێك لە ناحەزی بەرامبەر مسعود بارزانی و بەرامبەر پارتی هەیە.

لەبەرامبەر ئەمەدا بەرەیەکی دیکە هەیە، ئەوانیش بەشێکن لە پرۆسەی سیاسیی هەرێم، وا بۆچوونی خۆیان دەخەنەڕوو کە مانەوەی مسعود بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێم بە پێویست نازانن، لەبەر ئەوەی ناتوانن سازشی لەگەڵدا بکەن، لە هەمانکاتدا کاندیدیشیان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم نییە، بەڵام داوا دەکەن یاسای سەرۆکایەتی هەرێم راست بکرێتەوە.

لە نێوان ئەم دوو بۆچوونەدا کە چەقبەستوویی دروست کردووە، باس لەوە دەکرێت ئەم چەقبەستوویییە پێوەندی بە نەمانی متمانەوە هەیە و لەوانەیە لە ٢-٣ساڵی دیکە دوای ئەوەی متمانە دروست دەبێتەوە، ئەم چەقبەستووییەش بکرێتەوە. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا خەڵك بەرگەی ٢-٣ ساڵی دیکە دەگرێت؟ ئەمە هەر چۆنێك لێکی بدەینەوە، جۆرێك لە شکستی سیاسیی پرۆسە سیاسییەکە پیشاندەدات و شکستی هەموو حزبەکان دەخاتەڕوو، بۆیە لە ئێستا کە باس لەوە دەکرێت هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی دووبارە کۆبوونەوەی حزبەکان دەست پێبکاتەوە، دەبێت بزانین ئەم کێشەیە بە کۆبوونەوە چارەسەر ناکرێت و سەد کۆبوونەوەی دیکەش بکرێت، بارودۆخەکە هەروەك خۆی دەبێت، بۆیە پێویستە پلانێکمان هەبێت، ئەو سازانەی داوادەکرێت پێویستە بکرێتە سازش و لایەنەکان سازش بۆ یەکتری بکەن. بۆیە دەبێت بۆ چارەسەرێکی مامناوەندی بگەڕێن، بەمجۆرە:

١. لە هەموو حاڵەتێکدا دەبێت پەرلەمان کارابکرێتەوە، لەمەدا بە بۆچوونی من بزووتنەوەی گۆڕان زۆر جەخت لەسەر مانەوەی سەرۆکایەتی ئێستای پەرلەمان ناکات.

٢. ئەم خولەی ئێستای پەرلەمان ساڵێك و دوومانگی ماوە، هەتا ئەم خولە تەواو دەبێت، پێویستە باس لە پرسی سەرۆکایەتی هەرێم نەکرێت و وەك ئەو ئەمری واقیعەی هەیە مامەڵە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکرێت.

٣. ئێستا جۆرێك لە دووئیدارەیی لە هەرێمدا بوونی هەیە، بۆیە بۆ نەهێشتنی دووئیدارەی دەبێت لیژنەی نووسینەوەی دەستوور پەلە بکات لە نووسینەوەی دەستوور و دەبێت حزبەکان سازش بۆ یەکتری بکەن -بە پارتی -شەوە، بەتایبەتی لە پرسی شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك، دەبێت پارتی پێداگیری لەسەر رای خۆی نەکات.

*** بەڵام بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کورستان خۆی داوای لە لایەنەکان کردووە کاندیدێك دیاری بکەن بۆ ئەوەی دەور و تەسلیمی لەگەڵ بکات، بۆیە پرسەکە مەسەلەی پۆستی سەرۆکی هەرێم نییە، بەڵام پرسەکە لەمەدا چڕکراوەتەوە، ئایا لەسەر ئەم پرسە چی دەڵێیت؟**

- با راشکاوانە لەسەر ئەم پرسە قسە بکەم. من دەڵێم پرسەکە ئێستا بەوجۆرەیە، ئێستا کاك مسعود بارزانی بە ئەمری واقیع سەرۆکی هەرێمی

کوردستانە و بە رای من دەبێت تا ئەم خولەی پەرلەمان کۆتایی دێت، ئەو لەو پۆستە بمێنێتەوە و هەموو دەسەڵاتەکانی خۆی چۆن بەکاری هێناوە، بە هەمان شێوە بەکاری بهێنێت، قسەکانی من بۆ دوای ئەم ساڵ و دوومانگەیە، بۆیە ئەگەر پەرلەمان کارابێتەوە و دەست بەکار بکاتەوە، ئەوا مەسەلەی سەربەخۆیی لەم پەرلەمانە بێت، یان بکەوێتە خولی داهاتوو، کاك مسعود لە پۆستی سەرۆکی هەرێمدا بێت، یان نە، هەر ئەو بەرپرسی دۆسیەی سەربەخۆیی بێت و دانیێ پێدابنرێت، کاك مسعود تا ئێستا سەرقافڵەی سەربەخۆیی و ریفراندۆم و بە دەوڵەت بوون بووە، با ئەم دۆسیە هەر ئەو لێی بەرپرس بێت، بەڵام دەبێت هەموو هەرێم بە حزبەکانیەوە، بە پەرلەمان و دامودەزگاکانیەوە پشتگیری تەواوی کاك مسعود بارزانی بکەن بۆ ئەوەی ئەم کارە پیرۆزە ئەنجام بدات.

*** ئەگەر هەندێك زیاتر لەسەر پلانە ستراتیژییەکە قسە بکەین، ئایا بەرای تۆ پێویستە ئەولەوییەتەکان چی بن، پێش ئەوەی حزبەکان جارێکی دیکە کۆببنەوە؟**

- لەسەر ئەو پلانە ستراتیژییە بۆ ئەم قۆناخە دەڵێم، ئێمە ئێستا بەرگەی ئەوە ناگرین هەندێك وردەکاری بێنینەوە پێشەوە، ئێمە چاوەڕوانییەکی زۆر گەورەمان هەیە، بۆیە دەبێت بیرکردنەوە و هەڵوێستمان ئاستێکی بەرزتری هەبێت، واتە پێویستمان بە بیرکردنەوەیەکی ستراتیژییانە هەیە، سەبارەت بەم پرسە کە بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێدەکەم:

١. لە روانگەی ئەو راستیەی کە بۆ مەسەلەی سەربەخۆیی و بەدەوڵەت بوون داوا و ئارەزووی هەر تاکێکی کۆمەڵی باشووری کوردستانە، بەڕێز مسعود بارزانی پێویستی بەوە نییە هەڵگری پۆست و پلەی تایبەت و فەرمی بێت، تا بتوانێت پێشڕەو و سەرقافڵەی دۆسێی سەربەخۆی کوردستان بێت. پێموایە ئەو کەسایەتییە شیاوترە وەك سەرکردەی خەڵك و وەك گەورەپیاوی کۆمەڵ و پیاوی دەوڵەتمەدار رێبەرایەتی ئەو ئەرکە بکەن.

٢. لە هەموو بوارێکدا بیرکردنەوە و پلانی ستراتیژی دەبێت رەچاوی کات و رەوشی ئارا بکات. بارودۆخی ئەمرۆ بە هۆی ئەگەری کۆتاییهاتنی شەڕی داعش، گرتنەوەی موسڵ، پێوەندیی زۆری هەرێم و بەغدا، داوا دەکات بیرکردنەوەی خێرا و پلانی پێویست بۆ یەکلایکردنەوەی راستەقینەی ناوچە دابڕاوەکان بکرێتەوە.

٣. رەوشی ئێستای ئەو ناوچانە لەژێر حوکمی ناوەندا سەخت و گرانە، هەر بۆیە کاتێك داوا لە خەڵکی ئەو ناوچانە دەکرێت بگەڕێنەوە بۆ باوەشی هەرێم، دەبێت دڵنیابن لە رەوشێك کە زامنکاری ئاستێکی باشتر لە ئارامی ژیان و خۆشگوزەرانی رۆژانە چاوەڕوانیان دەکات. ئەمەش وەك هەموو دەیزانین راستەوخۆ پەیوەستە بە ئیرادە و توانای پرۆسەی سیاسیی هەرێمەوە بۆ یەکخستنەوەی نێومالی کورد.

٤. لە سالانێکی زووەوە خەڵکی هەرێمی کوردستان چاوەڕوانی دەستوورێکی شیاون، بۆ ئەوەی باشووری کوردستان وەك نەریتێکی رەچاوکراوی زۆربەی دەوڵەتانی جیهان خاوەنی یاسایەکی بالا بێت کە ئەدایەکی باشتری سیستەمی حوکمڕانی بە سەروەریی یاسا پیادەبکات، دەکرێت تا زووە ئەو دەستوورە پەسەند بکرێت، جا ئەگەر خاڵێکی پەیوەست بە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمەوە کۆسپ بێت لە رێگەی لەدایکبوونی ئەو دەستوورە، پێموایە بیرکردنەوەی حەکیمانە و هەڵوێستی بوێرانە لە کاك مسعود بارزانی داوادەکرێت بۆ لابردنی ئەو کۆسپە.

٥. پێویستە هەر کۆششێکی راستەقینە و بەردەوام بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی رەوشی ئێستای هەرێم، فەراهەمکردنی توانای دارایی و ئابووری هاوشان و پاڵپشتی ئەو کۆشش و بڕیارە بێت. ئاشکرایە ئەمڕۆ حکومەتی هەرێم لە دۆخێکدا نییە بە فریای ئەو ئەرکە بکەوێت، لەلایەکی دیکەوە بڕوایەك هەیە بەوەی کە پارتی و یەکێتی و ژمارەیەکی دیار لە کۆمپانیا گەورەکانی حزب و کەرتی تایبەت ئەمڕۆ خاوەنی بڕێکی بەرچاوی داهاتی هەرێمن، هەربۆیە بەرپرسیاریەتی رابردوو و ئێستای ئەم لایەنانە، رۆڵی نمایشکراویان لە ئەرك و کۆنترۆڵکردنی هەوڵی بارودۆخی هەرێمدا هەیەو لێیان داواکراوە کە جیاواز لە بانگەشە بۆ کۆبوونەوە و سازان، تەرخانکردنی بڕێك لەو سامان و داهاتە بۆ ئەرکی پێویستی ئەمڕۆ لە ئەستۆ بگرن.

ئێستا ئێمە بە سەرقافڵەیی کاك مسعود باسی دەوڵەتی کوردستان دەکەین، بۆیە دەبێت تێبگەین کە پێویستە ئاستێك لە کامڵبوونی دیپلۆماتی و سیاسی و ئیداریمان هەبێت، لەبەر ئەوەی ئێمە سبەینێ دەبێت قەناعەت بە ئەمریکا بهێنێن کە وەکو کورد شایستەی ئەوەین، بەبێ ئەوەی پرس بە خەڵك بکەین دەوڵەتی کوردستان بچەسپێنێن.

**یەکەم رۆژنامەنووسی گەورە کە هاتە کوردستان دانا ئادەم سمیس بوو کە لە ساڵی ١٩٦٣ لە رۆژنامەی بەناوبانگی ئەمریکی نیویۆرک تایمزەوە هاتبوو، ئەوانی دیکە دوای ئەو هاتوون، هاتنی ئەم رۆژنامەنووسەش لە رۆژنامەیەکی ئاوا بەناوبانگ و گەورەوە، لەوانەیە هەوڵدرابێت ئەو کەسە دۆزرابێتەوە و لەسەر داوای کورد هاتبێت بۆ کوردستان، لەوانەشە رۆژنامەکە ناردبێتی تاوەکو بزانێت ئەو گروپەی ئەو شۆڕشەیان دەستپێکردووە، ئاراستەیان چۆنە و بەرنامەیان چییە**

**بارزانیی نەمر گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی ئەگەر هەنگاوێک هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی پرسی کورد پێش بکەوێت، پێویستە پشتگیرییەکی نێودەوڵەتیمان هەبێت، یەکێک لەو هۆکارانەشی کە زۆر مەبەستی بوو درزێک، یان دەرگایەکی پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا بکاتەوە، ئەوە بوو کە بارزانی زۆر نیگەران و نائومێد بوو لە شێوەی مامەڵەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان بەرامبەر کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ئەمەش پاش ئەوەی سۆڤیەت لەسەر پرسی نەوت لەگەڵ قەوام سەڵتەنە رێککەوت، رووسیاش رێگەی بە شای ئێران دا بۆ ئەوەی بە سوپاوە هێرش بکاتە سەرکۆماری کوردستان و بیڕووخێنێت**

# قۆناخی دوای رزگارکردنی موسڵ



د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

کورد مافی خۆیەتی ئاگاداری وردەکاریی قۆناخی دوای رزگارکردنی موسڵ بێت، لۆژیك نییە کە کورد لەرووی سەربازییەو بەشداریی رزگارکردنی ئەو شارە بکات و دوای ئەو پرۆسەیە لەرووی سیاسی و کارگێڕییەوە پەراوێزبخرێت، چونکە کورد لە موسڵدا دووەم نەتەوەیە دوای عەرەب ، دیارە ئەو شارەش دووەم گەورە شاری عێراقە و لە عێراقێکی بچووك دەچێت، لەو شارە چەندین نەتەوەو ئایین و ئایینزای جۆراوجۆرهەیە، بۆیە پێویستە رەچاوی مافی پێکهاتەکانی بکرێت هەروەك لە ماددەی ٣ی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە، رزگارکردنی موسڵ زۆر پێویستە، چونکە بوونی داعش لەو شارەدا هەڕەشەیەکی مەترسیدارو بەردەوامە بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام من پێموایە کە قۆناخی دوای رزگارکردنی موسڵ زۆر قورس و سەخت دەبێت بۆ کورد لە هەردوو رووی سیاسی و کارگێڕییەوە، بۆیە پێویستە رێککەوتن و دانووستانی جیددی لەگەڵ بەغدادا بکرێت دەربارەی قۆناخی دوای رزگارکردنی موسڵ، هەرچەندە من لەو باوەڕەدام کە رێکەوتن لەگەڵ بەغدا لەسەر هەر پرسێك بێت وەك تۆڕی جاڵجاڵۆکە وایە لەهەر ساتێکدا بێت هەرەس دەهێنێت، ئەمەش لەبەر ئەو عەقڵییەتەیە کە حوکمی عێراق دەکات، هەر ئەو عەقڵییەتە بوو عێراقی گەیاندە ئەو کاولکاری و گەندەڵییە، بۆیە پێویستە لایەنی دیکە بەشداریی لە رێکەوتنەکەدا بکەن بەتایبەتیش سوننەی ئەو پارێزگایە، هەروەها دەبێ سوننەی مالیکی لەو رێکەوتنە دووربخرێنەوە، چونکە ئەوان هۆکاری پەرتەوازەیی و پارچەپارچەبوونی سوونەن، هەر ئەوانن رەواج بۆ هاتنی حەشدی شەعبی و بەشداریکردنی لە رزگارکردنی شارەکەدا دەکەن، لەوەش دڵنیام کە سوننە بە هەموو حزب و لایەن و پێکهاتە سیاسییەکانییەوە جێگەی متمانە نین، ئەوان لەکاتی لاوازییاندا دەبنە هاوپەیمانی کورد و دوژمنیش لە کاتی بەهێزبوونیاندا، ئەوان لەئێستادا هاوپەیمانی کوردن، چونکە لاوازو پەرتەوازەن و زۆربەیان لە ئوردن و کوردستانن، بەڵام ئایا سوننە دوای گەڕانەوەیان بۆ جێ و رێی خۆیان هەر وا بە هاوپەیمانی کورد دەمێننەوە ؟ ئایا وەك برای شەریك لە نیشتمان مامەڵە لەگەڵ کورددا دەکەن، بەتایبەتیش لە شاری موسڵ؟ من پێموانییە وا بێت، بۆیە پێویستە قۆناخی دوای رزگارکردنی موسڵ بە تەواوی بزانرێت و روون بکرێتەوە، هەروەها ناکۆکیی توند لە نێوان سوننە و سوننەی مالیکی لەئارادایە، ئایا کامەیان رۆڵی گەورەیان لە بەڕێوەبردنی شارەکەدا دەبێت؟ چونکە زانراوە کە سوننەی مالیکی و شیعە بەگشتی و هەندێ لەکوردانی لایەنگری مالیکی دەنگیان بۆ لابردنی ئەسیل نجێفیی پارێزگاری نەینەوا دا، ئایا خەڵکی ئەم شارە بە پارێزگاری تازە( نۆفەل حەمادی ئەلعاگوب)ی سەر بە کوتلیە نەهزەی عەرەبی رازی دەبن؟ یان کێشەکە زیاتر ئاڵۆزتر دەبێت؟ وا دیارە سوننە واز لە پرسی پارێزگا دێنن و هەوڵی زۆر دەدەن لەپێناو دامەزراندنی هەرێمگەل بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق، ئەمەش بۆ قورتاربوون لە مەرکەزییەتی دەسەڵاتی بەغدا، هەرچەندە شیعەی دەسەڵاتدارو سوننەی مالیکی دژی ئەم هەوڵانە دەوەستنەوە، بەڵام پێموایە ئەم بابەتە لە رووی میللی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەوە یەکلایی بۆتەوە، هەندێ هەواڵیش دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە بەم زوانە کۆنگرەیەکی

هێجگار گەورە و یەکەم جارە لەو شێوەیە لە عەرەبستانی سعودیە دەبەسترێت بۆ پشتیوانیکردن لەو سوننانەی دژی پرۆژەی ئێرانن بۆ پشتیوانیکردن لە پێکهێنانی هەرێمی سوننەنشین، بەتایبەتیش کە رزگارکردنی شاری موسڵ نزیك و یەکلایی بۆتەوە، هەر یەك لە ئوسامە نجێفی و زافرعانی و رافع عیساوی و تاریق هاشمی بانگهێشت دەکرێت بۆ بەشداریکردن لەو کۆنگرەیە، ئەوانەش دوژمنی سەرسەختی پرۆژەکەی ئێران و حەشدی شەعبین، بۆیە سوننەی مالیکی لە قۆناخی داهاتوودا شوێن پێیان نابێتەوە، مەگەر بەپێی تێڕوانینی سعودیەو هەندێ دەوڵەتی کەنداو واز لە سیاسەتی هەڵەی خۆیان بهێنن، حکومەتی عێراقیش هەڵوێستی خۆی بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم هەوڵانە بە ئاشکرا راگەیاندووەو ئەمەی بە دەستێوەردان لە کاروباری عێراق لەقەڵەم دەدات، بەڵام وا دیارە ئەمە دەبێتە هاندەر بۆ شیعەی باشوور تاکو هەرێمگەلێك لە بەسرەو فوڕاتی ناوەڕاست پێکبهێنن، ئەم هەموو هەوڵانەش هەر لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستاندان، چونکە ڕەنگە کورد پەنا بەرنە بەر قۆناخی دوای فیدراڵییەت کە کۆنفیدراڵییەتە، هاوکات لە کاتی دامەزراندنی هەرێمگەلی سوننەدا چەندین کێشەی ئاڵۆز لەگەڵ هەرێمی کوردستان سەرهەڵدەدەن، بە تایبەتیش لە پارێزگاکانی کەرکووك و دیالە وتکریت و موسڵ.هەرچەندە دەستووری عێراقی لەڕووی تیۆرییەوە ئەم کێشانەی یەکلاکردۆتەوە، بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستوور، بەڵام لەڕووی پراکتیکەوە ئەو ماددەیە پەکخراوە، حکومەتی بەغداش وادەیەکی بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە دەستنیشان کردبوو کە ساڵی ٢٠٠٧ بوو، بەڵام حکومەتی بەغدا هیچ هەوڵێکی بۆ نەدا، بگرە ئاستەنگ و لەمپەری خستە بەردەم جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە، بۆیە هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعە بەرپرسیارێتیی جێبەجێ نەکردنی ئەم ماددەیەی دەکەوێتە ئەستۆ، تەنانەت هێندێك لە سیاسەتوانی شیعەش شانازی بەوەوەدەکەن کە ڕێگربوونە، بێ گومان ئەمە پێشێلکردنێکی ئاشکرای دەستووری عێراقییە، بۆیە دەڵێم بوونی ئەم ماددەیە لە دەستووردا هیچ مانایەکی نییە، چونکە خوێنی شەهیدانە کە ئەم ماددەیەی بە تەواوی جێبەجێ کردووە و ئەو ناوچە دابڕێنراوانەی کوردستانی گەڕاندەوە، لە هەمان کاتدا نەخشەی سنووری بەشێوەیەکی پراکتیکی کێشایەوە، بۆیە حکومەتی بەغدا پێشێلی دەستووری کردو لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٥وە تا بەمڕۆ ڕا دەگات لەسەر ئەم سیاسەتە هەڵەیەی بەرامبەر ئەو ماددە دەستوورییە بەردەوام بووە، لەبەر ئەوە نابێ کورد چاوەڕوان بێت حکومەتی بەغدا ئەم ماددەیە جێبەجێ بکات، چونکە ئەو لە بنەڕەتدا دان بەو ماددەیەدا نانێت، تەنانەت هەندێ سیاسەتوانی عێراقی دەڵێن ئەم ماددەیە مردووە.

با بگەڕێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان، قۆناخی دوای موسڵ قۆناخی پاکتاوکردنی سیاسیی و ململانێی مەزهەبی و نەتەوەیی و سیاسی دەبێت، بگرە لەوەش مەترسیدارتر ململانێیەکانی نێو باڵەکانی حەشدی شەعبییە، بۆیە عەبادی هەوڵی دا شەرعییەت بە حەشدی شەعبی بدات تا بکرێتە دامەزراوەیەکی سەربازی وەك دەزگای دژەتیرۆر، چونکە زانراوە حەشدی شەعبی زۆر بە خێرایی دوابەدوای فتوایەکی سیستانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش دامەزرا، ئەمەش لە ڕووی لۆژیکەوە مانای وایە دوای رزگارکردنی موسڵ حەشد کۆتایی پێدێت، هەوڵگەلێکی زۆری ئێران لە ئارادایە بۆ ئەوەی حەشدی شەعبی بکرێتە دامەزراوەیەکی عەسکەریی شەرعی کە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێت لە شێوەی پاسداری ئێران، واتا لە ڕووی دارایی و پاڵپشتیکردنەوە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێت، بەڵام بە فەرمانی مەرجەعیەتی ئایینی بجووڵێتەوە، ئامانجی حەشدیش بەپێی مەرجەعییەتی ئایینی بریتییە لە بەرگریکردن لە شوێنە پیرۆزەکانی کەربەلاو نەجەف وسامەڕا و کازمیەو بەغدا.

من پێموایە کە قۆناخی دوای رزگارکردنی موسڵ ململانێیەکی بەهێز لە نێوان سوننەو شیعە بەخۆوەدەبینێت، ئەگەر سوننە هەوڵنەدەن هەرێمێکی تایبەت بەخۆیان یان چەند هەرێمێك لە پارێزگایەکەیان دابمەزرێنن، هەروەها ململانێی خوێناوی ڕوودەدات لەنێوان کوردو حەشدی شەعبی لە کەرکووك و دیالە، ئەگەر کورد سەربەخۆیی ڕانەگەیەنن، چونکە سەربەخۆیی تاکە چارەسەرە بۆ هەموو کێشە سیاسی و ئابووری و سەربازی و دیبلۆماسییەکانی هەرێم، بەڵام چەند سەربەخۆیی دوا بکەوێت ئەوەندە کێشەکان لەگەڵ سوننەو حەشدی شەعبی ئاڵۆزتر دەبن، لەبەر ئەم هۆیە سەرۆك بارزانی قەناعەتی بەوە هەیە کە ئێستا کاتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هاتووە، گەڕانەوە بۆ عێراق کە خەباتی لەپێناویدا کرد بەفیڕۆچوو، با مێژووش بزانێت کە هەر بزاڤێکی سیاسیی کوردی یان هەر لایەنێکی دیاریکراوی کوردی پشتگیریی لە سەربەخۆیی نەکات، ئەوا بە لایەنێکی دوژمنکار دادەنرێت و هیچ جیاوازیی نییە لەگەڵ ئەو لایەنەی شەڕی دژی نەتەوەی کوردو کوردستان بەرپاکردووە.

*** پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**سەرۆک بارزانی قەناعەتی بەوە هەیە کە ئێستا کاتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هاتووە، گەڕانەوە بۆ عێراق کە خەباتی لەپێناویدا کرد بەفیڕۆچوو**

**قۆناخی دوای رزگارکردنی موسڵ ململانێیەکی بەهێز لە نێوان سوننەو شیعە بەخۆوەدەبینێت، ئەگەر سوننە هەوڵنەدەن هەرێمێکی تایبەت بەخۆیان دابمەزرێنن، ململانێی خوێناویش ڕوودەدات لەنێوان کورد و حەشدی شەعبی**

**حەشدی شەعبی زۆر بە خێرایی دوابەدوای فتوایەکی سیستانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش دامەزرا، ئەمەش لە ڕووی لۆژیکەوە مانای وایە دوای رزگارکردنی موسڵ حەشد کۆتایی پێدێت**




## فەریق جەمال محەمەد

### سوپاسالاری هێزی پێشمەرگە بۆ گوڵان:

# پرۆتۆكۆڵی نێوان پێنتاگۆن و وەزارەتی پێشمەرگە پێوەندی به پرۆسەی ئازادكردنی موسڵەوە نییە

ئیمزاكردنی پرۆتۆكۆڵی سەربازی لە نێوان پێنتاگۆن و وەزارەتی پێشمەرگە، وەرچەرخانێكە لە رۆڵ و گرنگیی پێگەی هەرێمی كوردستان لە ناو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش. ئەم رێككەوتنە كە لە خۆیدا دانپێدانانی ئەمریكایە وەك سەرۆكی هاوپەیمانی نێودەڵەتی دژی داعش بە ئیرادە و قارەمانیەتی پێشمەرگە وەك هێزی سەربازی كە لەسەر زەوی توانای تێكشكاندنی تیرۆریستانی داعشی هەیە. لەلایەكی دیكەوە ئەم پرۆتۆكۆڵە خۆی لە خۆیدا لێكتێگەیشتنە لە نێوان دوو وەزارەتدا كە فەرماندەی هێزە چەكدارەكانی دوو وڵات دەكەن، لەم راستەوە پێشمەرگە وەك سوپای نیزامی كوردستان ئیعترافی پێكراوە، لایەنێكی دیكەشی ئەوەیە كە ئەم لێكتێگەیشتنە هاوكاتە لەگەڵ دەنگۆی پرۆسەی ئازادكردنەوەی موسڵ، بۆیە پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم لێكتێگەیشتنە پەیوەستە بە شەڕی ئازادكردنی موسڵەوە؟ بۆ قسەكردن لەگەڵ لەسەر ئەم پرسانە و پلانی ئازادكردنەوەی شاری موسڵ، گوڵان ئەم دیمانەی لەگەڵ فەریق جەمال محەمەد سوپاسالاری هێزی پێشمەرگە كرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی گوڵان-ی دایەوە.

*** دیاره ئەو ڕێککەوتنی لێکتێگەیشتنەی لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و پێنتاگۆن ئیمزا کرا، کۆمەڵێك خاڵی گرنگ بۆ هاوکاری لە نێوان ئەمریکا و هەرێمی کوردستان لە خۆی دەگرێت. گرنگترین خاڵەکانی ناو ئەو لێکتێگەیشتنە چین و ئایا لەسەر بواری دابینکردنی چەك و تەقەمەنی و پێداویستی سەربازی ئاماژە بە چی کراوە؟**

- ئەو پرۆتۆکۆڵەی لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا واژو کراوە، دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر دێت. ئەوە بۆ دوو ساڵە پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ و لە سەنگەری پێشەوەی شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعشدا لە هێڵی بەرگریدایە. هەروەك ئێوەش دەزانن کاتێك هەرێمی کوردستان دووچاری ئەو قەیرانە داراییە بوو، ئەوا نوێنەرانی هەموو وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا کە لێرەن هەستیان کرد ئەو قەیرانە داراییە بارگرانییەکی زۆری بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی و هێزی پێشمەرگە بەتایبەتی دروستکردووە، کە پێشمەرگەش لە نزیکەی هەزار کیلۆمەتردا لە سەنگەرەکانی شەڕدان، کاتێکیش بەم دواییە شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی ئەمەریکایان کرد، ئەوا ئامانج لەو سەردانە داواکردنی هاوکاری بوو بۆ هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە بەتایبەتی. دواتر شاندێکی کۆنگرێسی ئەمەریکا بە یاوەری چەند کۆنگرێسمانێك هاتنە کوردستان و سەردانی هێزی پێشمەرگەیان کرد و بنکەکانی مەشق و ڕاهێنانیان بەسەر کردەوە و گەیشتنە قەناعەتێکی تەواو کە هێزی پێشمەرگە لە دۆخێکدایە پێویستیان بە هاوکاریکردنە، ئەوە بوو لەم دواییە ئەمەریکا بڕی ٤١٥ ملیۆن دۆلاری وەکو هاوکاری بۆ هێزی پێشمەرگە تەرخانکرد، ئەم هاوکارییەش بەشێکی بۆ مووچەی بەشێك لە هێزەکانی پێشمەرگە تەرخان کراوە. ئەمەش مەسەلەیەکە ئەوان خۆیان بڕیاریان لێداوە، واتە ئەمە بڕیاری وەزارەتی پێشمەرگەی خۆمان نییە، کە ئەوان خۆیان بەرنامەی چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو بڕە پارەیەیان داناوە، ئەو بەرنامەیەش ئەوەیە لە ماوەی ٩ مانگدا ئەو بڕە پارەیە دابەش بکرێت، کە ئەوە ماوەی پرۆتۆکۆڵەکەشە.

*** ئایا ڕۆڵی سەرۆك مەسعود بارزانی لەم پرسەدا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- بە دڵنیاییەوە جەنابی سەرۆك ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە شەڕی دژ بە داعشدا، کە لە دەستپێکی شەڕەکەشدا دژی تیرۆرستانی داعش ڕۆڵێکی کارای هەبووە و ئەمە ڕاستیەکە کە هاوپەیمانان و وڵاتانی ئەورووپی و وڵاتانی ئیقلیمیش لێی ئاگادارن کە جەنابیان وەك پێشمەرگەیەك لەسەنگەرەکانی پێشەوە بووە، هەروەها سەرپەرشتی داڕشتنی پلانی ئۆپەراسیۆنەکانی کردووە. جیهانیش شاهێدی بۆ ئەمە دەدات و سەرجەم وڵاتانیش ئەوەیان بەدی کرد کە ئەو خۆی سەرپەرشتی ئەو هێزانە دەکات و ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە تێپەڕاندنی ئەو قۆناخە و بەدەستهێنانی ئەو سەرکەوتنانە.

*** وەك ئەوەی لە میدیاکانەوە گوێمان لێ بووە، ئەم لێکتێگەیشتنەی نێوان هەرێم و ئەمریکا، واتە نزیکبوونەوەی ئازادکردنی موسڵ و بەشداری پێشمەرگە لەو ئۆپەراسیۆنەدا، ئایا بەپێی ئەم لێکتێگەیشتنە ئاستی بەشداریکردنی پێشمەرگە چۆن دەبێت و تا چەند هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا و سوپای عێراق و حەشدی وەتەنی هەیە و ئامادەباشی بۆ کراوە؟**

- لە ڕاستیدا واژوکردنی ئەو پرۆتۆکۆڵە تەنیا بۆ ئامانجی ڕزگارکردنی شاری موسڵ نییە، وەك ئەوەی زۆر کەس بەم شێوەیە لێکدانەوەی بۆ دەکات، یان ئەوەی هەندێ جار لە ڕاگەیاندنەوە بەم شێوەیە دەخرێتەڕوو. چونکە یەکەم، چەکی هێزی پێشمەرگە چەکێك نییە بۆ بە کرێدان (ایجار)، دواتر ئەمە یەکەمین شەڕی ئێمە نییە، ئەوە دوو ساڵە هێزی پێشمەرگە لەشەڕدایە و هاوپەیمانەکان نوێنەریان لەوەزارەتی پێشمەرگە هەیەو هەفتانە لەگەڵیاندا کۆدەبینەوە. پێشتریش هاوکارییە سەربازییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا لە چەك و تەقەمەنی دەستەبەرکراون و تا ئێستاش مەشق و ڕاهێنانەکانیان بەردەوامییان هەیە. تەنانەت دوو لە لیواکانی ئێمە کە لیوای ١و٢ی هێزی پێشمەرگەیە مەشق و ڕاهێنانیان لەلایەن هێزی ئەمەریکاوە پێ کراوە و پڕ چەك کراون و تا ئێستاش ٤ فەوجیان تەواو بووە و تەنیا ٢ فەوجیان ماوە، کە ئەوانیش مەشقەکانیان تەواو دەکەن و سەرجەم چەکەکانیشیان چەکی ئەمەریکین و لەلایەن ئەو وڵاتەوە بۆیان دابین کراوە. سەبارەت بە شەڕی موسڵیش ئەوا پلانی ڕزگارکردنی شارەکە لەلایەن عێراقییەکانەوە دادەنرێت و هەماهەنگی دەبێت لەگەڵ هێزی هاوپەیمانەکان و هێزی پێشمەرگە. لە ڕاستیدا چەندین فاکتەر هەبوون کە بوونە هۆی دواخستنی ڕزگارکردنی موسڵ، یەکێك لە هۆکارەکان بۆ سوپای عێراق دەگەڕێتەوە کە ئەو ئامادەکارییەی نەبووە، لە بەر ئەوەی ئەوان سەرقاڵ بوون بە شەڕی ڕزگارکردنەوەی ڕومادی و تکریت و فەلوجە و هێشتا ناوچەی دیکەش ماون کە

**ئەو ناوچانەی لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە ئازادکراوە، هەموویان بە خوێن ڕزگارکراون و مەحاڵە پێشمەرگە لەو ناوچانە پاشەکشە بکات، ئێمە تاوەکو ئێستا بۆ ڕزگارکردنی ئەو ناوچانە زیاتر لە ١٥٠٠ شەهیدمان داوە**

**جەنابی سەرۆک ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە شەڕی دژ بە داعشدا و لە دەستپێکی شەڕەکەشدا دژی تیرۆرستانی داعش ڕۆڵێکی کارای هەبووە و ئەمە ڕاستیەکە کە هاوپەیمانان و وڵاتانی ئەوروپی و وڵاتانی ئیقلیمیش لێی ئاگادارن**

**پێداگیری حەشدی شەعبی بۆ بەشداریکردن لەو شەڕەدا زیاتر بۆ کەمتەرخەمی و لایەنگیری حکومەتی عێراق بۆ حەشدی شەعبی دەگەڕێتەوە، کە دانی بەوەدا ناوە حەشدی شەعبی هێزێکی عێراقی و ئەمنییە و شانبەشانی هێزە چەکدارەکانی دیکەی لەشکری و لەژێر سەرپەرشتی سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی عێراقدان**

**خەڵکی موسڵ و بەتایبەتی عەرەبی سوننەی شارەکە رازی نین بە بەشداریکردنی حەشدی شەعبی لە شەڕی ئازادکردنەوەی موسڵدا، ئەم هەڵوێستەش بۆ چەند هۆیەک دەگەڕێتەوە، یەکێک لەو هۆکارانە ئەوەیە کە لە کاتی رزگارکردنی شاری تکریت، ئەگەری ئەوە هەیە خەڵکانێکی زۆر رفێندرابێتن و دەربەدەر کرابێتن و موڵک و ماڵیان تاڵان کرابێت، کە ئۆباڵەکەشیان خستە ئەستۆی حەشدی شەعبی**

**بە چوونە نێو شاری موسڵەوە، ئەوا تا ئێستا جەنابی سەرۆک بڕیاری وای نەداوە و تەنانەت سەرکردایەتی خۆشمان گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە پێیان باش نییە هێزی پێشمەرگە بچێتە ناو شاری موسڵەوە. کە ئەگەری ئەوە هەیە هێزی نانیزامی بچنە شارەکەوە و دەستبدەنە خراپەکاری و دواتر پەنجەی تاوان بۆ هێزی پێشمەرگە درێژ بکرێت**

رزگار بکرێن. بۆ نموونە لە بێجییەوە تاکو موسڵ زیاتر لە ٢٠٠ کیلۆمەتر دەبێت، کە دەبێت سەرجەم ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکرێن. بەپێچەوانەوە رۆژهەڵات و باکوور و تەنانەت رۆژئاوای موسڵ لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە کۆنترۆڵکراوە و بە دڵنیاییەوە پێشمەرگە لە رزگارکردنەوەی شاری موسڵ رۆڵی سەرەکی دەبێت، بەڵام تاوەکو ئێستا بڕیار نەدراوە کە هێزی پێشمەرگە بچێتە نێو شاری موسڵەوە.

*** دیارە ئێستا لە پارێزگای نەینەوا تەنیا ناو شاری موسڵ و چەند شارۆچکەیەکی بچووك لە باشووری شاری موسڵ ماون کە ئازاد بکرێنەوە، دیارە وەك وەزیری بەرگری عێراق ئاماژەی بە خاڵەکانی رێککەوتنەکە کرد، دەڵێت، دوای ئازادکردنەوەی موسڵ وا رێککەوتن کراوە پێشمەرگە لە موسڵ بکشێتەوە، ئایا مەبەست لە کشانەوەی پێشمەرگە چییە؟ ئایا مەبەست لە موسڵ ناو شاری موسڵە، یان تەواوی پارێزگای نەینەوا؟**

- لە راستیدا من گوێبیستی ئەو لێدوانەی وەزیری بەرگری عێراق نەبووم، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە چوونە نێو شاری موسڵەوە، ئەوا تا ئێستا جەنابی سەرۆك بڕیاری وای نەداوە و تەنانەت سەرکردایەتی خۆشمان گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە پێیان باش نییە هێزی پێشمەرگە بچێتە ناو شاری موسڵەوە. کە ئەگەری ئەوە هەیە هێزی نانیزامی بچنە شارەکەوە و دەستبدەنە خراپەکاری و دواتر پەنجەی تاوان بۆ هێزی پێشمەرگە درێژ بکرێت. ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە شاری موسڵ لە کورد و عەرەب و مەسیحی و لایەنەکانی دیکە پێکدێت و ئێمە نامانەوێت دۆخەکە بگاتە ئەو راددەیەی کە بوترێت ئەمە شەڕی کورد و عەرەبە. هەروەها ئێمە بۆ سەرکردەکانی خۆیشمان روون کردووەتەوە کە پێویستییەکی ئەوتۆمان بە ناو شاری موسڵ نییە، تاوەکو لەسەر چوونە ژوورەوەی ناو شارەکە سوور بین.

*** لە پارێزگای نەینەوا تەواوی ناوچە کوردستانییەکان و هەروەها ئەو ناوچانەشی کە هەڵگرانی ئایینی مەسیحی و ئایینەکانی دیکەی لێیە هەر لە شنگالەوە تا دەگاتە بەعشیقە بە دەستی پێشمەرگە ئازادکراونەتەوە، خۆشمان دەزانین لەسەر دەستی تیرۆریستانی داعش چ کارەساتێك بە سەر کورد و مەسیحی و کوردانی ئێزیدی و شەبەك هاتووە. ئایا چارەنووسی ئەو ناوچانە دوای ئازادکردنەوەی موسڵ چۆن دەبێت؟ ئایا جارێکی دیکە پێشمەرگە ئەو ناوچانەی کە بە خوێن ئازادی کردوون پاشەکشەی لێ دەکات؟ یان ئایا جارێکی دیکە چارەنووسی ئەو خەڵکە ئێزیدی و مەسیحی و شەبەکە دەخاتەوە بەر مەترسی؟**

- ئاشکرایە کە ئەو ناوچانەی لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە ئازادکراوە، هەموویان بە خوێن رزگارکراون و مەحاڵە پێشمەرگە لەو ناوچانە پاشەکشە بکات، ئێمە تاوەکو ئێستا بۆ رزگارکردنی ئەو ناوچانە زیاتر لە ١٥٠٠ شەهیدمان داوە. بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە پێش ئێستاش هێزی پێشمەرگەی هەر لێبووە.

*** دیارە بۆ بەڕێوەبردنی موسڵی دوای داعش، پێویستە هێزێکی ناوخۆی موسڵ ئاسایشی ئەو شارە بپارێزێت، ئایا بیر لەوە کراوەتەوە کوردی موسڵ لە چوارچێوەی (حەشدی وەتەنی) هێزێکیان بۆ دروست بکرێت بۆ ئەوەی بتوانن لە ناو موسڵ بەرگری لە خۆیان بکەن؟**

- هەمیشە سەرکردایەتی خۆمان جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە لە رزگارکردنی شاری موسڵ گرنگتر ئەوەیە رێککەوتنێك هەبێت بۆ قۆناغی دوای رزگاکردنی ئەم شارە، ئەو رێککەوتنە زیاتر رێککەوتنێکی سیاسی دەبێت و پێویستە سیاسییەکان بەم کارە هەڵبستن، نەك کەسانی سەربازی، کەواتە دەبێت پێش رزگارکردنی شاری موسڵ رێککەوتنی سیاسی هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی ئەو شارە. ئەو رێککەوتنە زۆر گرنگترە لە پرۆسەی رزگارکردنی موسڵ. کە پێویستە ئەو رێککەوتنەش پێکبێت لە لایەنی عێراقی و لایەنی هەرێمی کوردستان و بە ئامادەبوونی هاوپەیمانەکان و ئەمەریکا بێت، بۆ ئەوەی بتوانن لەسەر ئیدارەدانی شارەکە و رێگریکردن لە دووبارە هێرشکردنەوە سەر شارەکە رێکبکەون. چونکە وەك ئاشکرایە دانیشتووانی ئەو شارە پێکدێن لە کورد و عەرەب و شەبەك و مەسیحی و ئێزیدی و تورکمان، کە هەموویان لەو شەڕەدا بەشدارن و پێویستە رێککەوتنێك هەبێت بۆ ئیدارەدانی ئەو شارە لە دوای شەڕەکەوە. ئەگەرنا تووشی هەمان ئەو کێشانە دەبینەوە کە لە دوای رووخانی رژێمی عێراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا رووبەڕوویان بووینەوە، چونکە ئێمە پێش هاتنی داعشیش کێشەمان هەبووە لەگەڵ عێراقدا، وەك کێشەی جێبجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ و کێشەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم. بەڵام ئەوەندەی من ئاگاداربم تا ئێستا ئەو رێککەوتنە نەکراوە، بەڵام دەبێت بکرێت و پێویستە ئەمەریکاش تێیدا بەشدار بێت.

*** ئەوەی لە سەروبەندی دەنگۆکانی ئازادکردنەوەی**

**موسڵ لەسەر ئاستی فەرماندە شیعەکانی حەشدی شەعبی شیعەوە گومان لێی دەبێت، جەخت لەوە دەکەنەوە بە هەرشێوەیەك بێت دەبێت حەشدی شەعبی لە پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ بەشداری بکات، ئایا مەبەست لە پێداگیری بۆ بەشداری حەشدی شەعبی لە ئازادکردنەوەی موسڵ چییە؟**

- ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین خەڵکی موسڵ و بەتایبەتی عەرەبی سوننەی شارەکە رازی نین بە بەشداریکردنی حەشدی شەعبی لە شەڕی ئازادکردنەوەی موسڵدا، ئەم هەڵوێستەش بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە، یەکێك لەو هۆکارانە ئەوەیە کە لە کاتی رزگارکردنی شاری تکریت، ئەگەری ئەوە هەیە خەڵکانێکی زۆر رفێندرابێتن و دەربەدەر کرابێتن و موڵك وماڵیان تاڵان کرابێت، کە ئۆباڵەکەشیان خستە ئەستۆی حەشدی شەعبی. هەروەها لە فەلوجەش ئەو خراپەکارییانەمان بینی کە لە راگەیاندنەکانەوە بڵاودەکرانەوە و تا ئێستاش کەسانێك هەن چارەنووسیان نادیارە. خەڵکی موسڵیش کە نزیکەی دوو ملیۆن هاووڵاتی تێدا نیشتەجێیە بە هەمان شێوە دەترسن کە دووچاری هەمان خراپەکاری ببنەوە. ئەم کێشەیەش زیاتر رووبەڕووی حکومەتی عێراقی دەبێتەوە، چونکە ئەوان خۆیان شارەکانی خۆیان بەڕێوەدەبەن، لە موسڵ و لە تکریت و ناوچەکانی دیکە. بەڵام گرنگە بۆچوون و داواکاری خەڵکی ناوچەکە بە هەند وەربگیرێت کە دەیانەوێت چ هێزێك بەشدار بێت و چ هێزێك لەم شەڕە دوور بخرێتەوە، چونکە ئەگەر لێکتێگەیشتنێك لە نێوان خەڵکی ناوچەکە و ئەو هێزانە نەبێت کە بەشدار دەبن لە رزگارکردنی ئەو ناوچانە، ئەوا کارەسات روودەدات. لە راستیدا پێداگیری حەشدی شەعبی بۆ بەشداریکردن لەو شەڕەدا زیاتر بۆ کەمتەرخەمی و لایەنگیری حکومەتی عێراق بۆ حەشدی شەعبی دەگەڕێتەوە، کە دانی بەوەدا ناوە حەشدی شەعبی هێزێکی عێراقی و ئەمنییە و شانبەشانی هێزە چەکدارەکانی دیکەی لەشکری و لە ژێر سەرپەرشتی سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی عێراقدان. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کە حەشدی شەعبی هەموو ئیمکانیەتێکیان لەبەردەستدایە و هەندێ جار رۆڵێکی گەورەتریان هەیە لە رۆڵی سوپای عێراقی. ئەوەی پەیوەندی بەو ناوچانەشەوە هەبێت کە لە ژێر دەستی هێزی پێشمەرگەدان، ئەوا هەروەك دەزانن جگە لە بوونی هێزی نیزامی بوونی هێزی دیکە قابیلی قبووڵ نییە، کە ئێستا لە مەخموور فیرقەیەکی هێزی عێراقی بە رەزامەندی جەنابی سەرۆك جێگیرکراوە تا رزگارکردنەوەی ناوچەکانی گەیارە. ئەوەی پەیوەندی بە باشووری موسڵەوە هەبێت کە لە ژێر کۆنترۆڵکردنەوەی سوپای عێراقدا، ئەوا خۆیان بەرپرسیارن کە چ هێزێك بەشدار دەبێت، یان بەشدار نابێت. بەڵام لە کۆتاییدا هەر هێزێك بەشدار بێت و خەڵکی ناوچەکە پێی رازی نەبێت و دواتر کارەسات رووبدات، ئەوا بە پلەی یەکەم حکومەتی عێراقی بەرپرسیارێتییەکەی هەڵدەگرێت.

*** ئێستا ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا وەك پەرلەمانێکی لۆکاڵ سەرقاڵی ئەوەیە هاوکاربێت لە پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ و ئامادەباشی دەکات بۆ هەماهەنگی لەگەڵ بەغدا و هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی شوێنێك بۆ ئەو ئاوارانە دابین بکرێت کە مەزندە دەکرێت لە میانەی پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ ئاوارە بن، ئایا لەسەر ئەم پرسە تاچەند لە نێوان هاوپەیمانان و بەغداو هەولێر و ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا هەماهەنگی کراوە؟**

لە راستیدا دەبێت ئەو هەماهەنگییە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکرێت، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە پرسی ئاوارەکانەوە، چونکە جگە لە هەرێمی کوردستان هیچ شوێنێکی دیکە نییە ئاوارەکان پەنای بۆ ببەن. ئێستا ئێمە پێشبینی ئەوە دەکەین کە ٥٠٠ هەزار بۆ یەك ملیۆن کەس لە خەڵکی موسڵ ئاوارە ببن و هەمووشیان روودەکەنە کوردستان، کە لە رۆژئاوای دیجلەوە تاوەکو مەخمور درێژ دەبێتەوە و ئێوەش دەزانن کە رۆژانە ئاوارەکان لای مەخمورەوە روودەکەنە کوردستان، هەروەها لای بەعشیقەشەوە دێن. ئەوەی پەیوەندی بە ئەنجومەنی پارێزگای شارەکەوە هەبێت، ئەوا ئەمە مەسەلەیەکی ئیدارییە و هەروەك ئێوەش ئاگادارن ئەوان سەردانی عەبادی-یان کردووە. بەڵام هەر کاتێك داوای کاری مرۆیی لە پێشمەرگە کرابێت، ئەوا لەو باوەڕەدام کە هیچ هێزێك هێندەی پێشمەرگە بەدەم داواکارییە مرۆییەکانەوە ناچێت. ئەوەتا لە کەرکووك و مەخمور و دەوروبەری موسڵەوە پێشمەرگە لە رووی مرۆییەوە پێشوازییەکی باشی ئەو پەنابەرانە دەکات کە روویان تێدەکەن. بەڵام تا ئێستا شەڕی رزگارکردنەوەی موسڵ دەستی پێنەکردووە، ئەگەر دەستی پێکرد، دەبێت پلانێك هەبێت بۆ چۆنیەتی پێشوازیکردن لەو ئاوارانە کە دەبێت رێڕەوی سەلامەتیان بۆ دابین بکرێت، چونکە ئەگەر ئەو رێڕەو سەلامەتانە دیاری نەکەیت و خەڵکی بە هەڕەمەکی بێن، ئەوا خەڵکانی مەدەنیش دووچاری کارەسات دەبنەوە، کەواتە دەبێت لەم رووەوە رێکەوتنێك هەبێت و ئەو رێڕەوانە دەستەبەر بکرێن.

**شاندێکی کۆنگرێسی ئەمەریکا بە یاوەری چەند کۆنگرێسمانێک هاتنە کوردستان و سەردانی هێزی پێشمەرگەیان کرد و بنکەکانی مەشق و راهێنانیان بەسەر کردەوە و گەیشتنە قەناعەتێکی تەواو کە هێزی پێشمەرگە لە دۆخێکدایە پێویستیان بە هاوکاریکردنە، ئەوە بوو لەم دواییە ئەمەریکا بڕی ٤١٥ ملیۆن دۆلاری وەکو هاوکاری بۆ هێزی پێشمەرگە تەرخانکرد**

**کاتێک هەرێمی کوردستان دووچاری ئەو قەیرانە داراییە بوو، ئەوا نوێنەرانی هەموو وڵاتانی رۆژئاوا و ئەمەریکا کە لێرەن هەستیان کرد ئەو قەیرانە داراییە بارگرانییەکی زۆری بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی و هێزی پێشمەرگە بەتایبەتی دروستکردووە، کە پێشمەرگەش لە نزیکەی هەزار کیلۆمەتردا لە سەنگەرەکانی شەڕدان**

# هەرێمی کوردستان لەبەردەم تەحەددیگەلێکدا



سەلاح بەدرەدین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

کوردی ناوچەکەو جیهان و هاوبەشەکانی عەرەب و نەتەوەکانی دیکە ئەوانەی پەرۆشی پێوەندییەکانی دۆستایەتی و بەیەکەوەژیانی ئاشتین لەنێوان هەردوو گەلی کورد و عەرەب لە عێراق و وڵاتانی دیکەدا، هاوکات هەموو ئەوانەی گرنگی بە چارەسەری ئاشتییانەی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و نەتەوەیی وڵاتەکانمان دەدەن لەسەروویانەوە کێشەی کورد، زۆر بە بەردەوامی بایەخ بە یەکەمین ئەزموونی نموونەیی دەدەن لە رۆژهەڵاتی ناوین بۆ چارەسەری کێشەی کورد کە خۆی لە چارەسەری فیدراڵی و دەستووری و سازان بەرجەستە دەکات لە هەرێمی کوردستان کە چەندین دەیەیە بەری رەنجی تێکۆشانی گەلی کوردستان و مایەی شانازیی عەرەبی عێراق و هێزە نیشتمانییەکانیانە لەو دەستکەوتە گەورەیەدا، هاوکات جێی ئاسوودەیی ئازادیخوازانی ناوچەکەیە وەك هەنگاوێك بەرەو ئاشتیی کۆمەڵایەتی و بەیەکەوەژیانی هەموو نەتەوەکان لەسەر خاکێك کە فرەییە لە نەتەوەو ئایین و تژییە لە سوپرایس، هەروەها فاکتەری پۆزەتیڤە لە سەقامگیری و رێگەگرتن لە شەڕخوازان و پیلانی هێزە کانی تیرۆر.

بۆیە بەقەدەر ئەو گرنگییە ستراتیژییە گشتگیرەی نموونەی ئێستای هەرێمی کوردستان و پێوەندی بە چارەنووسی عێراق و کورد و گشت کوردی ناوچەکەوە، هاوکات پێوەندییەکانی نێوان فرە نەتەوەکان و مەسەلەی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و ئاسۆی بنیادنان و ئاوەدانکردنەوەو بەدیهێنانی ئاشتی و بەیەکەوەژیان، چەندین تەحەددی هەن کە هەڕەشە لەو ئەزموونە سەرکەوتووە دەکەن لەپێشەوەیان مەسەلەی پەرەپێدان و بەهێزکردنی، هەروەها هەندێکیان ناوخۆیین و هەندێکی دیکەش دەرەکی، بەشێك لەو تەحەددییانە پەیوەستن بە فاکتەرە خودی و بابەتییەکانەوە، بەشێکی دیکەش کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی پیلانگێڕیی کۆن و نوێی ئیقلیمی و دراوسێوە، لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەو تەحەددیگەلە بخوێنینەوەو لەم تەوەرانەدا هەڵسەنگاندیان بۆ بکەین:

## یەکەم: تازەکردنەوەو چاکسازی

سەرەڕای مەترسییەکانی تیرۆرو هەڕەشەی داعش و ئابلۆقەی ئابووری و سیاسەتە دوژمنکارەکانی هێزە مەزهەبییەکانی خاوەن دەسەڵات لە حکومەتی بەغدا، بەڵام پێویستە پرۆسەی چاکسازی و دارایی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و کاراکردنی بەرنامەکانی پەرەپێدان و پلانە هەنووکەییەکان و دوورخایەنی ئابووریی نەوەستن، چونکە بریتین لە میکانیزمی کارای خۆڕاگری لەبەردەم هەموو جۆرەکانی ئابلۆقە و بەرتەسککردنەوەی ئەو ئەزموونە کە لە جیهانی ئازادیی گەلان و بنیادنانی دەوڵەت و قەوارەکان بە سەرکەوتوو لەقەڵەم دەدرێت، بێ گومان هەندێ کێشەی ئاڵۆز هەن کە دەبێ بێ دوودڵیی ڕووبەڕوویان ببینەوە، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە بوارەکانی ژیانی گەلی کوردستانەوە کە سەدەیەکە زیاتر بە هەموو شێوەیەك قوربانی دەدات و شایەنی ژیانێکی بەختەوەرو سەربەرزانەیە، لێرەدا مەبەست هەندێ قەیرانە وەك مووچەو کارەباو ئاو و خزمەتگوزارییە تەندرووستییەکان و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکانی بەکاربردن، بۆیە لەم بوارەدا ئەرکی حکومەت و دامەزراوە شەرعییەکانە کە ئەم خزمەتگوزارییانە بۆ ئەو گەلەی کە دەنگیان پێداون دابین بکەن، ناکرێ تەنیا پابەندبین بەو دروشمە( هەموو شتێك لەپێناو شەڕی دژ بە داعش و تیرۆر) چونکە دەستەبەرکردنی پێداویستی و مەرجەکانی خۆڕاگریی گەل گرنگترین شەڕو ئەولەویەتە لە کاتەکانی ئاشتی و شەڕدا، بۆیە ئەوەی کە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم ڕووەوە بەڵێنی داوە، گەلی کوردستان وەك ئومێدێك لێی دەڕوانێت و پابەندی دەبێت.

## دووەم: یەکێتیی ڕیزی ناوخۆ

هەمیشەو بەدرێژایی مێژووی خەباتی گەلان و لە کەلتووری بزووتنەوەکانی رزگاریخوازیی نیشتمانیدا، لەکاتی مەینەتی و سەرهەڵدانی قەیرانەکاندا پەنا دەبرێتە بەر گەل، دیارە شتێکی شاردراوە نییە کە رەوشی ئێستای هەرێمی کوردستانی عێراق زۆر باش نییە، جا ئەگەر گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانی و بەدرێژایی جوگرافییەکەی یەکگرتوو بوویێت و چارەنووسی هاوبەش بوویێت، ئەوا حزب و هێزە سیاسییەکانی هەرگیز لەگەڵ یەکدی نەسازاون، هەروەها چەند گروپ و توێژی سەرەکێش خۆیان خزاندۆتە ئامێز هێزە مەزهەبییەکان لە عێراق یان لایەنگری ئێران بوونە، ئەوانە هەمیشە ئاژاوەو ئاشووبیان لە ناوخۆ هەڵگیرساندووە و بە ڕووی شەرعییەت و حکومەتی هەرێم و دامەزراوە شەرعییەکانی یاخی بوونە، ئەویش لە ڕێی ڕاگەیاندنی هەرێم و کانتۆنی دیکە بەتایبەتیش لەو هەلومەرجە ناسك و مەترسیدارەدا، لەجیاتی ئەوەی کە ئەو گرووپە حزبییە سەرکێشانە پەند لە مێژووی ئەزموونی هەرێمی کوردستان وەربگرن، هەر لە شۆڕشی ئەیلوول و سەردەمی شەستەکانی سەدەی رابردووەوە تا بە ئێستادا رادەگات، کاتێ رێبازی نیشتمانی و دیموکراسیی بە سەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر سەرکەوت و خۆڕاگریی نواندو توانا و رەسەنایەتی و پێشەنگیی سەرکردایەتیی خۆی بۆ هەموو لایەك سەلماند.

## سێیەم: ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر

وەستان بەڕووی تیرۆر تەنیا بریتی نییە لەوەی کە بە زەبری چەك شەڕی لەگەڵدا بکەین، بەڵکو دەبێ بە فیکرو هەڵوێستی سیاسی و کەلتوور و ئیرادەی میللی بێت، هەمیشە لە رۆژهەڵاتی خۆمان هەندێ گرووپی سەرکێش و تیرۆریست ماوەیەك لەنێو خۆیاندا بەشەڕدێن، ئەوەندە ناخایەنێت یەکدەگرنەوە یان تاقمی دیکە شوێنیان دەگرنەوە، ئەوەش لەبەر نەبوونی میتۆدو پاشخان و بەرنامەیە، لەدوای لەناوبردنی تیرۆرو ڕووداوەکانی رابردوو، واتا بەر لە دووساڵ کاتێ موسڵ داگیرکرا بەهۆی سستی و کەمتەرخەمیی ناوەندە مەزهەبییەکان لە بەغدا و تەگبیرێکی دیاریکراوی دیمەشق و تاران، دەبینین کە چەکدارانی داعش ڕوویان لە هەولێر کرد، بەتایبەتیش کە دەزانین کە دیارترین و بەرچاوترین سەرکردەکانی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستە لە ئەفسەرە بەعسییە بچووکەکانی سەردەمی سەدام حوسێنی گۆڕبەگۆڕن، ئەوانە خاوەن هەڵوێستی قەومچێتیی و رەگەزپەرستی و دوژمنایەتیی سەرسەختن دژ بە کورد و سەرکردەکانیان بەتایبەتیش دژی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانن کە پەرۆشی چارەنووسی گەلەکەیەتی، سەبارەت بە تیرۆریستان و ئەوانەشی پشتیوانییان دەکەن لە دەزگاکانی سەر بە رژێمەکانی ناوچەکە کە گەلی کوردیان بەسەردا دابەش بووە، ئەوانە ئامانجیان لەناوبردنی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان و پاکتاوکردن یان لاوازکردنی سەرکردایەتیی مێژوویییە کە نەك هەر لەلایەن گەلی کوردستانەوە مایەی ڕێزو قبووڵکردنە، بەڵکو لەلایەن هێزەکانی ئیقلیمی

سەرەڕای مەترسییەکانی تیرۆر و هەڕەشەی داعش و سیاسەتە دوژمنکارەکانی هێزە مەزهەبییەکانی خاوەن دەسەڵات لە حکومەتی بەغدا، پێویستە پرۆسەی چاکسازی و دارایی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و کاراکردنی بەرنامەکانی پەرەپێدان نەوەستن

ناکرێ تەنیا پابەندبین بەو دروشمە (هەموو شتێک لەپێناو شەڕی دژ بە داعش و تیرۆر) چونکە دەستەبەرکردنی پێداویستی و مەرجەکانی خۆڕاگریی گەل گرنگترین شەڕ و ئەولەوییەتە لە کاتەکانی ئاشتی و شەڕدا

هەموو گەلێک وەک مافێکی بنەڕەتیی خۆی لەوانەش گەلی کوردستانی عێراق شایانی ئەوەیە بڕیار لە چارەنووسی ئیداری و سیستەمی سیاسیی خۆی بدات بەو شێوەیەی کە بیەوێت، ئەمەش بە ویستی زۆرینە دێتەدی

**لەو هەلومەرجە سەخت و نەخوازراوەی کە هەرێمی کوردستان پێیدا تێدەپەڕێت، تەنیا ئەوە لەبەردەم کورددا ماوەتەوە کە پابەندی یەک بژاردە بێت، ئەویش ئەو ئەزموونە سەرکەوتووەی هەرێمی کوردستان و وەستان بە یەک ریز لەگەڵ ئەو رێبازەی کە مسعود بارزانی گرتوویەتەبەر**

و نێودەوڵەتیشەوە، ئەو گەلەی کە بڕیاری دا بەرەوڕووی تیرۆر بوەستێتەوە، کاتێ بەرەنگاری تیرۆری دەوڵەتی بەعس بووەوە و هەر زوو لەگەڵ هاوپەیمانان رێککەوت لەسەروبەندی رووخانی دیکتاتۆریەتدا دەربارەی شێوازو میکانیزم و سیاسەتەکانی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر.

● **چوارەم: شایەنبوون بە مافی چارەنووس**

هەموو گەلێك وەك مافێکی بنەڕەتیی خۆی لەوانەش گەلی کوردستانی عێراق شایانی ئەوەیە بڕیار لە چارەنووسی ئیداری و سیستەمی سیاسیی خۆی بدات بەو شێوەیەی کە بیەوێت، ئەمەش بە ویستی زۆرینە دێتەدی، شێوازی فیدراڵیی ئێستا کە پەرلەمانی کوردستان دوای هەڵبژاردەکانی ١٩٩٢ بڕیاری لێدا واتا بەر لە نزیکەی چارەکە سەدەیەك زۆر پێویستی بە چاوپێداخشاندنەوە و پەرەپێدان هەیە تاکو بگەینە شێوەیەك لەگەڵ خواستەکانی جەماوەری کوردستاندا بگونجێت، هاوکات پێویستییەکان و ئاسایشی ئابووری و پەرەپێدان بەدی بێنێت کە خێرو داهاتەکانی هەرێم لە بەرژەوەندیی گەل و هەموو عێراقدا بێت بەدەر لە کۆنترۆڵی ناوەندەکانی هێز لە بەغدا کە لە رووی گەندەڵی و تالآن و بەهەدەردانی سامان و پاشکۆیەتیی ئێران ژمارەی پێوانەیی تۆمارکردووە، هاوکات لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی هەردوو بواری ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا رێ بکات، هەروەها هاوتەریب بێت لەگەڵ پێداویستییەکانی بنیادنانەوە، ئەوە چەندین ساڵە سەرۆکی هەرێم داوادەکات پەنا بۆ راو بڕیاری میللەت ببرێت واتا ریفراندۆمی گەلی کوردستان تایبەت بە ئەنجامدانی مافی چارەنووس ودیاریکردنی شێوازی گونجاوی ئاینده، ئەمەش بە سازان و لێککەیشتن لەگەڵ هاوبەشە عێراقییەکان، هەروەها بەپێی هەڵسوکەوتی سەرکردایەتیی سیاسی دەربارەی بەدیهێنانی بڕیارەکەی گەل لە هەلومەرجێکی گونجاودا، ئەوەی لێرەدا گرنگە بڕیاری گەلە سەبارەت بە ئایندەی خۆی بە هەموو ئازادییەکەوە، بۆیە هەتا ئەو ئارەزووە رەوایەی سەرۆکی هەرێمیش رووبەڕووی گلەیی و رەخنەی هەندێ حزب و هێزی سەرەکێش دەبێتەوە، ئەوانە لە ئێستاوە کاردەکەن بۆ تەگەرەخستنە بەردەم ئەو هەوڵە نیازپاکانە، جارێك بە ئاژاوەنانەوەو دابەشکردنەوە و جارێکی دیکەش بە پەنابردنە بەر هێزە مەزهەبییەکان ئەوانەی دەستیان بەسەر داهاتی عێراقدا گرتووە، یانیش بە فیتی دەوڵەتانی دراوسێ، بۆیە تەواوکردنی هەنگاوەکانی پەرەپێدانی ئەزموونی فیدراڵی بەرەو شێوازێکی لەبارتر ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە لە بەرژەوەندیی کوردو عێراقییەکان بە شێوەیەکی گشتی.

ئەو حزب و گرووپە سەرکێشانەی کە گلەییان لە بانگەوازەکەی سەرۆك مسعود بارزانی هەیە بۆ کۆبوونەوە و گفتوگۆکردن سەبارەت بە بڕیاردان لەسەر وادەی پرۆسەی ریفراندۆم و دەستەبەرکردنی مەرجەکانی ئەنجامدانی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو، ئەوانە لە هەمان کاتدا کاردەکەن بۆ سووکایەتیکردن بە پێگەی سەرۆکایەتی و شێواندنی لێککەیشتنی ناوخۆیی و لێدانی شەرعییەت و دامەزراوە دەستووری و یاساییەکانن، هەروەها سووکایەتیی بە رۆڵی نیشتمانی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتیی هەرێم دەکەن لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو ئامادەکارییەکانی پێشمەرگە بۆ رزگارکردنی موسڵ و چەسپاندنی دەسەڵاتی هەرێم لە ناوچە کوردستانییە ئازادکراوەکان و هەموو ئەو ناوچانەی کە داگیرکراون، هەروەها گرەودەکەن لەسەر زیاتر نانەوەی ناکۆکی لەنێوان هەولێرو بەغدا بەتایبەتیش بەر لە ئامادەکارییە سەربازییەکانی ئەم دواییە دژی داعش، سەردانەکەی ئەم دواییەی مالیکیش بۆ سلێمانی مەرامی خراپی لەپشتەوەیە.

لەو هەلومەرجە سەخت و نەخوازراوەی کە هەرێمی کوردستان پێیدا تێدەپەڕێت، هەروەها ئەو بارودۆخە ئاڵۆزو خوێناوییەی عێراق و رووداوەکانی سوریا و هەموو دەوڵەتانی دراوسێ بەتایبەتیش لەو دەستدرێژی و سەرپێچی و پیلانە چەپەڵەکانیان لەهەمبەر کورد و هەموو گەلانی ناوچەکە، تەنیا ئەوە لەبەردەم کورددا ماوەتەوە کە پابەندی یەك بژاردە بێت، ئەویش ئەو ئەزموونە سەرکەوتووەی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتییە شەرعییە هەڵبژێردراوەکەیەتی، هاوکات وەستان بە یەك ریز لەگەڵ ئەو رێبازەی کە مسعود بارزانی گرتوویەتییەبەر،هەروەها پشتیوانی لێکردنی راستگۆیانە لەو بڕیارەی کە گەل دەیدات بۆ دیاریکردنی چارەنووس و گرتنەبەری هەنگاوی چاکسازیی و چاوخشاندنەوە بە هەموو دۆسێیەکان، بەتایبەتیش دۆسێی پێوەندییە نەتەوەییەکان لەسەرروویانەوە دۆسێی سووریا و کوردی ئەو وڵاتە کە لە هەموو شتێك زیاتر پێویستی بە بنیادنانەوە هەیە.

**چەندین ساڵە سەرۆکی هەرێم داوادەکات پەنا بۆ راو بڕیاری میللەت ببرێت واتا ریفراندۆمی گەلی کوردستان تایبەت بە ئەنجامدانی مافی چارەنووس ودیاریکردنی شێوازی گونجاوی ئاینده**

# ئەمە عەشقی ئێمەیە و ئەوەش عەشقی ئێوە

بەر لە چەند رۆژێك بەرێز دكتۆر فوئاد مەعصوم سەرۆكی كۆماری عێراقی فیدراڵ لە لێدوانێكدا رایگەیاند دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی وەك خۆشەویستیی نێوان كوڕ و كچێك وایە كە هیچ مانا و سوودی نییە.

پێوەندییەكی خۆشەویستیی بەهێز لە نێوان ئێمە وەكو نەتەوەی كورد لەگەڵ وڵاتەكەمان (كوردستان) هەیە، ئەم پێوەندی و سۆزە بێ سنوورە و هەمیشە خۆبەخت كردن و قوربانیدانی هەبووە واتە هەموو مانا و سوودی هەیە، ئەم عەشقە هەمیشەییە بۆنی سۆزی لێ دێ وەك سۆزی پێشمەرگە بۆ تفەنگەكەی و خۆشەویستیی بۆ چیا و سڵاوی شەهید بۆ رۆح لەو ساتەی كە ماڵئاوایی لێ دەكات و پێشكەشی مەعشوقەكەی و خۆشەویستەكەی دەكات كە كوردستانە، لە پێناو ئەم خۆشەویستییە ئێمە بەرەوە پەتەكانی سێدارە هەنگاومان نا و ئاڵای خۆشەویستیمان بۆ خۆشەویستەكەمان بەرز كردەوە و گیانی خۆمان كردە قوربانی عەشقە هەمیشەییەكەی.

ئەم خۆشەویستییەی كە وایكرد هەزاران لاوی كورد دەست بدەنە چەك بۆ چەندین ساڵ لە پێناو پاراستنی كەرامەت و شەرەفی ئەم خۆشەویستە، ئەم خۆشەویستییەی كە وایكرد هەزاران دایك ئاواتی ئەوە بخوازن كە رۆڵەی زیاتریان هەبوایە بۆ ئەوەی بیكەنە قوربانی عەشقی خۆشەویستەكەیان كە كوردستانە، ئەم خۆشەویستییەی كە رووبەرووی ئەنفال و گۆڕی بە كۆمەڵ و كیمیا باران بۆوە و بەرگەی هەموو ناخۆشی و نەهامەتییەكانی گرت بۆ ئەوەی بژیت و بەردەوام بێت تا لە منداڵدانی ئەم ئازارانە هەزاران عاشقی دیكە لە دایكبوون.

ئەمە عەشق و وەفای ئێمەیە، بەڵام پێوەندی خۆشەویستیی ئێوە پێوەندییەكی بێ بنەما و رەگوڕیشەیە، لەسەر خاكێكی لەرزۆك بونیان نراوە كە سۆز هیچ مانایەكی تێیدا نییە و دڵسۆز شوێنی تێدا نابێتەوە، بەڵكو لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و رادەی دابینكردنی سفرە بونیات نراوە، بەڵام قوربانیدان شوێنی تێدا نییە، خۆشەویستی و عەشقی ئێوە بۆ عێراق كە نە لە ئێستا و نە لە داهاتوودا پلەی هاووڵاتی یەكەمتان پێ نابەخشن، دڵنیابە بتانەوێ یان نەتانەوێ ئێوە لە نەژادی كوردن، تەنانەت لە كاتی كۆچی دواییشتاندا لەسەر گۆڕەكەتان نانووسرێ سەرۆكی كوردی بەڵكو هەر بە سەرۆكی عێراقی دەمێنیتەوە، هەرچەندە من دەزانم ئەمە بۆ بەرێزتان هیچ گرنگییەكی نییە.

خۆشەویستیتان بۆ ئەو عێراقەی كە نقووم بووە لە تائیفەگەری هەڵگری كفنی ئەو دەوڵەتەی بەرەو پارچە بوونی دوور لە دادپەروەری و یەكسانی هەنگاو دەنێت، خۆشەویستییەكە كە قووڵایی نییە و مێژوو تۆماری ناكات و هەمیشە وەك خۆشەویستی هەرزەكارێكە كە مانا و سوودی نییە.

عەشقی ئێمە بۆ ئێمە و عەشقی ئێوەش بۆ ئێوە.




پەریزاد شەعبان بەرواری

بۆ گوڵان نووسیوویەتی



# بۆچی دەوڵەتمان گەرەکە؟



کاروان عەبدوڵا

بۆ گوڵانی نووسیوە

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەر لە گەیشتنی بە قۆناغی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی – نیشتمانی، کۆمەڵگەیەکی لێکدابڕاو و پڕ لە گرفتی ئابووری و ئازادییەکان و نەبوونی گوتاری یەکبوون و سەربەخۆیی بوو. ئەو کۆمەڵگەیە لە قۆناغی گواستنەوە و بە دەوڵەت بوونیدا، کۆمەڵێك بەهای نوێی لەگەڵ خۆی هێنا و هێندێك لە کۆنەکانیشی تووڕدا. دەمە سەرەتاکانی دروستبوونی ئەو دەوڵەتە نوێیە بەدەر نەبوون لە ململانێی نێوان نوخبەی حوکمڕان لە لایەك و حوکمڕان و خەڵکیش لەلایەکی دیکەوە، کە دواجار لە قۆناغە پێشکەوتووەکانیدا، لە پڕۆسەیەکی دیموکراسی و خەباتی جەماوەریدا دەستکەوتی گەورە لە بواری مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان بەدەست هێنرا. بەو شێوەیە پێوەندی نێوان خودی تاکەکان لە لایەك و دەوڵەت و تاکەکان لەلایەکی دیکەوە بە یاسا لەسەر بنەمای ماف و ئەرك بەبێ جیاوازی ڕێکخرا. ئەو دەوڵەتانە کە لە سەر کەلاوەی ئیمپراتۆر و دەسەڵاتی میر و نەبیلەکان دامەزران، خاوەن کەلتوورێکی دیموکراسی و کاریگەر نەبوون، تا بتوانن ڕێگای گەیشتن بە ئازادییەکان کورت بکەنەوە و خۆیان لە شەڕوشۆڕی نێوخۆیی و دەرەکی بپارێزن، زەمەنێکی زۆر و قوربانییەکی گەورەی ویست تا دەوڵەتەکانیان بوون بە دەوڵەتی هاووڵاتی .

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی سەرهەڵدانی ئەو دەوڵەتە دامەزراوانە بخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە هیچ یەك لەوانە لە ئاکامی پەرەسەندنی هوشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانیی تاکەکانی کۆمەڵگە بە وجوود نەهاتوون، بەڵکو لە هەلومەرجێکی زۆر دژوار و شەڕوشۆڕ و داگیرکردن و ململانێیە نێودەوڵەتییەکان و هەبوونی نوخبەیەکی توانادار دروست بوون، دیارە بەشێکیشیان لە ژێر فشاری بزاڤی دیموکراسی نێوخۆیی و دەرەکی، گۆڕانکاری گەورە و بنەڕەتییان بەسەردا هات، ئەوانی دیکەش تا ئێستا نەبوونەتە ئەو دەوڵەتەی کە تاکەکان تیایدا هەست بە ئینتما و هاووڵاتیبوونی خۆیان بکەن .

ئەگەر بەراوردێکی خێرای ئێستای هەرێمی کوردستان و هەلومەرجی ئەوسای پێش سەرهەڵدانی دەوڵەت و ساتەوەختی دروستبوونی ئەو دەوڵەتانە بە جیاوازی زۆری نێوانیشیانەوە بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە هەرێمی کوردستان ئەگەر ڕێگری ڕێککەوتنە لەعنەتی و بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان نەبوونایە لەمێژ بوو دەبووە خاوەن دەوڵەت و ئەگەری ئەوەش زۆر بوو دەوڵەتێکی هاوشێوەی ئیسرائیلی لێدەرچووبا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا . ئێستای هەرێمی کوردستان خاوەن کۆمەڵێك بەهای ئینسانی و زێدی چەندان ئایین و مەزهەب و نەتەوەی جۆر بە جۆرە، کە بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی پێکەوە ژیاون و بۆتە مایەی دەوڵەمەندیی کەلتوورەکەی کە ئەوەش بۆخۆی وای کردووە جۆرێك لە ئیعتیدالی ئایینی لە نێو ئایینەکانی کۆمەڵگەی کوردستانیدا کاری پێ بکرێ، ئەو واقیعە سەرنجڕاکێشە لە زۆرێك لە سەفەرنامەی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتناسەکاندا بە ڕوونی دەبینرێ و کۆمەڵگەی



نێودەوڵەتیش لە نزیکەوە هەستی پێدەکا و بە یەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی کۆمەڵگەی ئێمە دادەنرێ . ئاخر رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کە هەڵسەنگاندنی وڵاتێك، یا هەر کۆمەڵگەیەك دەکەن، زیاتر بەلای کێشە ئینسانییەکاندا دەڕۆن و دواتر دنیای لێ ئاگادار دەکەنەوە. ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان بەو کەمە توانایە و بەو قەیرانە زۆرەی کە بە سەریدا سەپێندراوە، بۆتە پەناگەیەکی زۆر گەورە بۆ هەڵاتووانی دەستی تیرۆر، وەك دیارە ژمارەیەکی زۆری ئاوارە کە لە کوردستان جێگیر بوون، لە کۆمەڵێك نەتەوە و ئایین پێکهاتوون و لە سەر خاکی کوردستان و لە سایەی ئەمن و ئاسایشی حکومەتی هەرێمدا پارێزراون، هەموو ئەو دیاردەو بەهایانە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ناچاردەکەن کە لە بەرامبەر روودانی هەر کارەساتێك، یا وەرگرتنی هەر بڕیارێك لە نموونەی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، ئەو ستاتویەو ئەو واقیعەی دێتە پێش بیپارێزن .

هەرێمی کوردستان لە رووی کەلتووری و بوارەکانی زانستی و هەبوونی فرە دەنگیی سیاسی و پراکتیزەکردنی برێك لە ماف و ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان زۆر لەو وڵاتانەی کە بەر لە نزیکەی سەدساڵی رابردوو، ئەوانەش کە لەو ساڵانەی دوایی بوونەتە دەوڵەت، دەوڵەمەندترە. کەس نییە ئەو راستییە نەبینێ کە دوای سەد ساڵ لە دامەزراندنی ئەو دەوڵەتانە بەتایبەتی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هێشتا کۆمەڵگەکانیان بە دەست حوکمی دیکتاتۆر و تاییفی و رەگەزپەرستی و دواکەوتوویی دەناڵێنن، هاووڵاتیانیان لە بچووکترین ماف و ئازادییەکان بێبەش دەکرێن، تاکەکان بێ ئەوەی لە مافە بنەڕەتییەکان بەهرەمەند بن، بۆ مەبەستەکانی دەسەڵات بەکار دەهێندرێن، کەچی لە کوردستاندا لەگەڵ ئەوەی زۆربەمان بە شێوەیەك لە شێوەکان لە واقیعەکەش نارازین، بەڵام خاوەنی زۆر خاڵی گەشەدارین، کە بە خەباتی خەڵك و بزاڤە دیموکراسییەکان هاتوونەتەدی، هەموومان شانازییان پێوە دەکەین و ناچارمان دەکەن بەرگری لە وڵات و ئەو دەستکەوتانە بکەین، ئەو بەرگرییەی ئەمڕۆ پێشمەرگەکان لە بەرەکانی دژ بە تیرۆر ئەنجامی دەدەن سەلمێنەری ئەو حەقیقەتەیە کە نیشتمانپەروەری و خاکپارێزی لە پلەیەکی باڵادایە و ئەو قوربانییانەش کە دەدرێن بۆ کۆیلەبوون و رازیکردنی دەوڵەتی عێراق نین، بەڵکو بۆ پاراستنی کەرامەتی نیشتمان و سەربەخۆبوونی کوردستانن .

ئەو بیست و پێنج ساڵەی خۆحوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان هەوراز و نشێوی زۆری بە خۆوە بینیوە، ئەزموونێکی گرنگی لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی پێ بەخشین کە دەکرێ لە رێگەی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستیدا سوودێکی زۆری بۆ قۆناغەکانی داهاتوودا هەبێ و ببنە بنەمایەك بۆ گەشەپێدانی رەهەندە جیاجیاکانی کۆمەڵگە. هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ لە قۆناغێکدایە کە سەربەخۆیی لە دەرگای ماڵەکەی دەدا. ئەگەر هەڵمەتی دژە دەوڵەتی و پاساوی

**ئێستای هەرێمی کوردستان خاوەن کۆمەڵێک بەهای ئینسانی و زێدی چەندان ئایین و مەزهەب و نەتەوەی جۆر بە جۆرە، کە بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی پێکەوە ژیاون و بۆتە مایەی دەوڵەمەندی کەلتوورەکەی کە ئەوەش بۆخۆی وای کردووە جۆرێک لە ئیعتیدالی ئایینی لە نێو ئایینەکانی کۆمەڵگەی کوردستانیدا کاری پێ بکرێ**

نابەجێی (پێنەگەیشتنی ساتەوەختی سەربەخۆیی) رێی لێ بگیرێ، ئەوە بە دڵنیاییەوە زۆربەی هەرە زۆری تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی خوازیاری دەوڵەتن و بە مافی راستەقینەی خۆیانی دەزانن. چڕبوونەوەی کێشەی فکری و سیاسی و ئابووری لە نێوان هێزە کوردستانییەکان لە بۆتەی دەوڵەتبوون و دەوڵەت نەبووندا، کێشەیەکی گەورەی بۆ خەڵکەکە ناوەتەوە و بۆتە زەمینەیەکی لەباریش بۆ وەگەڕخستنی نەخشە و پیلانی داگیرکەرانی کوردستان. ئەو نەفەس و ئایدیا دژ بە دەوڵەتە، بێموبالاتییەکی ئەوتۆی لە نێو خەڵکدا پەیداکردووە، کە ئەگەر هەروا بەردەوام بێ، کاریگەری راستەوخۆی لەسەر کەمکردنەوەی هێزی بڕیاری سیاسی دەبێ بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی. هەموومان لەوە ئاگادارین کە فکرەی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان زۆرجارلە ئەدەبیاتی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا هاتووە، بەڵام وەك دروشم و گوتاری سیاسی بەرز نەکراوەتەوە، ئەوانەش کە باسیان لە مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسین دەکرد، مەبەستیان دامەزراندنی دەوڵەت نەبووە، بەڵکو هەر شێوە ستاتویەك کە گەل بڕیاری لەسەر بدا، کەچی لە ئێستادا ئەو فکرەیە نە تەنیا لە نێوخۆ و دەرەوە باسی لێوە دەکرێ، بەڵکو بۆتە دروشم و گوتاری سیاسی، لەوەش زیاتر کاری جددیشی بۆ دەکرێ، هاوکات دەبینین دوژمنانی کوردستان بە ئاشکرا و بە نهێنی هەوڵی زۆر دەدەن بۆ لەباربردن و تێکدانی ئەو دۆخە و لەگۆڕنانی ئەو دروشمە. بەڵام هەموو ئاماژەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە سەربەخۆبوونی هەرێمی کوردستان تەنیا لەسەر ئەوە ماوەتەوە بڕیاری لەسەر بدرێ، ئەو کۆسپ و تەگەرە نێوخۆیی و دەرەکییانەش کاریگەری یەکلاکەرەوەیان نابێ بۆ وەستاندنی پرۆسەکە. ئەزموونی سەدساڵەی بە زۆر پێکەوەژیان ئەوەی دەرخست نە هەرێمی کوردستان کۆیلەتی قەبووڵە و نە عێراقیش ئامادەیە وەك هاوبەش و شەریك سەیری کوردستان بکا. نوخبەی عەربی حوکمڕان لە عێراقدا گەیشتوونەتە ئەو راستییە کە کوردستان جیادەبێتەوە، ئەوەش دەزانن کە ئەو موبادەریەشیان لە دەست نەماوە بۆ وەستاندنی ئەو پڕۆسەیە، بەڵام نایانەوێت دەست لە هەوڵەکانی خۆیان بەردەن و خەڵکی کوردستان بە ئاسانی پراکتیزەی ئەو مافە بکا. ئەوان ئێستا قورسایی هەوڵەکانیان لەسەر ئاستی نێوخۆیی (عەرەبی –کوردی) هەروا هەرێمی و نێودەوڵەتیش زێتر کردووە، بە ئومێدی ئەوەی بەرەی دژایەتی بۆ سەربەخۆیی کوردستان فراوانتر بکەن، بەڵام من پێموایە تازە کار لە کار ترازاوە، دەوڵەتی عێراق بە ئەندازەیەك ماندوو و شەکەت و پڕقەیرانە، کە لەسەر پێوەستانەوەی بە مەحاڵ دێتەبەرچاو. لە ئاستی هەرێمیشەوە دەوڵەتێکی وەك ئێران لە دیدی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، دەوڵەتێکی مەزهەبی فراوانخوازە و پڕە لە کێشەی نەتەوایەتی و پابەند نییە بە یاسا نێودەوڵەتییەکان، هەرچی سووریایە بۆتە سەرچاوەی تیرۆر و وڵاتێکی لەت و پەت کراو و مەیدانی یەکلاییکردنەوەی ململانێی زلهێزەکانە. بۆ هەمووشمان روونە کە دەوڵەتی تورکیا بە چ تونێلێکی تاریکدا تێدەپەڕێ، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ئەوروپاییەکان ئەگەرچی لە رووی دیپلۆماسییەوە پابەندن بە یەکگرتوویی خاکی عێراق، بەڵام لە واقیعدا چاوەڕێی بڕیاری یەکلاکەرەوەی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستانن. دیارە بۆ ئەمریکاش کە هاوپەیمانی سەرەکیی کوردستان و خاوەن بەرژەوەندییەکی قووڵە لە ناوچەکەدا، ئەویش لەو حەقیقەتە گەیشتووە، کە ناکرێ کوردستان بەو شێوەیەی ئێستای لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە، چونکە نە عێراق بەو دۆخەی ئێستای لە ژێر هەژموونی ئێران دەردەهێندرێ، نە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاش دەپارێزرێن، بۆیە بە زەرووڕەت هەرێمی کوردستان ئەو ناوچە گرنگە دەبێ کە ئەمریکا حیسابی تایبەتی و گرنگی بۆ بکا .

باوەڕناکەم کەسمان بۆچوونێکی میسالییانەی بۆ دەوڵەتی چاوەڕوانکراوی کوردستان هەبێ، ئەو دەوڵەتەی کە بەڕێوەیە، نە دەوڵەتی نموونەیی و نە هاووڵاتیبوون دەبێ. ئەزموونی گەلان ئەوەمان پێ دەڵێ، ئەو کاتەی لە بازنەی دەوڵەتێکی سەنتراڵی تاییفی و نادیموکرات رزگارت دەبێ و سەربەخۆیی خۆت رادەگەیێنی، بڕێك لە کەلتووری نادیموکرات و نەخۆشییەکانی سیستمی سەنتراڵ لەگەڵ خۆتدا دەهێنی، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە و دەستت دەکەوێ، ئیرادەی خۆتە، سەروەری و کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانیتە، بە هەبوونی ئەو دەوڵەتە دەتوانرێت پایە راستەقینەکانی کۆمەڵگەی هاووڵاتیبوون دابمەزرێنی و بە خەباتی دیموکراسییانەی جەماوەری بونیادی ئەو دەوڵەتە بگۆڕی و لە داهاتووشدا بیکەیتە دەوڵەتێکی دیموکراسی جێی شانازی نەوەکانمان.

**ئێستا هەرێمی کوردستان لە قۆناغێکدایە کە سەربەخۆیی لە دەرگای ماڵەکەی دەدا. ئەگەر هەڵمەتی دژە دەوڵەتی و پاساوی نابەجێی (پێنەگەیشتنی ساتەوەختی سەربەخۆیی) رێی لێ بگیرێ، ئەوە بە دڵنیاییەوە زۆربەی هەرە زۆری تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی خوازیاری دەوڵەت دەبن و بە مافی راستەقینەی خۆیانی دەزانن**

**ئەمریکا کە هاوپەیمانی سەرەکیی کوردستان و خاوەن بەرژەوەندییەکی قووڵە لە ناوچەکەدا، ئەویش لەو حەقیقەتە گەیشتووە، کە ناکرێ کوردستان بەو شێوەیەی ئێستای لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە، چونکە نە عێراق بەو دۆخەی ئێستای لە ژێر هەژموونی ئێران دەردەهێندرێ، نە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاش دەپارێزرێن، بۆیە بە زەرووڕەت هەرێمی کوردستان ئەو ناوچە گرنگە دەبێ کە ئەمریکا حیسابی بۆ بکا**

## کاپتن هۆڵت:

# کورد چاکی خۆیان نازانن

رۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی)، وەك یەكەمین رۆژنامەی كوردی لە عێراقی داتاشراودا كە لە بەغدا بە سەرپەرشتی (سۆن) لە نێوان ساڵانی ١٩١٨ — ١٩١٩دا دەردەچوو، زۆر بابەتی تێدایە كە نزیكەی سەد ساڵە نووسراون و قسەیان لەبارەوە كراوە، كەچی ئێستاش لەم سەردەمەدا هەمان كێشە هەر ماوە، ئەمەش مانای ئەوەیە كە تا رادەیەك (هیگڵ) راستی گوتووە كاتێك لە كتێبی فەلسەفەی مێژوودا دەڵێت: تەنیا وانەیەك كە خەڵك لە مێژووەوە فێری دەبن، ئەوەیە كە كەس لە مێژوو فێرنابێت.

زانایانێكی دانای كورد لەمێژە گوتوویانە كە راستە ئێمە لەگەڵ موسڵماناندا براین، بەڵام مافی نەتەوەییمان پێویستە بدرێت، كەچی زانایانێكی زۆری دیكە بەرامبەر بەم تێگەیشتنە جوانە وەستاونەتەوە و دژایەتییان كردووە و هەر لە خزمەتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون، نەك نەتەوەی خۆیان.

بڕوانە لە ژمارە ٤ بەرواری ١٩١٨/١/١٢ رۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی)دا، بابەتێكی چەند ورد نووسراوە لە ژێر ئەم ناونیشانەدا: دیانەت جیایە و سیاسەت جیایە، كە ئەم چەند دێڕە بەشێكن لەو باسە:

(دیانەت: موسڵمانان هەموو یەكن . چونكە ئیسلامییەت وا ئیقتیزا دەكا.

سیاسەت: ئەمما سیاسەت وانییە، چونكە هەر قەومێك بە نەزەر ئەو جێیەوە كە تێیدا دەژی، عادەتێك و خولقێك و زمانێكی هەیە كە لە هی قەومێكی تر ناكا.

ئەمڕۆ عەرەبیش حكومەتێكی تازەی لە مەككەی موبارەكەدا تەشكیل كرد، ئێمەش لەبەر ئەم حەقیقەتە دەڵێین دیانەت جیایە و سیاسەت جیایە.

بەڵێ، ئەقوامە موسڵمانەكان هەموو خۆشەویستی یەكن، ئەمما هیچ كامێكیان بە قووەتی شیر نەبێ رئاسەتی خۆیان بە یەكتر رەوا نابینن).

ئەمەی ئاماژەمان بۆی كرد، یەكێكە لەو خاڵە سەرەكییانەی كە رێگر بووە لە بەردەم دەستخستنی مافە نەتەوەییەكانماندا. خاڵێكی دیكەش كە رێگر بووە لە بەردەم مافە نەتەوەییەكانماندا، شكاندنی یەكدی بووە لەناو كورد خۆیدا، هەتا ئەو رادەیەی كە كورد خۆی بەدەستی خۆی ماڵی خۆی وێران دەكات.

بڕوانە ئەم بابەتە كە لە رۆژنامەی (پێشكەوتن)دا نووسراوە لە ژێر ناونیشانی (كورد و میوانپەرستیان) لە نووسینی كاپتن (ڤیڤیان هۆڵت) حاكمی سیاسیی ئەوسای چەمچەماڵ، لەلاپەڕەی ٢ی ژمارە١٣ بەرواری ١٩٢٠ /٧/٢٢

لە نووسینەكەیدا كاپتن هۆڵت لای سەیرە كە كوردان هەر ناشیرینییەكانی خۆیان دەردەخەن و لەجوانییەكانی خۆیان نادوێن، بۆیە دەڵێت:

«لەغەزەتەی پێشكەوتندا هەنێك نووسین و قسەم دیوە كە هەر لە كردەوەی كورد و كوردستان دەدوێن.. بەڵام ئەم هەفتەیە منیش قەباحەتێكی تازەم دۆزییەوە، كە كورد چاكیی خۆیان نازانن. میللەتێك كە ناوی بە خراپە زرا، چاكیش بێت هەر بە خراپ ناو ئەبرێت. ئێستا ئەم میللەتە وایان لێهاتووە بڕوا بە پیاوچاك و لەخواترسەكانی خۆشیان ناكەن.. بەڵام من كە زۆر وڵات و پیاوی رەنگ رەنگم دیوە، دەتوانم بڵێم لە هەنێك میللەت و قەومی تر زۆر زۆر چاكترە كورد).

لەمانەی باسمان كرد و لە زۆر نموونەی دیكەشدا بۆمان روون دەبێتەوە كە لێرەوەیە و لە هەموو سەردەمێكدا كورد خۆی خۆی ناشیرین دەكات لە بەر چاوی دۆست و دوژمندا، ئەوەتا لە سەردەمێكی دواتریشدا (مەلای گەورە)ی كۆیە هەر ئەم خەمە دەردكێنێت و دەڵێت:

كەسێك قەدری لای خزمان نەمێنێ
لەلای بێگانە قەدری چی دەمێنێ



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com





# شکستی کودەتاکە..
# هەلێکە بۆ ئەردۆگان
# بۆ ئەوەی گولەنیەکان رابماڵێت

**ئەوروپا و ئەمەریکا دەبنە دۆڕاوی گەورە ئەگەر تورکیا زیاتر لە کامپی رووسیا نزیک ببێتەوە و لەدەستدانی شەراکەتیان لەگەڵ تورکیادا، گورزێکی جددی دەبێت لە شەڕەکەیان دژ بە داعش لە سووریا و عێراقدا**

**کودەتاکەی تورکیا ئەو ترسەی لای رۆژئاوا دروست کردووە کە ئەو وڵاتە زیاتر و زیاتر لە رۆژئاوا دووربکەوێتەوە و پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەمەریکا و ئەوروپادا بەرەو ئاڵۆزی و گرژی زیاتر بچێت**

**ئەرۆدغان لەگەڵ سەرکردەی هەردوو حزبی جەهەپە و مەهەپە کۆبووەوە، بەڵام ئەوەی سەرنجدرا بانگهێشتنەکردنی سەرۆکی پارتی گەلانی دیموکراتی بوو، کە پارتێکی کوردییە**

**ئەمە ساتەوەختێکە کە پێویستە پارتی داد و گەشەپێدان ئاوڕ لە پرسی ئاشتی لەگەڵ کورددا بدات و هەنگاوی جددی هەڵبگیرێت لەم رووەوە**

لە روانگەی زۆرێك لەو کەسانەی کە چاودێر و تایبەتمەند بوون لەسەر پرسی تورکیا، ئەو کودەتا شکستخواردووە، یان ئەو هەوڵی کودەتایەی کە لە ١٥ی حوزەیرانی ئەمساڵدا لەو وڵاتەدا روویدا، رووداوێکی پێشبینی نەکراو بووە و لە تێڕوانینی ئەواندا ئەوەی روویدا، مایەی سەرسوڕمان و لە دەرەوەی رووداوە چاوەڕوانکراوەکاندا بوو. چونکە پێیانوا بوو کە هەل و مەرجەکە لەبار نییە، یاخود پاساوی کودەتا لە ئارادا نییە و حکومەتێك جڵەوی حوکمڕانی بەدەستە کە پشتئەستوورە بە زۆرینەی دەنگی خەڵکی وڵاتەکە و سەقامگیریی ئابووری دەستەبەر کردووە، ئەمە سەرەڕای ئەو رەخنانەی کە رووبەڕووی ئەردۆغان دەبوونەوە، بەوەی کە کەسێکە مەیلی ئەوەی هەیە دەسەڵاتی زیاتر لە دەستی خۆیدا کۆبکاتەوە و بە ئاراستە و ئاقاری خۆسەپێنیدا هەنگاو هەڵدەگرێت. کەسانێکی کەمیش هەبوون کە ئاماژەیان بە ئەگەری رووداني کودەتا دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هۆشداریان دەدا کە هەر هەوڵێکی کودەتا بە سەرکەوتن کۆتایی نایەت، ئەگەر نەتوانێت پشتیوانییەکی بەرفراوانی خەڵك دەستەبەر بکات، چونکە ئەمە ئەو پەندەیە کە کودەتا سەرکەوتووەکانی وڵاتی تورکیا پێمان دەڵێن. واتە دەبێت ئەو کەسانە هۆشیار بن بەو راستییەی کە ئەگەر خەڵك وەك ئامرازێکی گەڕاندنەوەی ئارامی و سەقامگیری لە کودەتا نەڕوانن، ئەوا شکست دەبێتە چارەنووسی کودەتاکە و بەرجەستەبوونی ئەم حاڵەتەمان لە کودەتاکەی ئەم دواییەی تورکیادا بینی. یەکێك لەوانە گونول تول بوو، کە بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی تورکیە لە پەیمانگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وتارێکیدا بە ناونیشانی "Turkey's Next Military Coup" کە لە ٣٠ ئایاری ٢٠١٦دا و لە گۆڤاری "Foreign Affairs" دا بڵاویکردۆتەوە، ئەگەرەکانی رووداني کودەتا لە تورکیادا تاوتوێ دەکات و ئەم توێژەرە پێیوابوو کە هەمیشە سوپا پشتئەستور بووە بە لایەنگیری جەماوەر و کاتێك بڕیاریداوە دەستێوەردان لە سیاسەتدا بکات. کودەتا سەربازییەکەی ساڵی ١٩٨٠، کە خوێناویترین کودەتا بوو لە مێژووی تورکیادا، پشتیوانییەکی گەورەی جەماوەری لەگەڵدا بوو، کە پێیانوابوو دەستێوەردانی سوپا پێویست بوو بۆ گەڕاندنەوەی سەقامگیری. لەبەرئەوە بەو دەرئەنجامە دەگات کە هەر دەستێوەردانێك لە دژی ئەردۆغان و ئاك پارتی، کە لە دوایین هەڵبژاردندا نزیکەی لە سەدا ٥٠ی دەنگەکانیان بەدەستهێناوە، پشتیوانییەکی جەماوەری کەمی لێدەکرێت و هەوڵەکانی سوپاش تێکدەشکێنێت بۆ گەڕاندنەوەی پێگەی خۆی لە کۆمەڵگەدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەی کودەتاکەش شکستی هێنا لە جێبەجێکردنی ئەجێنداکەیدا، ئەوا لە ئێستادا پێدەچێت کە هەموو کات و کۆششی دەوڵەت و بگرە خەڵکی تورکیاش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی دوای ئەو هەوڵە شکستخواردووەدا تەرخان کرابێت، کە رەنگە بتوانین بڵێین سەرنەکەوتنی ئەم کودەتایە گۆڕانکاری گەورەتری بە دوای خۆیدا هێنا بە بەراورد بەو گۆڕانکارییانەی کە کودەتاچییەکان ئامانجیان بوو بەدی بهێنن. چونکە ئەوەی لە ئێستادا لە تورکیادا دەگوزەرێت، نەك تەنیا هەوڵی دۆزینەوە و دەستنیشانکردن و دواتر دەستگیرکردن و دادگاییکردنی ئەو کەسانەیە کە لە کودەتاکەوە تێوەگلاون، بەڵکو ئەردۆغان دەستی داوەتە پرۆسەیەکی قووڵتر و بەرفراوانتر نەك تەنیا بۆ ئەنجامداني چاکسازی، بەڵکو بۆ پاکسازی و راماڵین و دوورخستنەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە پێیوایە سەر بە بزوتنەوەکەی عەبدوڵا گولەن-ن، کە ئەردۆغان پێیوایە ئەم کەسایەتیە لە پشتی رێکخستن و جێبەجێکردن و ئەنجامداني ئەو پیلانگێڕییەوە بووە. کەواتە ئەرۆدغان دەیەوێت گۆڕانکارییەکی سەرتاپاگیر و سەرتاسەری لە تورکیادا ئەنجام بدات و بە یەکجاری ئەگەری رووداني پیلانێکی لەم جۆرە ریشەکێش بکات و ترس و دڵەڕاوکێ کودەتایەکی دیکە بڕەوێنێتەوە. بە دڵنیاییەوە پێشتر ئەردۆغان خولیای ئەوەی هەبوو گۆڕانکاری زیاتر و قووڵتر لە تورکیادا ئەنجام بدات، هەم لە سیستمی سیاسیی وڵاتەکەدا و هەم لە خودی کۆمەڵگەکەشدا، کە لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت ئایا هەوڵەکانی ئەردۆغان تەنیا بۆ نەهێشتنی و کۆتایی هێنانە بە زەمینەی رووداني کودەتایەکی دیکە لە ئایندەدا، یاخود دەیەوێت دوورتر بڕوات و تمووحی ئەوەی هەیە کە سەرتاپای سیستمە سیاسییەکە و بگرە کۆمەڵگەکەش لەسەر روانگە و دیدگا و دنیابینییەکانی خۆی دابڕێژێتەوە؟ بێگومان ئەو بارودۆخەی ئێستاش هاتۆتەئاراوە دەرفەتێکی زۆر

لەبارە و ئاماژەکانیش ئەوە دەخەنەڕوو کە دەیەوێت تا دواسنوور سوودی لێوەربگرێت، چونکە ئەگەر ئەم هەل و مەرجە بە دەستی ئەویش دروست نەبووبێت، ئەوا بە دڵی ئەو وەرچەرخاوە و هەروەك خۆی رایگەیاند «ئەمە دیاری خودایە.»

**● ئەندامانی گولەن لە هاوپەیمانی دەسەڵاتەوە بۆ بارگرانی و مەترسی لە سەر دەسەڵات**

ئاشکرایە کە لە سەرەتای دەرکەوتن و هەڵکشانی کاریگەری و قورسایی پارتی داد و گەشەپێدان و دواتر گرتنەدەستی جڵەوی حوکمڕانیێتی، لێکنزیکی و هاوپەیمانێتییەك هەبوو لە نێوان ئەم پارتە و بزووتنەوەکەی فەتحوڵا گولەندا و تەنانەت ئەندامان و کادیر و کەسانی پیشەیی سەر بە بزووتنەوەکەی گولەن بوونە بناغەیەك بۆ پارتەکەی ئەردۆغان کاتێك ئەرکی حوکمڕانیێتی گرتەئەستۆ، چونکە ئەم پارتە کەسانی پێویستی نەبوو بۆ هەڵسووڕاندن و ئیدارەدانی دام و دەزگاکانی دەوڵەت. لەبەر ئەوە رەنگە ئەوە وەسفکردنێکی ورد نەبێت کە دەوترێت ئەندامانی گولەن رووچوونەتە نێو دامەزراوەکانی حکومەت، چونکە ئەم ئەم ئەندامانە بۆشایی و کەلێنێکی گەورەیان بۆ پارتی داد و گەشەپێدانی حوکمڕان پڕکردەوە، تەنانەت دواتریش پێکەوە کاریان کرد بۆ پەڕوباڵکردنی سوپا و کارکردن بۆ ئەوەی ببێتە دامەزراوەیەکی ملکەچ بۆ دەسەڵاتی مەدەنی. بەڵام دواتر گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان پارتەکەی ئەردۆغان و بزووتنەوەکەی گولەندا دروست بوو، کە گەیشتە ئەو رادەیەکی حکومەتی تورکیا دەست بداتە تەنگپێهەڵچنینی هەندێ لەو دامەزراوانەی سەر بە بزووتنەوەکەی گولەن بوون. لە ئێستاشدا و لە دوای رووداوی کودەتا شکستخواردووەکەوە ئەردۆغان تەواوی ئۆباڵی ئەم کارە دەخاتە ئەستۆی گولەن و دەستی داوەتە هەڵمەتێك بۆ دوورخستنەوەی زۆرێك لە ئەندامانی ئەم بزووتنەوەیە لە زۆرێك لە دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا، واتە نەك هەر تەنیا دامەزراوەی سەربازی، بەڵکو زانکۆ و دادگا و دامەزراوە مەدەنییەکانی دیکەشی گرتۆتەوە. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتەئاراوە کە راستە هەر وەك ئەردۆغان رایگەیاند کە دەبێت کودەتاچییەکان باجێکی قورس بدەن، بەڵام ئایا خودی تورکیاش باجێکی گەورە نادات کاتێك ئەو دامەزراوانە لە توانا و لە کارمەندەکانیان بەتاڵ دەکرێنەوە؟ چونکە هەروەك هەندێ لە چاودێران دەڵێن کاریگەری ئەو پاکسازییانە لەسەر هەندێ هێزی ناو سوپا، بۆ نموونە هێزی ئاسمانی گەیشتۆتە رادەی ئیفلیجکردنی ئەو هێزە. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین کە ئەم کودەتایە ئەگەرچی شکستخواردووش بوو، ئەوا دەرئەنجامی قووڵ و دوورمەودای لێدەکەوێتەوە، هەم لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەم لەسەر ئاستی دەرەکی. ئەگەری ئەوەش هەیە ئەو کاریگەرییانە بە ئاراستەیەکی زیانبەخش بۆ کۆمەڵگەی تورکی بشکێنەوە و بواری ئەوەش هەیە بکرێنە دەرفەتێك بۆ بەرەودان بە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لەو وڵاتەدا. لەسەر ئاستی دەرەکیش ئەگەری ئەوە هەیە ئاڵ و گۆڕ و وەرچەرخان بە سەر سیاسەتی دەرەوە، یان پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەو وڵاتەدا بێتەئاراوە.

**● ساتەوەختی لێکترازان، یان دەرفەتێك بۆ ئاشتەوایی**

ناکرێت ئەو دەنگانە نادیدە بگرین کە گوزارشت لە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی خۆیان دەکەن لە ئاست کاریگەرییەکانی ئەو رێوشوێنانەی حکومەتی تورکیا گرتوویەتەبەر و دەیانگرێتەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی دوای کودەتاکەدا. چونکە راستە حکومەت پاساوی خۆی هەیە بۆ لێپرسینەوە و دادگاییکردنی ئەو کەسانەی لە کودەتاکەوە تێوەگلاون، بەڵام ناکرێت بە رادەیەك بن کە ببنە هۆی قووڵترکردنەوەی ئەو جەمسەرگیرییەی کە لە کۆمەڵگەی تورکیدا هەیە و بە چەشنێك بێت کە زەمینەی دابەشبوون و لێکترازان و لێکدابڕان بسازێنێت، کە ئەمەش سەربکێشێت بۆ سەرهەڵدانی ناسەقامگیری و تێوەگلان و درێژەپێدان بە شەڕی ناوخۆیی. چونکە راستە پارتەکەی ئەردۆغان توانیویەتی زۆرینەی دەنگی خەڵك بۆ خۆی مسۆگەر بکات، بەڵام دەبێت ئەو راستیەشی لەبەرچاو بێت کە نیوەی کۆمەڵگەکەش دەنگی پێنەداوە، بەڵام ئەوە نیوەیەی لە رووی سیاسیەوە رکابەر و بەرهەڵستکارن، نابێت بواری ئەوە برەخسێنێت لێکترازانی کۆمەڵایەتی و جەمسەرگیری توند دروست ببێت. لە راستیدا ئەم ساتەوەختە دەرفەتێکی گەورەی خوڵقاندووە بۆ ئەردۆغان بۆ ئەوەی کار لەسەر تێپەڕاندنی ئەو دابەشبوون و لێکدابڕانانەش بکات کە لە کۆمەڵگەی تورکیدا بوونیان هەیە، چونکە لە سەرەوەختی

**پارتی گەلانی دیموکراتی لە ماوەی حوکمڕانییەکەیدا توانیویەتی لە پاڵ هێنانەدی سەقامگیری سیاسی و ئابووریدا، هەنگاوی گەورە هەڵبگرێت بۆ چەسپاندنی پایەکانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و کۆتاییهێنان بە شەڕێکی درێژخایەن کە هەم بارگرانییەکی گەورە بووە لەسەر ئابووری ئەو وڵاتەکە و هەم گیانی چەندەها کەس لە کورد و تورک تێیدا بوونە قوربانی**

**راستە پارتەکەی ئەردۆغان توانیویەتی زۆرینەی دەنگی خەڵک بۆ خۆی مسۆگەر بکات، بەڵام دەبێت ئەو راستیەشی لەبەرچاو بێت کە نیوەی کۆمەڵگەکەش دەنگی پێنەداوە، بەڵام ئەوە نیوەیەی لە رووی سیاسیەوە رکابەر و بەرهەڵستکارن، نابێت بواری ئەوە برەخسێنێت لێکترازانی کۆمەڵایەتی و جەمسەرگیری توند دروست ببێت**

**راستە حکومەت پاساوی خۆی هەیە بۆ لێپرسینەوە و دادگاییکردنی ئەو کەسانەی لە کودەتاکەوە تێوەگلاون، بەڵام ناکرێت بە رادەیەک بن کە ببنە هۆی قووڵترکردنەوەی ئەو جەمسەرگیرییەی کە لە کۆمەڵگەی تورکیدا هەیە و بە چەشنێک بێت کە زەمینەی دابەشبوون و لێکترازان و لێکدابڕان بسازێنێت**

**هەندێ لە چاودێران دەڵێن کاریگەری ئەو پاکسازییانە لەسەر هەندێ هێزی ناو سوپا، بۆ نموونە هێزی ئاسمانی گەیشتۆتە رادەی ئیفلیجکردنی ئەو هێزە. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین کە ئەم کودەتایە ئەگەرچی شکستخواردووش بوو، ئەوا دەرئەنجامی قووڵ و دوورمەودای لێدەکەوێتەوە، هەم لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەم لەسەر ئاستی دەرەکی. ئەگەری ئەوەش هەیە ئەو کاریگەرییانە بە ئاڕاستەیەکی زیانبەخش بۆ کۆمەڵگەی تورکی بشکێنەوە**

**ئەوەی لە ئێستادا لە تورکیادا دەگوزەرێت، نەک تەنیا هەوڵی دۆزینەوە و دەستنیشانکردن و دواتر دەستگیرکردن و دادگاییکردنی ئەو کەسانەیە کە لە کودەتاکەوە تێوەگلاون، بەڵکو ئەردۆغان دەستی داوەتە پرۆسەیەکی قووڵتر و بەرفراوانتر نەک تەنیا بۆ ئەنجامدانی چاکسازی، بەڵکو بۆ پاکسازی و راماڵین و دوورخستنەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە پێیوایە سەر بە بزوتنەوەکەی عەبدوڵا گولەن-ن، کە ئەردۆغان پێیوایە ئەم کەسایەتیە لە پشتی رێکخستن و جێبەجێکردن و ئەنجامدانی ئەو پیلانگێڕییەوە بووە**

رووداني كودەتاكان، هەموو لایەنە سیاسییە بەرهەڵستكارەكان و دەزگاكانی راگەیاندن و ئەو لایانەی كە دووچاری تەنگپێهەڵچنینی ئەردۆغانیش ببوونەوە، یەكهەڵوێست و یەكدەنگ بوون لە رەتكردنەوەی كودەتاكەدا، ئەگەرچی لە رووی سیاسیشەوە هاوڕا و هاوهەڵوێستی ئەردۆغان نەبوون. كۆبوونەوەی ئەرۆدغان لەگەڵ سەركردەی هەردوو حزبی جەهەپە و مەهەپە، هەنگاوێك بوو بەو ئاڕاستەیەدا، بەڵام ئەوەی سەرنجدرا بانگهێشتنەكردنی سەرۆكی پارتی گەلانی دیموكراتی بوو، كە پارتێكی كوردییە، كە لە راستیدا ئەمە ساتەوەختێكە كە پێویستە پارتی داد و گەشەپێدان ئاوڕ لە پرسی ئاشتی لەگەڵ كورددا بدات و هەنگاوی جددی هەڵبگیرێت لەم رووەوە، كە ئەم پارتەش لە ماوەی حوكمڕانییەكەیدا توانیویەتی لە پاڵ هێنانەدی سەقامگیری سیاسی و ئابووریدا، هەنگاوی گەورە هەڵبگرێت بۆ چەسپاندنی پایەكانی ئاشتەوایی كۆمەڵایەتی و كۆتاییهێنان بە شەڕێكی درێژخایەن كە هەم بارگرانییەكی گەورە بووە لەسەر ئابووری ئەو وڵاتەكە و هەم گیانی چەندەها كەسی لە كورد و توركی تێیدا بوونە قوربانی. لەو پێیناوەشدا پرۆسەی ئاشتی دەستی پێكرد و بەرەوپێشچوونیشی تێدا بەدی هات، كە بەداخەوە دواتر ئەو پرۆسەیە داڕووخا و سەرلەنوێ ئاگری شەڕ هەڵگیرسایەوە. كە جارێكی دیكەش ئەو راستییە سەلمێندرایەوە كە ناكرێت ئەم كێشەیە بە چارەسەرنەكراوی و بە هەڵپەسێردراوی بمێنێتەوە و ناكرێت لە رێگەی شەڕیشەوە یەكلابكرێتەوە.

### • سیاسەتی دەرەوەی توركیا لەبەردەم وەرچەرخاندا

كودەتاكەی توركیا ئەو ترسەی لای رۆژئاوا دروست كردووە كە ئەو وڵاتە زیاتر و زیاتر لە رۆژئاوا دووربكەوێتەوە و پێوەندییەكانی لەگەڵ ئەمەریكا و ئەوروپادا بەرەو ئاڵۆزی و گرژی زیاتر بچێت، كەواتە ئاشكرایە ئەم كودەتایە دەرئەنجامی جیۆپۆلەتیكیشی لێدەكەوێتەوە و رۆژئاوا بە جددی لەم مەسەلەیە دەڕوانێت.

لە ئێستادا دوو پرسی زۆر گرنگ و جددی هەن كە دەكرێت دەرهاویشتەكانی ئەم كودەتایە كاریگەری گەورەیان هەبێت لەسەریان. یەكەمیان پەیوەستە بە رۆڵی توركیاوە وەك هاوكار و هاوبەشێك لە شەڕی دژ بە داعشدا، چونكە ئاڵۆزبوونی پێوەندییەكانی توركیا لەگەڵ ئەمەریكادا -بەهۆی پێداگیری توركیاوە لەسەر رادەستكردنەوەی فەتحوڵا گولەن كە لە ئەمەریكا نیشتەجێیە- كاریگەری سلبی دەكاتە سەر ئەم شەڕە و ئەگەری گرژبوونی پێوەندیەیكانی توركیا و ئەوروپاش زیاتر دەكات. ئەگەری گەڕاندنەوەی سزای لەسێدارەدانیش ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی ئەو رێككەوتنەی لێدەكرێت كە لە نێوان توركیا و یەكێتی ئەوروپادا ئەنجام دراوە بۆ ئەوەی توركیا رێگە لە شەپۆلی كۆچبەران بگرێت و لەبەرامبەردا یەكێتی ئەوروپاش هاوكاری دارایی توركیا بكات و مەرجی ڤیزا لەسەر گەشتكردنی هاووڵاتیانی توركیا بۆ ناوچەی شنگن هەڵبگرێت. هەروەها ئەوەی زیاتر رۆژئاوای نیگەران كردووە، ئەگەری زیاتر لێكنزیكبوونەوەی ئەردۆغانە لە پوتین و وەرچەرخانی زیاتری سیاسەتی دەرەوەی توركیا بە ئاڕاستەی رووسیا. كە هەروەك كەمال كرێزجی- كە خۆی توركە و چاودێر و شرۆڤەكارێكی وردی پەرەسەندنەكانی توركیایە، لە وتارێكیدا بە ناونیشانی « ”The geopolitics of Turkey’s failed coup كە لە پەیمانگای برۆكینگزدا بڵاوی كردۆتەوە، دەڵێت: ئەگەر وا دەربكەوێت كە توركیا لە نۆرمەكانی رۆژئاوا دووردەكەوێتەوە، ئەی ئایا لە رۆژئاواش دووردەكەوێتەوە؟ ئەگەری ئەوە هەیە. لە تشرینی دووەم ٢٠١٣دا- دوای چەندین ساڵ و دوای چەندین جار لە دەستپێكردن و راوەستانی گفتوگۆكانی پەیوەست بە ئەندامێتی توركیا لە یەكێتی ئەوروپا- ئەردۆغان هەوڵیدا پشتیوانی ڤلادمیر پۆتین بەدەست بێنێت بۆ قبووڵكردنی توركیا لە رێكخراوە ئیرۆئاسیاییەكان، وەك شەنگهای پێنج، ئەوەش دەبووە دەستكەوتێكی جیۆستراتیجی گەورە بۆ رووسیا. ئەوروپا و ئەمەریكاش دەبنە دۆڕاوی گەورە ئەگەر توركیا زیاتر لە كامپی رووسیا نزیك ببێتەوە. لەدەستدانی شەراكەتیان لەگەڵ توركیادا، گورزێكی جددی دەبێت لە شەڕەكەیان دژ بە داعش لە سووریا و عێراقدا. لە هەمان كاتدا ئەو ئەگەرەش لاواز دەكات كە توركیا بە راستی دیموكراسیەتی شێوە رۆژئاوایی بگرێتەبەر لەم نزیكانەدا.

## سۆنەر چاپتای:

# لەوانەیە تورکیا لە ئەورووپا و ناتۆ دووربکەویتەوە و روو لە مۆسکۆ بکات

**سۆنەر چاپتای بەڕێوەبەری دیراساتی سیاسەتی تورکیا لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراسەتی رۆژهەڵاتی نزیك، لەسەر رەوشی ئێستای تورکیای دوای کودەتا شکستخواردووەکەی، وتارێکی بە ناونیشانی: (تەنگژەکان لەگەڵ رۆژئاوا روو لە هەڵکشانە: ئەردۆگان بە دوای دۆستی نویدا دەگەڕێت) نووسیوە، لێرەدا پوختەی وتارەکەی بڵاودەکەینەوە.**



ئەم کودەتا شکستخواردووەی تورکیا، بۆی هەیە دەرئەنجامی جددی لێبکەوێتەوە لەسەر هاوکاری نێوان ئەورووپا و ئەمەریکا لەگەڵ تورکیا، لە ئێستادا پێوەندییەکانی تورکیا و ئەورووپا، لە نێویاندا هەوڵەکان بۆ پێکەوەکارکردنیان بۆ راگرتنی شەپۆلی کۆچبەرانی سووریا، دووچاری مەترسی بوونەتەوە. هاوکات کەشێکی پڕ لە نیگەرانی و ترس و تاریکی باڵی بە سەر وڵاتەکەدا کێشاوە. ئەگەرچی توانرا لە ماوەی یەك رۆژدا کودەتاکە خامۆش بکرێت، بەڵام برینەکە ئەوەندە قووڵە کە ئەردۆغان دەستی داوەتە دوو رێکاری تۆڵەسەندنەوە: داوای بە دەستەوەدانی فەتحوڵان گوڵەن-ی لە ئەمەریکا و هەروەها داوای گەڕانەوەی سزای لە سێدارەدانی کردووە.

ئەو بەڵێنی داوە رەزامەندی لەسەر گەڕاندنەوەی سزای لەسێدارەدان بدات، دیارە ئەمەش زیان بە پێوەندییەکانی تورکیا بە ئەمەریکا و برۆکسلەوە دەگەیەنێت. گورزێکی دیکە کە بەر پێوەندیەکانی تورکیا بە ئەمەریکاوە کەوت، بوونی ئەو کەسانەیە کە پشتیوانی حکومەتن و باوەڕیان وایە لەبەر ئەوەی گوڵەن لە ئەمەریکا نیشتەجێیە، ئەوا ئەمە مانای وایە کە واشنتۆنیش لە کودەتاکەوە تێوەگلاوە. لەسەر ئەم پرسە بەڕێوبەری دەزگای هەواڵگری نەتەوەیی ئەمەریکا جەیمس کلاپەر بە ستوونەنوسی رۆژنامەی واشنتۆن پۆست، دەیڤید ئیگناشیۆسی راگەیاند کە: تۆمەتەکانی تورکیا کە گوایە گوڵەن هەوڵی کودەتاکەی داوە، هیچ میسداقیەتێکیان نییە، بەڵام ئەگەر دادگاکانی ئەمەریکا داوای بە دەستەوەدانی گوڵەن رەت بکەنەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە تورکیا لە بەردەم دوو بژارەدا دەبێت، یەکەم: رەنگە پرسی رادەستکردنەوەی گوڵەن بە پرسی هاوکاریکردن لە شەڕی داعش گرێ بداتەوە، دووەم: کۆتایی بە هاوکارییەکانی بۆ واشنتۆن بهێنێت کە تایبەتن بە شەڕی دژ بە داعش. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا پێوەندییەکانی تورکیا و ئەمەریکا دووچاری پچڕان دەبن.

ئەوەی پێوەندی بە یەکێتی ئەورووپاوە هەبێت، ئەگەر تورکیا سزای لەسێدارەدان بگەڕێنێتەوە، ئەوا برۆکسل گفتوگۆکانی ئەندامبوون و رێککەوتنی هەڵگرتنی ڤیزا لەگەڵ تورکیادا هەڵدەپەسێرێت، ئەگەر برۆکسل ئەو هەنگاوانە هەڵبگرێت، ئەوا ئەردۆغان هەڕەشەی دوورکەوتنەوە لە یەکێتی ئەورووپا دەکات.

بەگشتی، ئەم رەوشە پێوەندییەکانی تورکیا بە ئەورووپا و ئەمەریکاوە پتر ئاڵۆز دەکات. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە بۆچی بۆ یەکەمجارە گفتوگۆیەکی جددی دەکرێت لە ئەنقەرەوە لە بارەی ئەندامێتی تورکیا لە ناتۆدا، کە پرسیاری ئەوە دەکەن: ئایا پێویست ناکات لە بری ئەندامێتی ناتۆ، هەنگاو بەو ئاڕاستەیەدا بنێن کە ببینە دۆستی رووسیا.

پێش ئەم بارودۆخە ئەنقەرە و مۆسکۆ چەند هەنگاوێکیان هەڵگرتبوو بۆ باشترکردنەوەی پێوەندییەکانیان، ئەمەش دوای نامەکەی ئەردۆغان- لە ٢٧ی حوزەیران- بۆ پۆتین کە گوزارشتی لە پەشیمانی خۆی کردبوو. هەردوو سەرکردەکە رەزامەندییان دا لەسەر ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەك لە هەفتەی یەکەمی مانگی ئابدا بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانیان، وەك وەڵامدانەوەیەك کرملین لە ٢٩ی حوزەیراندا، هێڵی ئیرۆفلۆتی رووسی قەدەغەکردنی گەشتەکانی بۆ تورکیا هەڵوەشاندەوە، وەك ئاماژەیەك کە مۆسکۆ ئامادەیە ئەو سزایانە هەڵگرێت کە بە هۆی رووداوی خستنەخوارەوەی فڕۆکەکە سەپێندرابوون. ئەگەری ئەوە هەیە پوتین بە هەگبەیەکی باشەوە لەگەڵ ئەردۆغاندا کۆببێتەوە، وەك بەڵێندان بە باشترکردنی کەرتی گەشتیاری، بازرگانی و بواری بیناکاری و رێککەوتنەکانی راکێشانی بۆری.

دیارە ئێستادا سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە دووڕیانێکدایە. ئەگەر واشنتۆن قەناعەت بە تورکیا نەکات کە پێداچوونەیەکی جددی دەکات بە داواکارییەکەی ئەنقەرە سەبارەت بە رادەستکردنەوەی گولەن، ئەوا رەنگە ئەنقەر رووگەی خۆی بەرەو رووسیا بگۆڕێت، خۆ ئەگەر ئەنقەرەش سزای لەسێدارەدان بگەڕێنێتەوە، ئەوا ئەگەری شکستهێنانی پێوەندیەکانی یەکێتی ئەورووپا و تورکیا و رێککەوتنی پەیوەست بە ئاوارەکان دێتەئاراوە.

# کۆمپانیای کوردستان بۆ غازی سروشتی



**دکتۆر بێوار خنسی***

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

**● یەدەگی نەوت و غازی سروشتی لە کوردستان:**

بەپێی ئەنجامەکانی کنەو پشکنین کە لە لایەن کۆمپانیا بیانییەکانەوە لە ماوەی حەوت ساڵی رابردوودا کە لە کوردستان ئەنجامدرا، دەرکەوت کە قەبارەی مسۆگەری یەدەگی نەوتی بە ٤٥ ملیار بەرمیل نەوتی خاو لە ٥٧ بلۆکدا کە سنووری چالاکیی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانە خەملێنراوە، ئەمە جگە لە یەدەگی نەوت لە کەرکووك و ناوچەی خانەقین و رۆژئاوای رووباری دیجلە، ئەم یەدەگە مسۆگەرە ٤,٥٪ی قەبارەی یەدەگی جیهانیی نەوتە کە بە نزیکەی ١١٣٨ ملیار بەرمیل خەملێنراوە.

لە هەرێمی کوردستاندا نزیکەی ٥,٧ ترلیۆن مەتر سێجا غازی سروشتی لە سنووری ٥٧ بلۆکدا کە سنووری چالاکیی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانە هەیە، ئەمەش٣٪ی قەبارەی یەدەگی غازە لە جیهان کە بە نزیکەی ١٦٩ ترلیۆن مەتر سێجای غازە لە ساڵی ٢٠٠٥، بەڵام لە ساڵی ٢١٠٣ بۆ ١٨٧ ترلیۆن مەتر سێجا بەرزبۆوە. زانیارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە یەدەگی نەوت لە جیهاندا بەشی ٤٠-٤٥ ساڵی داهاتوو دەکات واتا( ٢٠٥٦-٢٠٦١)، لەکاتێکدا یەدەگی غازی سرووشتی بەشی ٦٠-٦٥ ساڵ دەکات واتا(٢٠٧٦-٢٠٨١)، کەواتە تەمەنی بەرهەمی نەوت و غاز لە کوردستان( لە تەمەنی جیهانی)ی چاوەڕوانکراو درێژترە. بۆیە ئەگەر یەك ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا بەرهەم بهێنرێت، ئەوا یەدەگی نەوتی هەرێم بەشی ١٣٥ ساڵ دەکات واتا هەتا ساڵی ٢٠٤١. لەکاتێکدا ئەگەر ٢٠ ملیار مەتر سێجا ی قەبارەی غاز بەرهەم بهێنرێت ئەوا بەشی ٢٦٥ ساڵ دەکات واتا هەتا ساڵی ٢٢٨١.

**● داهاتی چاوەڕوانکراوی دارایی لە فرۆشی نەوت و غازی کوردستان**

ئەگەر وای دابنێین کە قەبارەی یەدەگی نەوت کە ٤٥ ملیار بەرمیلە بە تێکڕایی ٥٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك بفرۆشرێت، ئەوا داهاتەکەی دەگاتە ٢٢٥٠ ملیار دۆلار، هەروەها ئەگەر هەرێم پشت ببەستێت بە تێکڕایی ٢٠ ملیار دۆلار لە ساڵێکدا، ئەوا ئەو داهاتە نەوتییە بەش زیاتر لە ١١٢ ساڵی داهاتوو دەکات، واتا تا ساڵی ٢١٣٨ لەجیاتی ( ٢٠٥٦-٢٠٦١).

لەلایەکی دیکەوە ئەگەر وای دابنێین قەبارەی یەدەگی غازی سرووشتی کە ٥,٧ ترلیۆن مەتر سێجایە، بە تێکڕایی ٢ دۆلار بۆ هەر مەتر سێجایەك بفرۆشرێت، ئەوا داهاتەکەی دەگاتە ١١٤٠٠ ملیار دۆلار، ئەگەر هەرێم ساڵانە لە بودجەکەی پشت بە غاز ببەستێت

داهاتەکەی دەگاتە ٢٠ ملیار دۆلار، ئەم داهاتە بەشی ٥٧٠ ساڵی داهاتوو دەکات، واتا تا ساڵی ٢٥٨٦ لەجیاتی ساڵی ٢٢٨١، ئەمەش مانای وایە کە تەمەنی بەرهەمی نەوت و غاز لە کوردستان زۆر لە تەمەنی بەرهەمی چاوەڕوانکراوی نەوت و غاز لە جیهاندا درێژترە.

بەراوردکردنی قەبارەی داهاتی نەوت و غاز کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە، دەیسەلمێنێت کە قەبارەی داهاتی هەرێم لە نەوت ١٦,٧٪یە، لەکاتێکدا قەبارەی داهاتی غازی سرووشتی٨٣,٣٪ی کۆی داهاتی چاوەڕوانکراوی نەوت و غازە بەپێی قەبارەی یەدەگی نەوت و غازی کوردستان، هەموو ئەو ژمارانە دووپاتی دەکەنەوە کە هەرێمی کوردستان پێگەیەکی گرنگی هەیە لەسەر نەخشەی وزەو پیشەسازیی نەوت و غاز لە جیهاندا. لە داهاتوودا قەبارەی یەدەگی نەوت و غازی سرووشتی بەرزدەبێتەوە، دوای ئەوەی کێڵگەکانی نەوت و غازی ناوچە دابڕێنراوەکان دێنەوە سەر هەرێمی کوردستان وەکو( خانەقین و کەرکووك و ناوچەی ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە، واتا قەبارەی داهاتی نەوت و غاز بۆ نزیکەی دوو ئەوەندەی یەدەگی ئێستای نەوت و غاز لە کوردستان بەرزدەبێتەوە، هەروەها تەمەنی کۆتایی بەرهەمی نەوت و غازیش لەو ژمارانەی کە لەسەرەوە باسکراون درێژتر دەبێتەوە.

**● ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی کەرتی نەوت و غازی سرووشتی دەبنەوە لە کوردستان**

ئەو کێشانەش بریتین لە کێشەکانی یاساو دامەزراوە نەوتییەکان و جیۆلۆجی و تەکنەلۆجی و پەیوەندیی هەرێم بە عێراقەوەو پشکی هەرێم لە بوودجەی عێراق و..تاد، لەبەر ئەوەی ئەو نووسینە پەیوەندیی بە غازی سرووشتییەوە هەیە، بۆیە زیاتر جەخت لەو کێشانە دەکەینەوە کە ئاستەنگن لەبەردەم پەرەپێدانی غاز لە کوردستان.

**● أ- کێشەی یاسایی:**

١- یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧، ماددەی ٣٨ی کە لە ٣ بڕگە پێکهاتووە، ئاماژەدەکەن بۆ( لە گرێبەستی نەوتدا ئەو مەرجانە دیاریدەکرێن کە پەیوەستن بە غازی سرووشتی و غازی سەربەخۆی بیرە قووڵەکان بەشێوەیەك کە پەرەپێدانی پیشەسازیی غازی سرووشتی لە هەرێم ئاسان دەکات، بەڵام بەکردەنی ناتوانرێت غاز بەپێی گرێبەستی نەوتی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، مەگەر دوای پرۆسەی کنەو پشکنین و دیاریکردنی قەبارەو جۆری غازەکە لە هەموو گرێبەستێکی نەوتی (بلۆکی نەوت).

٢- لە یاسای ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧دا ماددەیەکی تایبەتی نییە دەربارەی ( دامەزراوەی تایبەت بە غازی سرووشتی ) لەشێوەی دامەزراندنی ٥ دامەزراوەی دەستووری کە بۆ بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت لە هەرێم ڕاسپێردراون، وەك (کیبکۆ، کۆمۆ، کۆدۆ، کۆتۆ، کەی ئێن ئۆ سی) ئەمە لەلایەك لە لایەکی دیکەوەماددە دەستوورییەکان پەیوەست بە دامەزراندنی ئەو پێنج دامەزراوەیە ئاماژە بە ئەرکەکانیان لە بواری نەوت دەکەن، بێ ئەوەی ئاماژە بە غازی سرووشتی بکەن، وەکو کۆمپانیای کیبکۆ بۆ پشکنین و بەرهەمهێنانی نەوت، کۆمپانیای کۆمۆ بۆ هەناردەکردنی نەوت، کۆمپانیای کۆتۆ بۆ سندووقی داهاتی نەوتی کوردستان، کۆمپانیای کۆدۆ تایبەت بە پرۆسەی پاڵاوتنی نەوت.

٣- لیژنەی هەڵسەنگاندنی گرێبەستەکان بە پێی ماددە(٢٥)ی یاسای نەوت ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ پێکنەهات تاکو بەدواداچوون بکات بۆ ئەنجامی پرۆسەکانی کۆمپانیا نەوتییەکان و ئەوەی کە لە هەر بلۆکێکدا بە تەنیا دۆزراوەتەوە، یان هەڵسەنگاندنی قەبارەی یەدەگی نەوت و غاز و بڕ و جۆری بەرهەم و تێکڕایی تەمەنی بەرهەمی سرووشتیی ئامێرەکانی نەوت و غاز، ئەمانە هەموویان ئاماژەن کە دەکرێ پشتیان پێ ببەسترێت لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی هەموارکردنەوە لە گرێبەستەکانی نەوت، کە لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکانی بیانیدا کە لە هەرێم کاردەکەن، واژۆکران.

**● ب- دامەزراوە نەوتییەکان:**

١- ئەو پێنج دامەزراوە نەوتییانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردن و لە ماددەکانی(١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥) ی یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ دا هاتوون، تا ئێستا دانەمەزراون، سەرەڕای ئەوەی کە یاسای سندووقی کوردستان بۆ داهاتەکانی نەوت لەلایەن پەرلەمانەوە ڕەزامەندیی لەسەر دراوە، سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لە ئابی ٢٠١٥ پەسندی کردووە.

٢- کەمیی پسپۆڕو کادیرانی هونەری لە بواری نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستان لە بواری بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و غاز و جێبەجێ نەکردنی ماددەی ٤٧ی پەیوەست بە ئامادەکردنی بەرنامەی ڕوونی ڕاهێنانی کادیرەکانی ناوخۆو جێبەجێ کردنی لە هەرێم و ناوچەکانی دیکە لە عێراق یان لە دەرەوە، ئەمەش بووبوە هۆی تەگەرەنانەوە لەبەردەم پرۆسەکانی پەرەپێدانی کەرتی نەوت و چاودێریکردنی لە هەرێمی کوردستاندا.

**● ج- کێشە جیۆلۆجی و تەکنەلۆژییەکان**

١- غازی سرووشتی لە ڕووی پێکهاتە فیزیایی و کیمیاییەکانەوە دوو جۆرن، یەکەمیان غازی شیرین کە کەمتر لە ٠,٥-١,٥٪کبریتی تێدایە، دوومیان

**لە هەرێمی کوردستاندا نزیکەی ٥,٧ تریلیۆن مەتر سێجا غازی سروشتی لە سنووری ٥٧ بلۆکدا هەیە، ئەمەش٣٪ی قەبارەی یەدەگی جیهانی غازە کە بە نزیکەی ١٦٩ تریلیۆن مەتر سێجای غازە لە ساڵی ٢٠٠٥، بەڵام لە ساڵی ٢١٠٣ بۆ ١٨٧ تریلیۆن مەتر سێجا بەرزبۆوە**

**بەراوردکردنی قەبارەی داهاتی نەوت و غاز، دەیسەلمێنێت کە قەبارەی داهاتی هەرێم لە نەوت ١٦,٧٪یە، لەکاتێکدا قەبارەی داهاتی غازی سرووشتی٨٣,٣٪ی کۆی داهاتی چاوەڕوانکراوی نەوت و غازە بە پێی قەبارەی یەدەگی نەوت و غازی کوردستان**

**له یاسای ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧دا ماددەیەکی تایبەتی نییە دەربارەی( دامەزراوەی تایبەت بە غازی سرووشتی) لەشێوەی دامەزراندنی ٥ دامەزراوەی دەستووری کە بۆ بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت لە هەرێم راسپێردراون**

**داوا لە حکومەتی هەرێم و لایەنی پێوەندیدار بە گەل و حکومەتەوە دەکەین زیاتر کار لە بواری کەرتی پیشەسازیی نەوت و غازدا بکات و هەموو ئامانج و مەبەستی لە پێناو (دەوڵەتی کوردستان)دا بێت**

غـازی مـور( تـرش) کـە زیاتـر لـە ١,٥٪ی کبریتـی تێدایـە، پرۆسـەی جیاکردنـەوەو پاککردنـەوەو پیشەسـازیی پترۆکیمیاویی غـازی شـیرین چاکتـرو ئاسانتر و هەزانتـرە لە غـازی مـور، زۆربەی کێڵگەکانی غاز لە ناوەڕاست و باشووری عێراق لە جۆری غـازی شیرینن، وەکو غـازی عـەکاز و مەنسوورییە، بەڵام کێڵگەکانی غاز لە کوردستان لـە جـۆری غـازی مـورە، وەکـو خۆرمـورو چەمچەمـاڵ.

٢- سێ جـۆری غـازی سرووشـتی لـە کانەکانـی نـەوت و غـازدا هـەن، ١- کێڵگەکانـی غـازی سرووشـتیی ئـازاد، وەکـو کێڵگـەی عـەکازو خۆرمـور.٢- ئەوغـازەی یـاوەری نەوتـە کـە لەشێوەی گومەتەغـاز لەسـەر چینێـك یـان چینەگەلـی نەوتـی خـاو بەدەردەکەوێـت، وەکـو کێڵگـەی لەحفاویـە لـە باشـووری عێـراق و خەبـباز لـە کەرکـووك.

٣- غـازی تـواوە لەنێو نەوتـی خـاودا لـە کانـە نەوتییـەکان. وەکـو کێڵگـەی کەرکـووك و بـای حەسـەن و شـێخان لـە کوردسـتان و کێڵگـەی رومێلـە لـە بەسـرە.

٣- تێکڕایـی غـازی تـواوەی نـاو نەوتـی خـاو لـە کێڵگەیەکـەوە بـۆ کێڵگەیەکـی دیکـە جیـاوازە، تێکڕایـی غـازی یـاوەر لـە کێڵگەکانـی کەرکـووك بـە نزیکـەی ٢٣٠ پێ لـە هـەر بەرمیلێك نەوتـی خاو واتـا بە نزیکـەی ١٥٠ پێ بـۆ هـەر بەرمیلێك لـە کێڵگـەی بەتمە و بـە ٥٠ پێ لـە کێڵگـەی گەیـارە و ١٤٠٠ پـێ سـێجا لـە کێڵگـەی خەبباز مەزەندەدەکرێت، بۆیـە تێکڕایـی دەرهێنانـی غـازی سرووشـتی لـە کێڵگەکانـی نەوتـدا کـە غـازی تواوەیـان تێدایـە پشـت بـە بـڕی دەرهێنانـی نەوتـی خـاو دەبەسـتێت، وێـڕای جـۆری غازەکـەو ئـەو گەردانـەی تێیدایـە کـە تێچووی پاڵاوتنـی نەوتـی خـاو و غـازی سرووشـتی دەسـت نیشـان دەکات، لـە سـۆنگەی چەمکـی کێشـە جیۆلۆجـی و تەکنیکییەکانـەوە بەڕێوەبردنـی کەرتـی غـازی سرووشـتی و پیشەسـازیی غـاز و نەوتـی کوردسـتان قورسـترە لـە ناوەڕاسـت و باشـووری عێـراق.

٤- بەهـۆی تایبەتمەندیـی غـازی سرووشـتی و کەمتەرخەمیـی حکومەتـی فیـدڕاڵ لـە وەبەرهێنانـی غـاز بڕێکـی زۆری غازەکـە لـە کێڵگەکانـی عێـراق سـووتاون لەوانـەش کێڵگـەی کەرکـووك، بـڕی ئـەو غـازەی رۆژانـە دەسـووتێت بـە نزیکـەی ١٠ ملیـۆن دۆلار مەزەندەدەکرێت، شـایانی باسـە زۆر جـار ئاماژەمـان بـە گرنگیـی غـازی سرووشـتی کـردووە، هـاوکات داوا لـە لایەنـی پەیوەندیـدار کـراوە بـۆ گرتنەبـەری هەمـوو رێوشـوێنێك بـۆ راگرتنـی سـووتانی غازەکە، تاکو بە شێوەیەك بێت خزمەتی دەوڵەتی عێـراق بـکات، هەروەهـا تـا ئێسـتا غـازی سرووشـتی لـە کێڵگەکانـی کەرکـووك دەسـووتێت، بـڕی ئـەو غـازە سـووتاوە بـە نزیکـەی ٦ ملیـۆن دۆلار لـە رۆژێکدا مەزەندەدەکرێت، لـە کاتێکـدا کـە پارێـزگای کەرکـووك زۆر پێویسـتی بـە هەمەجۆرکردنـی داهـات هەیـە لەوانـە داهاتـی نـەوت و غـاز لـە پشـکی پترۆدۆلاری فرۆشـی نـەوت و غـاز.

### د- پشکی هەرێم لە بوودجەی عێراق

١- عێراقـی فیـدڕاڵ و هەرێمـی کوردسـتانیش پشـت بـە زیاتـر لـە ٩٣٪ ی نـەوت و غـاز دەبەسـتێت.

٢- پابەندنەبوونـی حکومەتـی فیـدڕاڵ بـە ناردنـی پشـکی مانگانـەی هەرێـم لەوەتـەی سـاڵی ٢٠١٤وە، بەتایبەتیـش دوای دابەزینـی نرخـی نـەوت لـە جیهـان و رەنگدانـەوەی لەسـەر بوودجـەی عێـراق و هەرێـم بـە نزیکـەی ٧٠٪ی بوودجـە بـەر لـە سـاڵی ٢٠١٤، هەروەهـا فراوانبوونـی چوارچێوەی شـەڕی تیرۆریسـتانی داعـش لـە عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان و زیادبوونـی گوشـاری ئاوارەکان لەسـەر حکومەتـی هەرێـم، هەمـوو ئەمانـە هۆکاربـوون بـۆ پەلەکردنـی حکومەتـی هەرێـم لـە پێداچوونـەوەو هەڵسـەنگاندنی داهاتـە دارایـی و ئابوورییـەکان لـە هەرێـم بـە مەبەسـتی رزگارکردنـی هەرێـم لـەو قەیرانـە داراییـە و کاریگەرییەکانـی رووداوو قەیرانـی دارایـی بـۆ سـەر هەرێمـی کوردسـتان و عێراق.

٣- ناکۆکییـە دارایـی و نەوتییـەکان و نەبوونـی متمانـە لەنێـوان بەغـداو هەولێـر هۆکارێـك بـوو بـۆ لەدەسـتدان و لاوازبوونـی شـەفافییەت و زانیاریـی نـەوت لـە هەرێمـی کوردسـتان، ئەمـەش بـە نێگەتیـڤ بەسـەر شـەقامی کوردسـتانی شـکایەوە، بـە تایبەتـی لـە سـایەی نەبوونـی رێکەوتـن و قەناعـەت لەنێـوان هێـزە سیاسـییە سـەرەکییەکان دەربـارەی بەڕێوەبردنـی کەرتـی نـەوت لـە هەرێـم.

### واقیعی بەرهەمهێنانی غازی سرووشتی لە کوردستان

تایبەتمەندییـە فیزیایـی و کیمیاییـەکان و ئـەو کانەنەوتییانـەی غـازی سرووشـتی بـە هـەر سـێ جۆرییـەوە لەخۆدەگـرن، هاوکاربـوون بـۆ ئـەوەی وەزارەتـی سـامانە سرووشـتییەکان لەرێگـەی کۆمپانیـا بیانییـەکان بتوانێـت لەئێسـتادا ئـەو غـازە سرووشـتییەی خـوارەوە بەرهـەم بهێنێـت:

١- دەرهێنانـی غـازی سرووشـتی لـە کێڵگـەی خۆرمـور بـە بـڕی ٣٣٥ ملیـۆن پـێ سـێجا بـۆ بەرهەمهێنانـی ٧٠٪ی وزەی کارەبـای هەرێـم، ئـەم بـڕە غـازەش بەرامبەر بـە نزیکـەی ٩,٨ ملیـۆن مەتـر سـێجایە لـە رۆژێکـدا، ئەگـەر نرخـی هـەر مەترێـك سـێجای غـاز بـە ٢ دۆلار بخەملێنیـن، ئـەوا رۆژانـە نرخەکـەی دەگاتـە ١٨ ملیـۆن دۆلار، واتـا ٥٥٨ ملیـۆن دۆلار لـە مانگێـك و نزیکـەی ٦,٧ ملیـار دۆلار لـە ساڵێکدا.

٢- رۆژانـە نزیکـەی ١٥٠٠ تـەن لـە غـازی شـلی

کۆمپانیای غازی باکوور لە کەرکووك بە بازاڕەکانی کوردستان دەدرێت و هەندێکیشیان لە کێڵگەکانی غازی کوردستانەوە دابین دەکرێت، جا لەبەر ئەم هۆیانە دەبینین ناوبەناو نرخی بوتڵی غاز لە کوردستان بەرزی و نزمیی بەخۆوەدەبینێت:١- دابین نەکردنی غازی شل( پێداویستی نیشتەجێبوون و پرۆژەکانی دیکە)،٢- خراپیی بەڕێوەبردن و دابەشکردن و گوشاری زۆری سەر غاز،٣- ئاوارەکان،٤- بەرەکانی شەڕی پێشمەرگە لەگەڵ داعش بە درێژایی زیاتر لە ١٠٥٠کیلۆمەتر.

٣- بەم دواییە قسە هەبوو دەربارەی هەناردەکردنی غازی سرووشتی و نەوت بۆ ئێران لە ڕێی تۆڕی هێڵی هەناردەکردنەوە، سەرباری بەرنامەی حکومەت دەربارەی ناردنی غاز بۆ تورکیا لە ماوەی ٢٠١٨-٢٠١٢، لەوێشەوە بۆ ئەورووپا. وروژاندنی ئەو بابەتە هاوکات بوو لەگەڵ قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان رووسیا و تورکیا و هەڕەشەکانی بەبڕینی غاز لەو وڵاتە کە ٥٨٪ی پشت بە غازی رووسیا دەبەستێت. یان بڕین و وەستانی ناوبەناوەی هەناردەکردنی غازی ئێران و ئازربایجان بۆ تورکیا، ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە غازی کوردستان بەشێك لەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە لە ئەنجامی ئەو بڕینە هاتۆتەدی، یاخود کەمکردنەوەی بڕی غاز کە لەلایەن هەر سێ دەوڵەتەوە( رووسیا و ئێران و ئازربایجان) بە تورکیا دەفرۆشرێت.

## ● چارەسەر و پێشنیار

بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی دەرهێنان و پیشەسازیی غاز پێویستی بە سیستەم و بەرنامەگەل و تەکنەلۆجیای پیشەسازیی غازی سرووشتی- پیشەسازیی پترۆکیمیاویات هەیە، هەروەها سوودوەرگرتن لە شارەزای جیهانی لە هەموو بوارەکانی پەیوەست بە غاز و پیشەسازیەکانی لەجیاتی هەناردەکردنی غاز، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە: ١- کوردستان ببێتە ناوچەیەك و بازاڕێکی پیشەسازییە نەوتی و غازییەکان،٢- دەیان بگرە سەدان کەرەستەی سەرەتایی پیشەسازیی غاز دەستەبەردەکات، ٣- دابینکردنی هەزاران هەلی کار بۆ هاونیشتمانیان لە کوردستان،٤- فرەداهاتی دارایی و ئابووری لە کوردستان فەراهەم دەکات،٥- پەرەپێدان و پێشخستنی کەرتەکانی دیکە لە هەرێم(کشتوکاڵ و پیشەسازی و خزمەتگوزاری و وزەی مرۆیی) لەمیانی تەرخانکردنی بەشێك لە داهاتی نەوت و غاز بۆ پاڵپشتیکردنی کەرتەکانی دیکە،٦- هەروەها کوردستان دەبێتە هۆکارێك بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی بنەماکانی بنیاتنانی دەوڵەتی کوردستان و بەهێزکردنی هاوکاریی و پەیوەندییەکانیکوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی ئیقلیمی و جیهانیدا.

جا لەبەر ئەوە داوا لە حکومەتی هەرێم و لایەنی پێوەندیدار بە گەل و حکومەتەوە دەکەین زیاتر کار لە بواری کەرتی پیشەسازیی نەوت و غازدا بکات و هەموو ئامانج و مەبەستی لە پێناو (دەوڵەتی کوردستان)دا بێت، ئەمەش لە میانی:

١- پێکهێنانی پرۆسەی پەلەکردن لە دامەزراندنی دامەزراوە دەستوورییەکان لە بەڕێوەبردنی نەوت لە کوردستان تا بتوانن ئەم کەرتە بەڕێوەببەن بە شێوەیەك کە لە رووی دارایی و دابەشکردنی دادپەروەرانە و دەستەبەرکردنی بوودجەی پێویست زیاتر سەرکەوتووبن و هاریکاری حکومەتی هەرێم بن لە بەرەنگاربوونەوەی ئاڵۆزی و ئاستەنگ و مەترسی و قەیرانەکان کە بەرەوڕووی هەرێم دەبنەوە، لە پێناو زامنکردنی بەردەوامیی کاروانی پێشکەوتن و بنیاتنان و بەدیهێنانی ئامانجەکان بە کەمترین زیان.

٢- دامەزراندنی کۆمپانیای کوردستان بۆ غازی سرووشتی لەبەر ئەوەی کە هەرێمی کوردستان بە یەدەگی غاز زۆر دەوڵەمەندە، هەروەها رۆڵی غاز لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی زیادیکردووە وەك چاکترین سەرچاوەی وزەی پاك و ژینگەدۆست، هاوکات رۆڵی لە بوارە جیاجیاکانی پیشەسازییدا کە دەبێتە سەرچاوەگەلی دارایی و ئابووریی و بنەماکانی بنیاتنانی دەوڵەتی کوردستان.

٣- دامەزراندنی کۆمپانیای کوردستان بۆ غازی سرووشتیی( بەر لە واژۆکردنی هەر رێکەوتننامە یان گرێبەستێك) لەگەڵ هەر لایەنێك کە بەرپرس بێت لە بەڕێوەبردنی کەرتی غازی سرووشتی لە هەرێم کە بتوانێت هەموو کەموکوڕیی و هەڵەو نەرێنییەکان بەلاوەبنێت کە لە ئاکامی واژۆکردنی گرێبەستەکانی نەوت لەگەڵ کۆمپانیاکان بەر لە دامەزراندنی دامەزراوە پێوەندیدارەکان لە بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت لە کوردستان هاتۆتەدی.

٤- گرنگیدان بە پیشەسازیی نەوت و غاز داهاتی هەرێم لەو دوو سامانە بەرزدەکاتەوە بە نزیکەی ٣-٨ ئەوەندەی داهاتی نەوتی خاوو غازی سرووشتی، بەمەش هاووڵاتیانی کوردستان سوود لەو گۆڕانکارییە وەردەگرن لە حاڵەتی دەستەبەرکردنی دابەشکردنی دادپەروەرانە لە پەرەپێدانی جوگرافیی هەموو شارو شارۆچکەو گوندەکانی کوردستان.

---

*** راوێژکاری وزە لە ئاژانسی پاراستنی کوردستان**

**ناکۆکییە دارایی و نەوتییەکان و نەبوونی متمانە لەنێوان بەغداو هەولێر هۆکارێک بوو بۆ لەدەستدان و لاوازبوونی شەفافییەت و زانیاریی نەوت لە هەرێمی کوردستان**

**بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی دەرهێنان و پیشەسازیی غاز پێویستی بە سیستەم و بەرنامەگەل و تەکنەلۆجیای پیشەسازیی غازی سرووشتی هەیە، هەروەها سوودوەرگرتن لە شارەزای جیهانی لە هەموو بوارەکانی پەیوەست بە غاز و پیشەسازییەکانی لەجیاتی هەناردەکردنی غاز**